د. ئەندازیار کارل میولەر

# کاروانسەراکانی ڕۆژهەڵات

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە
عەبدولموئمین دەشتی

د. ئەندازیار کارل میولەر

# کاروانسەراکانی ڕۆژهەڵات

وەرگێڕانی

**عەبدولموئمین دەشتی**

سلێمانی \ ٢٠٠٢

**ناوی کتێب:** کاروانسەراکانی ڕۆژهەڵات

**ناوی نووسەر:** د.ئەندازیار کارل میولەر

**ناوی وەرگێڕ:** عەبدولموئمین دەشتی

**بابەت:** لێکۆڵینەوەی ئەتنۆگرافی

**مۆنتاژ:** سەیران عەبدولرەحمان

**هەڵەچن:** هەوار شەریف

**تیراژ:** ٣٥٠ دانە

**ژمارەی سپاردن :** ی ٢٠٠٢

**زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (١٨٧)**

**www.sardam.org**

کاری ئەو وەرگێڕانەم پێشکەشی ئـەو خوێندکـارە خۆشەویسـتانە دەکەم، کــە ئێسـتا یـان لـە ئـاییندە لـە زانسـتگاکانی کوردسـتان دەخوێنن و پەیوەندی دوور و نزیکییان لەگەڵ باتەتی ئــەو کتێبــەدا هەیـە یـان دەبێت. هیـوادارم بـۆ سـودگەیاندن بـە زانسـت و بــە وڵاتەکەمان سوودی تێ ببینن.

عەبدولموئمین دەشتی

بەرلین

٢٠٠٠/١٣/١٥

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ٧ |
| پێشـــــەکی دانـــــــەر | |
| ١٣ | |
| I له بارەی مێژووی کاروانسەراوە | ١٥ |
| II کاروانسەرای سەر ڕێگای وڵاتەکان | ٢١ |
| أ-میزۆپۆتامیا و ئێران | ٢١ |
| ب-ئاسیای بچووك | ٦١ |
| ج-دامودەزگای بچووکی هەمەجۆر | ٦٨ |
| III کاروانسەرا شارییەکان | ٧١ |
| أ-دەزگا والآکان | ٧١ |
| ب-دەزگا داپۆشراوەکان | ٩٠ |
| ج-میسر و هیندستان | ٩٨ |
| IV دەزگاکانی کاروانسەرا | ١٠١ |
| أ-مزگەوت | ١٠١ |
| ب-بیری ئاو | ١٠٥ |
| ج-پشتیر و ژوورەکانی حەوانەوە | ١١٠ |
| د-ئاودەستخانە | ١١٥ |
| دوا وشە | ١١٩ |

| | |
|---|---|
| تەختەی وێنەکان | ١٣١ |
| زانیارییێکی کەم لە بارەی چەند کاروانسەراییێکی کوردستان | ١٤١ |
| خانەکانی شاری هەولێر | ١٤١ |
| خانەکانی شاری سلێمانی | ١٤٣ |
| باسی هەندێ کاروانسەرای تر | ١٤٥ |
| هەندێك لە شێوەکانی کەوانە | ١٤٦ |
| هەندێك لە شێوەکانی گومەز | ١٤٨ |
| هەندێك بەشی خانوو | ١٤٩ |
| پەراوێزەکان | ١٥٠ |
| ناوی چاوگەکان | ١٥٥ |

# پێشەکی وەرگێڕ

کە لە یەکەم موحازەرەدا لە وانەی "نەخشەدانان"ی بەشی ئارشیتێکتۆری دانشگای تەکنۆلۆجیای بەرلین بەشداریم کرد، ئەو پرۆفیسۆرەی کە موحازەرەکەی پێشکەش دەکرد بە جەفەنگبازی وتی: "ئارشیتێکتۆری زانستێکە دەم لە هەموو زانستەکانی دەدات و هیچیشیان تەواو ناکات". ڕاستی ئەو بۆچوونە زوو بۆ من ئاشکرا بوو: مێژوو دەخوێنیت نابیت بە مێژووناس، ماتماتیک دەخوێنیت نابیت بە ماتماتیکەوان، یاسا دەخوێنیت نابیت بە یاسازان، هونەر و مێژووی هونەر دەخوێنیت نابیت بە هونەرمەند، ئەندازەی بینا دەخوێنیت نابیت بە ئەندازیار، ئابووری دەخوێنیت نابیت بە ئابووریزان، فیزیا دەخوێنیت نابیت بە فیزیازان.. هتد. هەر بۆیەشە ئەوەی ئەو بەشە لە ئەڵمانیا بخوێنێت، سەرنجی بە زۆر گۆشە زانستی جیاجیا گوزەر دەکات. منیش کە خۆم زۆر شەیدای شتی ئەنتیك و کۆنینەم، وە هەمیشە وام زانیوە کە گیانی مێژووی شێوێنراوی نەتەوەکەی ئێمە لە شتە کۆنینەکان دەدۆزرێتەوە، هەمیشە بایەخی تایبەتیم داوە بە شتە کۆنینەکان، بە تایبەت ئەگەر نووسراوێکی کۆنم کەوتبێتە بەر دیدە، ئەوا بایەخی تایبەتم پێداوە. بۆیەشە جار بەجار کە ڕووم لە کتێبخانەی بەشی ئارشیتێکتۆری دەکرد، پتر سەیری کتێبە کۆنینەکانم دەکرد وەك لە نوێکان. ئەوانەی کە مێژووی چاپکردنیان دەگەڕانەوە سالە کۆنەکان، کتێبە ئەوروپاییەکان زۆربەیان لە پاشەکییەکانیاندا پێڕستیان هەیە، بۆیە بەر لە هەموو شتێك لە پێڕستەکانیان بە دوای وشەی کورد و کوردستان و ناوی شارو لادێکانی کوردستان گەڕاوم و ئەگەر شتێکم کەوتبێتە بەرچاو کە پەیوەندی دوور و نزیکی بە خۆمانەوە هەبووبێت، ئەوا بە تایبەت خوێندوومەتەوە. بەو شێوەش وشەی (کاروانسەرا) لە کەتەلۆگی کتێبخانە سەرنجی ڕاکێشام و وای کرد زۆر لاپەڕە لە بارەی کاروانسەرا بخوێنمەوە. چونکە لای من ئەو وشەیە کوردییەو وشەیەکە لە سەردەمی

منداڵیدا لە هەڤایەتە کوردیەکان پێی ئاشنابوومە. ئەو وشەیەش ئەو کتێبەی پێناساندم و خوێندمەوە.

لە بەشی ئارشیتێکتۆری ئەرکە دەرسێکیمان هەبوو بە ناوی (تیۆریەکانی ئارشیتێکتۆری)، دوو ساڵ بوو بەشداری موحازەرەکانیم دەکرد، نەدەوێرام خۆی لێ بدەم و تاقیکردنەوەکەی بە ئەنجام بگەیەنم، ئەو پرۆفیسۆرەی کەئەو وانەی دەگوتەوە پرۆفیسۆرێکی میوان بوو، لە ڕۆژئاوای ئەڵمانیاوە دەهات بۆ بەرلین و موحازەرەکەی خۆی دەگوتەوەو دەگەڕاوە. زۆربەی وانەکانی خۆم هی پێش دبلۆم کۆتایی پێهێنابوو، وانەی (تیۆریەکانی ئارشیتێکتۆری) مابوو، ڕۆژێکیان چووم بۆ بیرۆی ئەو پرۆفیسۆرەو داوای دیدەنی پرۆفیسۆرم کرد، بیرۆکەی لە بینایێکی کاتی بوو، چونکە بە هۆی بوونی ماددەی ئەزبێست لە کۆ نە بینای بەشی ئارشیتێکتۆری، کە لەم ساڵانەی دوایی بە هۆی مەترسی بۆ تەندروستی قەدەغەکرابوو، هەموو ئینستیتۆکانی بەشی ئارشیتێکتۆریان لەو ساڵە لە بەرلین بەسەر شوێنی جیاجیا دابەش کردبوو، بەشەکەی ئەو کەوتبووە شوێنێکی دوور لە ناوەڕاستی شار لە خانوێك کە هی فیرمای زیمینس بوو، وە کافێتێریای لێ نەبوو. سکرتێرەکەی کاتێکی بۆ دانام، کاتێ چووم بیبینم پرۆفیسۆر لە چوونەدەرەوە بوو، وتی وەرە لەگەڵم دەچینە قاوەخانەیەك لە دەرەوە هەرچیت هەیە لەوێ باسی دەکەین. ئیتر پێکەوە چووینە قاوەخانەیەکی تەنیشت بیناکەو داوای سەرو قاوەو پارچە کێکێکمان کرد. بە دەم قاوە خواردنەوە وتی بڵێ چ کارێکت بە من هەیە، منیش پێم وت، دەمەوێت ڕاستێك هەیە پێتی بڵێم، وتی فەرموو، وتم ئەوە دوو ساڵە من سەردانی موحازەرەکانی تۆ دەکەم، بەڵام شتێکی زۆر کەم لە موحازەرەکانی تۆ گەیشتووم یان نا، بۆیەشە ئێستا دەرسی تۆ ماوەتەوە کە تاقیکردنەوەی لێ بکەم، بۆ ئەوەی خۆم بۆ کاری دبلۆمەکەم ئامادە بکەم. پرۆفیسۆر پێکەنی و وتی، هەر تۆ نیت کە لە موحازەرەکانی من ناگەیت، زۆربەی زۆری خوێندکارەکان لە موحازەرەکانی من ناگەن. ئەوە گیروگرفت نیە بۆ تاقیکردنەوە. تۆ کە خەڵکی عێراقی تێمایێکی لای خۆتان بۆ تاقیکردنەوەکەی دەرسەکەی من هەڵبژێرە. وە ناوی چەند تێمایێکی پێشنیار کرد، یەکێك لەوانە پەیوەندی بە مەلحەمەی گلگامێش هەبوو. بەڵام من پێم

ووت چەند بابەتێکم لەسەر کاروانسەرا خوێندۆتەوە، شێوازی بیناکانی کاروانسەرا سەرنجی ڕاکێشاوم، ئەگەر ئێوە ڕازی بن بۆ ئەو دەرسە ئەوە دەکەمە تێمای تاقیکردنەوە، پرۆفیسۆر زۆری پێ باش بوو، لە کاتی جێهێشتنی قاوەخانەکە چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد پرۆفیسۆر کە بە تەمەن و پایە زۆر لە من گەورەتر بوو، پارەی کێك و قاوەکەی منیش بدات، دیارە من شەرمم کرد خۆ ڕەپێش بکەم، بەڵام دیار بوو وا ناکات، بۆیە ناچار وەکو ڕۆژهەڵاتییەك ویستم پارەی خۆم و ئەو بدەم، وتی نا ئەوە دەتەوێت بەرتیلخۆرم بکەیت، کەی لە تاقیکردنەوە سەرکەوتی ئەوسا قەیناکا، ئێستا هەرکەس پارەی خۆمان دەدەین.

ئیتر کەوتمە وانەکردن و شیکردنەوەی نەخشەکانی کاروانسەرا، چەقی قورسایی وانەکردنەکەم بریتی بوو لەوەی چۆن دەتوانین نەخشەکانی کاروانسەرا بۆ بینا مۆدێرنەکان بەکاربهێنم، دەها سکیتسەو وێنەم بۆ ڕۆژی تاقیکردنەوە ئامادەکردبوو، ئەوەم پیشاندابوو کە ئارشیتێکتۆرەکانی لای خۆمان نەدەبووایە ئەوەندە هەوڵی لاساییکردنەوەی خانووە ڕۆژئاواییەکان بکەنەوە، کاروانسەرا یەکێکە لەو بینا ڕۆژهەڵاتییە کۆنانەی کە دەکرێت بە دەسکارییێکی کەمەوە ئیلێمێنتەکانی بۆ زۆر بینای هاوچەرخ بەکاربهێنرێت، لەوانە من نەخشە بنەڕەتیەکانی کاروانسەراکانم کەمێك گۆڕی بوو، وەك کۆمەڵێك سکیتسە نەخشەی بینای جۆراوجۆرم لێ دەرهێنابوو وەکوو: خانووەکانی بەڕێوەبەرایەتی حوکمەتی (بۆ نموونە شارەوانی، پۆلیسگا..)، مۆزەخانە، قوتابخانە، مەلەوانگە، بازاڕگە...، پێشانم دابوو ئەو ئیلێمێنتانەی کە لە بیناکانی کاروانسەرا هەن ئەمڕۆش چەند لەبار و گونجاون لەگەڵ ئاوهەوای ڕۆژهەڵات بۆ ئەو جۆرە بینایانە، ئیتر مەدحی خۆم نەکەم پرۆفیسۆر و ئەو دوو چاودێرەی کە لەگەڵی بوون زۆر لە تاقیکردنەوەکەم ڕازی بوون و بە پلەیەکی زۆر باش لەو دەرسە ڕزگارم بوو، کە زۆری لێ دەترسام. پاشتر کە لای خوێندکارەکانی هاوڕێم باسی ئەوەم گێڕایەوە، هەموو پێیانخۆش بوو، خوێندکارێکی تورك کە ناوی (هاڕون) بوو، چووبووە لای پرۆفیسۆرەکە وتبووی منیش لەو تێمایە تاقیکردنەوەی خۆم دەکەم، کاتێ بۆ ڕۆژی تاقیکردنەوە چووبوو، سەرنەکەوتبوو، پرۆفیسۆر پێی گوتبوو: "بڕۆ لای (هێر ئەحمەد) واتە لای من "با پێت بڵێت تاقیکردنەوەی دەرسەکەی من چۆنە!"

ببوورن كه هەندێكیش مەدحی خـۆم كـرد، حـەزم كـرد ئـەو باسـه هـەر بـۆ خۆشـی بگێڕمەوه، نەك بۆ خۆ هەڵكێشان.

یـەكێك لـەو كتێبانـەی كـه بـۆ ئـەو تاقیكردنـــەوه زۆر ســوودم لێ وەرگرتبــوو، ئــەو كتێبەی بەر دەستی خوێنەره، هەر زوو بڕیارم دا بۆ خوێنــەرانی كـورد، بـه تایبـەت بـۆ خوێندكارانی بەشی میعماری وەری بگێڕم بۆ سەر زمانه شیرینەكەمان، بـەڵام نـەمزانی ئەوه كارێكی گەلێك سەختە، كاتێك هەستم به سەختی كرد، پەشـیمان بوونـەوه شـەرم بوو، منی ئاواره كه زۆر دوورم له وەستاو كرێكارانی كـورد، لـه كوێ ئـەو هـەموو زاراوه ئارشـیتێكتۆریانه بێتـەوه بـیرم، یـان بیاندۆزمـەوه، دیـاره زۆر زاراوەی ئارشـیتێكتۆریش هەن، لەوانەیه لـه زمـانی كـوردی گـوم بووبـن، یـان هـەر نـەبووبن، ئـەو هـەموو جـۆری كەوانه و گومەزانەی كه له زمانه ئەوروپاییەكان هەن، بەهەرحاڵ گەیشتمه ئـەوەی كـه زمـانی كوردیـش وەك زمانـەكانی جیـهان پێویسـتی بـه زمـانی تایبـەتی خـۆی هەیـه بـۆ هەریـەك لـه زانســتەكان، كـه بـه ئـەڵمانی پێـی دەگوترێـت (Fachsprache)، ئــەوەش سەربەخۆ نایێته دی، ئەگەر هەركەسێك له ئاست خـۆی بـەپێی توانـاو تایبەتمـەندێتی خۆی هەوڵی بۆ نەدات، تا له دواڕۆژدا بـه هـۆی كۆڕێكی زانسـتی كـوردی، بـه بەشـداری زانایـانی هـەموو بوارەكـانی زانسـت، بـژارو پاكسـازی دەكـرێ، مـن بـه پێـی توانـای خـۆم ویسـتوومه لـه وەرگێڕانی ئـەو كتێبـه بـەو ئاراسـتەیه لـه مـەیدانی میعمـاری هـەندێك هەوڵبدەم، وه سوودی زۆرم بۆ ئەمه له لاسایی كر دنەوەی زمانی ئەڵمانی وەرگرتووه، له زمـانی ئـەڵمانی بـۆ ناونـانی فۆرمـی جەسـتەكان زۆر وشـەیان لـه جەسـتەی مـرۆڤ یـان گیاندار و ڕووەك گواستۆتەوه بـۆ نـاو ئـەو زانسـتە، بـۆ نموونـه (schwanenhals- bogen كەوانـەی گـەردەن قـازیی) كـه بـه كەوانەیـەك دەگوترێـت كـه لـه شـێوەی ملـی قازدایـه، منیش له كاتی پێویست ئـەو ڕێبـازەم بـەكارهێناوه، بـۆ نموونـه شـێوه كەوانەیـەك وەك شانی مرۆڤه ناوم ناوه: (شانه كەوانه) یان (كەوانەی شانیی). له زمانی زانسـتیدا مانـای وشـەكان مانـای ئاسـایی نـادەن، بــۆ نموونــه كــاتێك مــرۆڤ كتێبێكـی ئارشـیتێكتۆری دەخوێنێتـەوه، وشـەی (Raum) (ژوور) مانـای (هـۆده) (غورفـه) نـادات، بــەڵكوو مانــای بۆشاییێكی دیاریكراو (فەزا)یێك دەدات. بەڵام لـه زمـانی ئاسـایی ژوور و هۆدەیـەك مانـا

دەدەن. بەم جۆرە دەبێت لە زمانی زانستی، وشەکانمان بۆ تێگەیشتنی تایبەت دیاری بکەین، یاخود تایبەتمەندێتی بدەین بە وشەکان، ئەوەش تەنها بە دەسەڵات و بڕیاری کۆڕێکی سیاسی دەسەڵاتدار دەبێت، دەنا ئەوەی تر هەموو هەر هەوڵێکی یارمەتیدەر و دانپیانەنراوە.

ئەو کتێبە هەوڵدانێکە بۆ نووسینەوەی مێژووی جۆرە خانوێکی دێرینەی مێژوویی ئارشیتێکتۆری بە زمانی کوردی، چونکە سەرەتایە بێ گومان بێ کەموکورتی نیە، دیارە زاناو خوێندکاران لە ئایندە هەم سوودی لێ دەبینن هەم هەڵەکانی ڕاست دەکەنەوە.

لەو وەرگێڕانەدا هەروەکو لە ئەڵمانیەکەیدا وشەی (خان) و (کاروانسەرا) بە هەمان مانا بەکارهێنراوە، زۆرم پێ خۆش بوو، دەرفەت و توانای ئەوەم هەبووایە کە شارو گوندەکانی کوردستان بگەڕابام و وانەکردنێکی تایبەتی کاروانسەرا یان خانەکانی کوردستانم کردبایەو لەگەڵ ئەو کتێبە لە یەك بەرگدا چاپم کردبا، بەڵام ئەوە کەی و چۆن بەیەك کەس و بۆ ئاوارەیەکی دوورە وڵات دەڕەخسێت؟ خەون و خەیاڵە! بە داخەوە لە کتێبخانەی کوردیشدا تا ئێستا لێکۆڵینەوە و پشکنینی مێژووی بیناسازی و ئارشیتێکتۆری کوردستان بە دەگمەن باسی لێ کراوە، لە کوردستان مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف یەکێکە لەو زانایانەی کە زوو لە بەرهەمەکانی ئاوڕی لەو لایەنەش داوەتەوە. بەداخەوە لە هەندێ کتێبی کوردی ناوی هەندێ کاروانسەرا هاتووە، بەڵام جگە لە ناوهێنان و زانیارییێکی کەم شتێکی تریان لە بارە باس نەکراوە و بە باشم زانی ئەو کەمە زانیاریەش لە کۆتایی ئەو وەرگێڕانەدا لە چەند لاپەڕەیەك وەکو خۆیان بنووسمەوە. بەڵکوو لە دواڕۆژ لێکۆڵەرەوان بە دوای بکەون و سوودی لێ ببینن. بەڵام نەمتوانی باسێکی تایبەت لە بارەی کاروانسەراکانی کوردستان بنووسم. لەگەڵ ئەوەش هەر باشە چەند خانێکی کوردستان و عێراق لەو کتێبەدا لێی کۆڵدراوەتەوە، ئەوەش هەر جێگەی سەبووری دەروونە.

بۆ یارمەتی خوێنەر لە کۆتایی وەرگێڕانەکەدا هەندێك لە جۆرەکانی کەوانە و گومەز و بەشەکانی تری خانووم بە هێڵکاری پێشانداوە، ئەگەر خوێنەر بەر لە

خوێندنەوەی کتێبەکە تەماشاییکیان بکات، بۆ تێگەیشتنی مەبەستی هەندێك لە زاراوە کوردییە تازە بەکارهاتووەکان سوودی لیٚ وەردەگرێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم، چونکە من بۆ ماوەی ساڵێك (١٩٩٨) لەگەڵ چەند ئەندازیارێك لە پاراستنی شوێنەوارە کۆنەکانی بەرلین کاری دۆکۆمێنتاری مەیدانیم کردووە، دەمەوێت ئەوە بە دڵنیایی بڵێم کە خوێندنەوەی ئەو کتێبە سوودێکی زۆر بەو کەسانە دەگەیەنێت کە لە مەیدانی پاراستنی شوێنەوارە کۆنەکان خەریکی خزمەتکردنن.

هیوادارم بەو کارەم توانیبێتم خزمەتێکی سادەی زانست و گەلەکەی خۆم کردبێت.
لە ساڵی ١٩٩٥ خەریکی وەرگێڕانی ئەو کتێبەم، جارێکیان تەواو ببوو، کۆمپیوتەر هەمووی لەناوبرد، باش بوو بەشێکیم لەسەر کاغەز بە دەستخەت مابوو، ئەم ساڵ تووشی بوومەوە و بەو شێوەیەی بەردەست ئامادەم کردەوە و ئەمڕۆ بە نووسینی ئەو پێشەکییە کۆتایی پیٚ دەهێنم.

**عەبدولموئمین دەشتی**

**بەرلین**

**ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠**

# پێشەکی دانەر

لە ڕۆژهەڵاتدا لە پاڵ مزگەوت و فوتابخانە ئاینییەکان کاروانسەرا شوێنێکی گرنگی لە ژیانی گشتیدا داگیرکردووە، بە تایبەت بۆ کاروانچی و موسافیرانی بازرگانی و ئەو کەسانەی سەردانی حەج دەکەن. بەڵام تا ئێستا جگە لە باسە کورتەکەی (زارێ) لە سەفەرنامەکەی بۆ ئاسیای بچووك[1] لە ١٨٩٥، شتێکی ئەوتۆ لە بارەی مێژووی پەرەسەندنی کاروانسەرا لە هیچ شوێنێك نەنووسراوە. ئەوەی بڵاوبووەتەوە تەنها تاکو تەرایەك هەواڵ و وێنەن، کە زۆربەیان وێنەی فۆتۆگرافین و لە لایەن موسافیران گیراون، ئیتر هیچ لێکۆڵینەوە و زانیاریەك بڵاونەکراوەتەوە. جا سەبارەت بەوەی وردە وردە شێوازی خانوبەرەی کۆن لە رۆژهەڵات ونددەبێت و هوتێلی ئەوروپیانە و مەغازەی سەرگیراو بە تۆتیای دەندەیی جێگەیان دەگرنەوە، من هەوڵی ئەوەم دا کە لە تێکەڵی ئەو وێنانەی کە لە کتێبان دەستدەکەون لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە لە لای خۆم کۆمکردوونەتەوە ڕوانگەیەك لە بارەی تەرزەکانی کاروانسەرا لە نموونە هەرە کۆنەکانی، کە تا ئێستا ماون، بهێنمە ئارا، ئەگەریش زۆربەی بەشەکانیان وێران بوونە.

لە ساڵەکانی ١٩٠٢-١٩١٢ ئەوکاتەی کە لە گەشتێکی زانستی بۆ هەڵکۆڵین وەکو ئەندامی (کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانی) لە بابل بووم، ئەو هەلەم قۆزتەوە و لە بەهاری ١٩١٢ لە بابلەوە بە ڕێگای موسڵ و دیاربەکر سەفەرێکی لێکۆڵینەوەم بەرەو حەلەب کرد، لە لاییکی تر لە پایزی ١٩١٢ تا کانوونی دووەمی ١٩١٤ بە هۆی مانەوەم لە ڕۆژهەڵات لە گەشتی زانستی (تەل حەلاف) (Tell- Halaf Expedition) لەگەڵ د. ماکس فرایهێرن فۆن ئۆپنهایم، هەروەها لە کاتی جەنگیشدا کە من سەر بە لەشکری (ف) بووم و کەوتبوومە تورکیا، توانیم بەو هۆیانە لێکۆڵینەوەکەی خۆم تەواو دەوڵەمەندتر

بکەم. زۆربەی ئەو نەخشە و نیگارانەی کە وەرمگرتوون ناوی چاوگەکانم هێناون، ئەوانەی تریش خۆم بە بەکارهێنانی پێوەر پەتێکی[٢] بیست مەتری ئامادەم کردوون. لەهەر شوێنێك پێویستی کردبێت زاراوەی عارەبیم بەکارهێناوە و هەندێکیانم لە ئۆ. ڕۆیتەر وەرگرتووە. ناوی خانووەکانی بەغدا و شارەکانی تری عێراقم بە تەواوی وەکو فۆنەتیکەکانیان نووسیوەتەوە و سیستەمی گواستنەوەم بۆ وشەکان بەکارنەهێناوە (Transkriptionssystem).

سوپاسی تایبەتیم پێشکەشی د. ڕۆیتەر دەکەم، وێنەکانی خانی (ئۆرتمە)م لەو وەرگرت و ئەوەش بووە هاندانێکم بۆ ئەو کارە. ئەو وێنە و نەخشانەی ناوچە شاخاویەکانی (تەقتەق) و هی خانی (ڕەققە) کە لە گەشتی زانستی د. ماکس فرایهێرن فۆن ئۆپنهایمم وەرگر تووە، ئەوە یەکەمجارە لێرە بڵاودەکرێنەوەو بابەتەکەیان زۆر بۆ دەوڵەمەند کردم. لەگەڵ ئەوەی بڵاوکردنەوەی نووسراوەکانی لە بارەی ئەو سەفەرە بە هۆی شەڕ بۆ کاتێکی نادیار دواکەوت، بەڵام خۆشەویستانە بەڕێزیان ڕێگەیان دام ئەو وێنە و نەخشانە لێرە بڵاوبکەمەو ە. هەر لە کاتی شەڕدا توانیم لە ڕاوێژکاری نهێنی د. ڤایگند، کە بە ڕێوەبەری کۆماندۆی پاراستنی پاشماوەکانی بیرەوەری سەر بە سوپای سوریا و ڕۆژئاوای عەرەبی بوو، نەخشەکانی خانی (ئەسعد پاشا) وەربگرم، کە لە لایەن کۆمۆندۆکانی بەڕێزان د. ڤۆلتسینگەر و پرۆفیسۆر ڤاتسینگەر ئامادەکرابوون. بۆ نەخشە و پلانە وەرگیراوەکان ئاماژەم بۆ چاوگەکان کردووە.

بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە لە ناخی دڵمەوە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە بکەم کە بە ئامۆژگاری یان بە کردەوە یارمەتیان داوم.

**کارل مویلەر- بەرلین پایزی ١٩١٩**

# I

# لە بارەی مێژووی كاروانسەراوە

(خـان) یـان (كاروانسـەرا) دەزگـاییێكی زۆر دێرینـی وڵاتــانی ڕۆژهەڵاتــە، ئــەوەندەی كەلتوور و بازرگانی و هـاتوچۆكردنی ڕۆژهـەڵات دێرینـە. لـەمێژە هـێرۆدۆت لـە بـارەی شـاڕێگای نێـوان سوسـا (Susa)[٣] و سـارداس (Sardes)[٤] بــەرەو ئیفســوس (Ephesus)[٥] باسی كردو وە: "جوانترین شوێنگەی هەسانەوە و خەوتن" نزیكە ٣٠ تا ٤٠ كیلۆمەتر لە یــەكتری دوور دروســتكراون. هـێرۆدۆت دەگێڕێتــەوە، كــە لــە هــەندێ شــوێندا بــۆ پارێزگارییان لە دزی و ڕاو ڕووت، پاسگاو قوللەیان بۆ دروستكراوەو، لـە هـەمان كـاتدا وەكوو بنكــەی پارێزگـاری و خزمـەتگوزاری پۆسـت سـوودیان لێ وەردەگـیرێت. لـە ڕێگـاو بانەكانی سوریاش چاوی بە دام و دەزگای لەو چەشنە كەوتووە كە لە لایــەن (Curys)[٦] كوروس دروستكراون.

لە سەردەمی ڕۆمەكان، لەو وڵاتانەی كە لەژێر دەسەڵاتیاندا بـوون، شـێوە دەزگـایێك دروستكراوە پێیان گوتووە هەوارگەی (مەنزڵگا) حەوانەوە (Mansiones Veredarioum)، كـە لـە دووراییـی ٧٥ كیلۆمـەتر لـە یـەكتری دروسـتكراون و شــوێنگەی حەوانــەوەی موســافیرانیان تێـدا دابـین كـراوە و هـەروەها تەوێڵـەیان بـۆ وڵاخـی پەیتووكــەكانی خزمەتگوزاری پۆست تێدا هەبووە. لە سەرەتادا ئەم هەوارگانـە هـەر خـانووی دەوڵـەتی بوونە و بە شێوەیەكی سەرەكی بۆ خزمـەتی فەرمانبـەرانی دەوڵـەت تـەرخانكراون، بـە فەرمانی (لێكس یولی Lex Julii ) بە خۆڕایی تێدا حەواونەتەوە. بــەڵام ڕێبـواری تریشـی بـەكرێ تێـدا حەوێنراوەتـەوە. (سیسـەرۆ Cicero) لـە نامەیـەكی خۆیـدا بـۆ (ئــاتیكوس Attikus) سەبارەت بە سەفەرەكەی بۆ (كیلیكیا Kilikien) نووسیویەتی: "بزانە! شـتێكی وەكوو (كا) یان ئەو شتانەی كە بە پێی یاساكانی یولیایی دیاری كراون، كە بـە خۆڕایـی

بیبەخشن، نایدەن بە ئێمە، تەنانەت (دار)ی سووتانیشمان پێنادەن، جگە لە چوار دیوار و بنمیچێك کەس هیچی تر وەرناگرێت، لە گەلێك جێگایانیش بنمیچەکەش نیەو خەڵك لە چادردا دەمێننەوە".

لە سەردەمی بێزەنتی‌یەکاندا لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ئەورووپاش کاروانسەرا هەبووە، کە تا سەدەکانی ناوەڕاستیش هەر مابوون و پەرەیان دەسەند، لە سەدەکانی ناوەڕاست پێیان دەگوتن "Xenodochin)[٧]. ماوەی نێوان ئەو کاروانسەرایانەی کە لەسەر ڕێگاکانی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆری گەورەی قەیسەرەکانی بێزەنتی دروست کرابوون نزیکە ٥٠ کیلۆمەتر بووە. (مارکۆپۆلۆ) لەو بارە بە درێژی باسی کردووە: "کە چۆن لەو شوێنگایانەی کە لەسەر هەموو ڕێگاوبانی ولاتەکان، بۆ خزمەتگوزاری ئەسپ و ماینی پەیك و هەواڵبەران تەرخانکراون، خەرجی داوا دەکرێت".

لە (کامبول)وە ڕێگاکان بەرەو هەرێمە جیاجیاکان دەچن، لەسەر هەر ڕێگایێك هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، واتە لەسەر هەر شارێگایێك بە دوورایی ٢٥ یان ٣٠ میل، وەك هەلکەوتەی شارەکان، بنکەو خانوو بۆ خزمەتگوزاری ڕێبوار و بیانی‌یان دامەزرێنراون، کە پێیان دەلێن (جامب Jamb) یان "پۆستەخانە". ئەوانە جۆرە خانووێکی فراوانی خنجیلانەن، ژووری ڕازاوەی هەمەجۆریان تێدایە، بە شێوەیەك کە خەلکە پارەدارەکان ناتوانن فەرامۆشی بکەن، تەنانەت دەتوانرێت پاتشاکانیش بە جوانترین شێواز لەو بنکانە شەو بەسەربەرن، چونکە دەتوانرێت شار و شوێنە هاوسێکانیان هەموو پێویستی‌یەکانی ژیان دابین بکرێت، بنەکەکان خۆیان مشووری زەخیرەو پێویستی یەدەك دەخۆن. لەهەر بنکەیەك ٤٠٠ ولاخی بەرزەی چاك هەمیشە ئامادەیە، بە جۆرێك کە ئەو پۆستەچی‌یانەی کە بۆ کاروبارەکانی جەنابی پاتشا دێن و دەچن و ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە، دەتوانن ولاخە ماندوو شەکەتەکانیان بە ولاخی تازەنەفەس و هەساوە بگۆڕنەوە. تەنانەت لە ناوچە شاخاوی‌یە دوورەدەستەکانیش، ئەوانەی لە دووری شارێگاکان هەلکەوتوون، لەو شوێنانەی کە هیچ ئاوەدانی‌یەکی لێنیەو شارەکان دوور لە یەکتر هەلکەوتوون، جەنابی پاتشا بە هەمان شێوە خانوبەرەی دروست کردووەو، لەو خانووانە هەموو پێویستی‌یەکان و هەمان ژمارە ولاخی بەرزە

ئامادەن. ئەو خۆی خەڵکی تایبەتی ڕادەسپێرێت، تا لەوێ نیشتەجێ ببن و لەسەر زەوی ـەکانی ئەوێ خانوبەرە بنیات بنێن و ئامادەی خزمەتگوزاری پۆستەچی‌یەکان بن، بۆ ئەوەی بەو هۆیە ئاوایی گەورە گەورە بێنە ئاراوە. لە سنووری ئیمپراتۆری‌یەکەی، ژمارەی ئەو ئەسپ و ماینانەی کە لە خزمەتی بەڕێوەبردنی کاروباری پۆست دان، لە ٢٠٠٠٠٠ کەمتر نین و، لەگەڵ ١٠٠٠٠ خانووش بە هەموو پێویستی‌یەکانەوە..

لە نێوانی ئەو بنکانەی کە لە سەرەوە باس کران، لە ماوەی ٣ میل ڕێگا، ئاواییێکی بچووك دامەزرێنراوە.. لەو ئاواییانە (پەیکە خێراکان) نیشتەجێن".

وشەی (جامب)، کە لێرە بۆ کاروانسەرا بەکارهاتووە، بە پێی تێبینی‌یەکی د. لێمکە لێکۆڵەرەوەی گەشتەکانی مارکۆپۆلۆ، وشەیەکی مەنگۆلی‌یە و لەگەڵ هەمان وشەی ئێرانی (جەم Jam ) کە بە مێوانخانە یان پۆستەخانە گوتراوە، یەك شتن[9]. لە هەمان شوێندا باسی ناردەیەکی (شاه رۆخ Schah Rokh) کراوە. "(کاتاژەر (قاجار؟ Katajer) خۆشحاڵتر دەبوو، هەرچەند پتر لە کاروانسەرای پایتەخت نزیك دەکەوتەوە. تا ئێوارەییێکی درەنگ، (جام)ێکی دۆزی‌یەوە، واتە خەوگاییێکی باش.."

لە نووسینێکی سەدەی چوارەمی سەر دیواری خانی (ئورتمە Ottma)ی بەغدا[10]، بەو بینایە بە (الجم) ناوبراوە، تا ئێستا، ئەوەتا کە خانی ناسراوە بەوناوە. کاروانسەراکانی ئەمڕۆی ئێران بە (چەپەرخانە) ناودەبردرێن.

واتە کاروانسەرا نەك تەنها هەر لە وڵاتانی دەریای ناوەڕاست و ئەورووپای ڕۆژهەڵات هەبووە، بەڵکوو لە ناوچەکانی (مەنگۆل)یشدا هەبووە. نووسەری ئێرانی، دانەری کتێبی (مێژووی داگیرکەری جیهان) بە پێی (d, Ohsson, Histoire des Mongols I, 406) وا دەگێڕێتەوە: "جەنگیزخان لەسەر شاڕێگاکان بنکەی پۆستی دروست کردبوو، لەسەر شێوازی چینی‌یەکان، تا کاری ناردەو پۆستەچی‌یەکان ئاسان بێت"، تا ئەوڕۆش چینی‌یەکان بە مێوانخانە دەڵێن (تشان Tchan)[10].

کاتێ تورکەکان ناوچەی ئاسیای بچووکیان داگیرکرد، لەو بارە پێویستیان بە داهێنانی شتێکی تر نەبوو، بەڵکوو پەرەیان بەو بیرە کۆنینە داو نوێیان کردەوە. بایی

ئـەوەندەش ئـەقڵیان هـەبوو، کـە بتوانـن نرخـی ئـەو پەسـارگە ئەمینانـە بزانـن و بـەو دەزگایانەش پەیوەندیەیە بازرگانییەکان بپارێزن. ئیتر ئەوان نەك هـەر بایـەخیان بـەو پەناگانەدا، کە هەبوون، بەڵکوو لە هەموو لایێکەوە هی تریشـیان دامـەزراند و پـەرەیان پێ سەندن.

کاروانسـەرای زۆر قەشـەنگ بـە تایبـەت لـە لایـەن سـەلجووقییەکانەوە هاتـە ئـارا، جوانتریشیان ئەوانەی سەردەمی (کەی قوبادی یەکەم ١٢١٩-١٢٣٦) بوون. ئەو پاتشایە زۆر دۆستی زانست و هونەر بوو. ببوو بە پەسار و پەناگای حەوانـەوەی هـەموو ئـەو زانـا و هونەرمەندانەی کە لە دەست مەنگۆلەکان ڕایان کردبـوو. وەکـو دەسـەڵاتدارێکی بـەهێز کۆتایی بە ڕاوو ڕووت و دزی و ڕێگری هێنا. ئـەویش بـە هـۆی دامـەزراندنی شـوێنگە و بنکەی تایبەت بۆ یەکـەکانی سـەربازی، کـە موسـافیر و ڕێبـوار پـەنایان بـۆ دەبـردن و تێیاندا دەمانەوە. بـەوەش توانـی پـەرە بـە بازرگـانی بـدات. هـەروەها بـە دامـەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ بەندەرەکان، ڕێگاییێکی نـوێی بازرگـانیی خـۆش کـرد. لەگـەڵ ئـەوەی زۆر کاروانسـەرا لـە شـاری (کۆنیـە)ی پایتـەخت و شـوێنەکانی تـری ئیمارەتەکـەیدا هەبوون، خانی (سوڵتان)ی بە ناوو دەنگیشی دروسـت کـرد. بـە پـێی نووسـینێکی سـەر دەروازەی ئـەو خانـە، لـەو سـەردەمەدا، نـاوی کاروانسـەرایان بـە (الـدرب) بـردووە، کـە ئەوەش لە ڕاستیدا تەنها مانای (ڕێگا) دەدات.

لە ئێرانیش لە سەدەکانی ناوەڕاست، لە قەراغی ڕێگاوبانەکان، کە بە هەموو لایێکی وڵاتدا کشابوون، کاروانسەرای جوان و ڕازاوە هەبوون. دەڵێن (شـا مـەلیحی ئیبنـی لیـۆن Melih Ibn Leon ) بە (خودانی دەشت و ڕێگا) کان و (خودانـی پـارێزەری ڕێگاوبانـەکان) نـاوبراوە، چونکـە ئـەو دەسـەڵاتی بەسـەر هــەموو ڕێگاکـانی ڕۆژئـاوا، بـەرەو سـوریا و بـەغدا و سـەرووی ئـێراندا شکاوەو سـنووری ئـەو ڕێگاوبانانـەی، کـە ژمـارەیێکی زۆر کاروانسەرایان بەسەرەوە بووە، بە هۆی کەلوو (بورج) و پاسـەوانگا پاراسـتووە. هێشـتان تا ئەوڕۆش کاروانسەراکان نیشانەی ناسینەوەی ڕێگاوبانی وڵاتەکانن و، بارەگـاو مۆڵگـای سـەرەکی بازرگـان و موسـافیرانی ئـەو وڵاتانـەی ڕۆژهـەڵاتن. دووری نێـوان ئـەو کاروانسەرایانەی کە تـا ڕۆژگـاری ئـەوڕۆش لـە ڕۆخـی ڕێگـای کاروانچییـەکان مـاون، بـە

شێوەیەکی گشتی ڕۆژەڕێیەکن، کە لە لایەن کاروانچییەکان بە ٢٥ کیلۆمەتر تەخمین کراوە، بەو شێوەیە ڕێگای نێوان بەغداو حلە، کە نزیکەی ١١٠ کم دەبێت، بە هۆی سێ وەستگاکانی: "خانی مەحموودییە، خانی حەسوە و خانی مەحاویل) دەکرێت بە چوار بەشی نزیکە وەکو یەك. بنکە کۆنەکانی پێشتریش واتە (خانی ئەسەد، خانی بئر النوس و خانی ناسرییە) ڕێگاکەیان کردبوو بە چوار بەش، تەنها بەشی یەکەمینیان کەمێك کورتتر بوو لەوەی ئێستاکەیان، بەرامبەر ئەوەی دواییکەیان سەعات و نیوێك درێژتر بوو. گۆڕانی شوێنگەی ئەو خەوگایانە و دواتر دامەزراندنەوەیان لە جێگای ئێستایان، پەیوەندی بە گۆڕانی سروشتی ئاوگاکان هەیە.

هەر لە سەردەمی ڕۆمەکانەوە خانی وا هەبووە، کە لە خزمەتگوزاری ڕێبوار و موسافیراندا بووە، بەڵام بۆ داکردنی کەلوپەلی فرۆشیاری هەمەجۆریش بەکارهێنراون. لە شام و بەیرووت بەو جۆرە کاروانسەرایانە گوتراوە (قەیسەرییە)، ئەوەش لە (Casarea)وە هاتووە. قەیسەریش بریتییە لە حەوشەیەکی بە کۆگا (فرۆشگا) دەورە گیراو، کە جۆرە کەلوپەلێکی تایبەتی تێدا دەفرۆشرێت. ئەو جۆرە ساختومانانە بە ناوی خاوەنەکەیان، دامەزرێنەرەکەیان، یان بە ناوی جۆری ئەو کەلوپەلەی کە تێیاندا دەفرۆشرێت، ناودەبرێن. بۆ نموونە لە بەیرووت (قەیسەری زێڕینگرەکان- قیصریە الصیاغ) هەیە. لە شارەکانی تر ئەو بینایانە بە (خان) ناودەبرێن، جا بە ناوی کەلوپەلەکانی ناویان، یان بە ناوی ئاواکەرەوەکانیان جیا جیا ناودەبرێن. لە میسر بە کاروانسەراکان دەڵێن (وکاللا-وقف الله wakalla)، ئەوەی ئەوروپییەکان کردوویانە بە (Okella). ئەو جۆرە دامەزراوانە تا وڵاتەکانی ڕۆژئاوایش هاتووە، بۆ نموونە تا (مەراکیش)، لەوێ بەو خانوبەرانە دەڵێن (فندق). هەمان ناو لە وڵاتەکانی قەفقاسیش بەکاردێت.

لە سەردەمەکانی کۆنتر زۆربەی بنکە و شوێنەکانی حەوانەوە لە لایەن دەوڵەت دروست دەکران و بەڕێوەدەبران، ئەو بنکانەش بۆ خزمەتی کاروباری هاتووچۆ و پەیکە خێراکانی دەوڵەت و فەرمانبەران بیری لێ کرابووەوە، بەڵام موسافیر و گەڕیدەو بازرگانەکانیش تێیاندا دەحەوێنرانەوە. پاشتر پاتشاکان ئەو جۆرە دامودەزگایانەیان بە

مەبەستی پەرەپێدانی بازرگانی دادەمەزران و لە سەرتاپای وڵاتدا باری هێمنی و ئاسایشی‌یان بە هۆی کەلوو قەلاتۆکەو بنکەی سەربازی دەپاراست.

لە چەرخی ئیسلامەتیەوە بە دواوە، لەو ساوە کە موسڵمانەکان بە کاروان بەرەو شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلامی دەچوون، کاروانسەراکان بە تەنها لە لایەن دەوڵەت دروست نەدەکران، بەڵکوو لە لایەن خەڵکانی دیار و دەوڵەمەندیش دادەمەزرێنران و دەخرانە ژێر دەسەڵاتی (وەقف)، کە ئەوەش وەزارەتێکی تایبەتی‌یە لە وڵاتە ئیسلامی‌یەکان. "وەقف بریتی‌یە لە قوربانی دانێك، بەوەی کە دەزگایێك لە لایەن دامەزرێنەرێك بە یەگجاری بۆ هەتا هەتا پێشکێشی خودا دەکرا. ئیتر دەبوو بەشێك لە سامانی ئەوقاف"[١١]. بیناکانی ئەوقاف بریتی بوون لە مزگەوت، گەرماو، فرۆشگا، کاروانسەرا، ئەوانەش لە ڕێگای داهاتەکانیانەوە بەڕێوەدەبران، ئەگەر لە شوێنێك داهات نەبوایە، ئەوا بە داهاتی لە خۆزیادی شوێنەکانی تر بەڕێوەدەبرا. ئیتر ئەو دەزگایانە دەبوون بە دەزگای نەفرۆشتەنی. لەو کاروانسەرایانە کە بەو شێوە دروست دەکران، هەر موسافیرێك دەیتوانی بە خۆڕایی بحەوێتەوە، تەنها دەبوایە هەقی خزمەتکردن و پارەی ئالیکی وڵاخەکانی خۆی بدات، ئەگەر خۆی زەخیرەو خۆراکی خۆی پێ نەبووایە. لەسەر ڕێگای میزۆپۆتامیا، لە ئێرانەوە بەرەو بەغدا، کەربەلاو حلە، نزیکە هەموو کاروانسەراکان لەو بابەتە بوون. لە سەدەکانی دواتر هەندێ کاروانسەرا لەسەر شاڕێگا گەورەکانی بازرگانی لە لایەن خەڵکی مرکی (ئەهلی) دروست کران، کە مێوان دەیتوانی بەرامبەر نرخێکی دیاریکراو تێیاندا بمێنێتەوە.

# II
# کاروانسەرای سەر ڕێگای وڵاتەکان

## ١-میزۆپۆتامیاو ئێران

سادەترین شێوەی کاروانسەرا، خانە ڕۆمی‌یەکەی (ئوم ئەلوەلید)ە[١٢]، کە پێکهاتووە لە حەوشەیەکی شێوە چوارگۆشەیی، کە درێژی هەر لایێکی ٣١ مەترە، بەبێ هیچ هاویەکی‌یەك (Symmetrie) دەرگای خانووەکان لەو حەوشە کراونەتەوە، هەر خانوێکیش لە یەك یان دوو هۆدەی هاوسێی ڕووبەر جیاواز پێکهاتووە. هەموو خانووەکان وەکو پەرژینێکی داخراو، بە ڕیز حەوشەکەیان دەورداوە. دەروازەی حەوشەکە دەکەوێتە ناوەڕاستی لای باشوور، لە ئاستی ڕووە لوسەکەی دیواری دەرەوەی کاروانسەراکە نەهاتۆتە دەرەوە. جگە لە شوێنی دەروازەکەی، تەواوی بەشەکانی دیواری دەرەوە لووس و تەخت و بێ گرێ و گۆڵە. خانی (الرقە Al Rakka)ی سەر ڕووباری فوراتیش، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٣ تا ١٤، نزیکەی هەمان شێوەی هەیە (وێنە١). بەڵام لەو کاروانسەرایە، لە ناوەڕاستی لای باکوور و لای باشووری، دوو هۆڵی کراوە ڕووبەڕووی حەوشەکەی هەن. کە لە نێوانی ڕیزی خانووەکان خۆیان وەکو دوو هەیوانی عارەبی- ئێرانی دەنوێنن[١٣]. دەروازەی کاروانسەراکەش بەرەو جادە هەڵکەوتووەو، بە پێچە پلیکانەیەك دەتوانی پێی هەڵبگەڕێیت.




وێنەی ١: خانی ئەڵرەققە

لە لایەن (K. tischer)وە نەخشەکەی وەرگیراوە

(Expedition 1913. Freiherr von Oppenheim)

کاروانسەرای بیزەنتی یان ڕۆمی (ئەلسەبیب)[١٤] یش لە ڕۆژهەڵاتی دەریای مردوو، لە (ئوم ئەلرەئس)، بە هەمان گەورەیی، لە ڕووی شێوازی دەزگاو ژوورەکانی پێك دەچن. بەڵام بە هۆی گۆشە قوڵلەی شێوە چوارگۆشەیی، لە قوژنەکانی، کە درێژی هەر لایێکیان ١,٧٥ مەترە، قەنتەرەیەکی زەبەلاح لە ناوەڕاستی لای باشوور کە بۆ ناوەوە کشاوەتەوە، هەروەها بە هۆی دوو ڕیز پلاستەری ستوونی لەملاولەولایەوە، بە تایبەت تۆخ و سەرنجڕاکێش بووە. (زەردەخان) (وێنە٢ ) لە (تەقتەق) کە لە بەردی شەشپالۆیی نەقاڕکراو لەسەر شێوازی بینای ڕۆمی دروست کراوە، سەرەڕای گۆشەقوڵلەکانی، لە ناوەڕاستی هەر لایێکیشی، قوڵلەیەکی دەرپەڕیوی چوار مەتر بەرین بەرزبۆتەوە، کە لە لای ژوورەوەیاندا لەگەڵ ژوورەکانی تری خانەکە پەیوەستن. گۆشە قوڵلەکان بە دیواری پڕ و ناوئاخنکراو (ناوکاردار) دامەزرێنراون و بەرینیان تەنها ١,٨ مەترە، لە نێوانی

گۆشـەقوللەکان و قوللـە زەبەلاحـەکانی ناوەڕاست لایـەکان، کۆلەگـەی ١،١٠ مـەتر بـەرین وەکـو پشـتیوانەی دیـواری دەرەوە، لـە بـەردی شەشـپالۆیی زۆربـاش نـەقارکراو دروسـت کراون. بە هۆی ڕمان و وێرانییێکـی زۆر، نـاتوانرێت چۆنیـەتی دابەشـبوونی ژوورەکـان لەسەر ڕووی دیواری چواردەوری خانەکە، بخوێندرێتەوە. دەبێت ئەو خانەش هـەروەکو ئەوانـەی تـر لــە ژمــارەیێکی زۆر ژووری درێژکۆلـە پێکـهاتبێت و، گۆشــەی خــوارووی ڕۆژهــەلاتی وەکـو پشـتیری ولاخـان و ژووره بچووکـەکانیش بـۆ حەوانــەوەی مــرۆڤ بەکارهاتبێ ت. شایانی سەرنجە، هەبوونی خانووێك لە ناوەڕاستی حەوشەکەی، کە تەنـها لە ژوورێك پێکهاتووە، لە کاروانسەراکانی تـر نەکەوتۆتـە بـەرچاو. دەڵێـن پێکهاتەیـەکی لـەم چەشـنە لـە (خـانی ئەسـەد)ی بـەغداش هەیـە[١٥]، ئـەو خـانووە یـەك ژووری‌یـە بـۆ پاراسـتنی بـارو کەلوپـەلی کاروانچی‌یـان لــە دەسـتی دزان، سـوودی لێوەرگـیراوە. خـانی ڕۆمـی (ئێغدیـر Eghedir)یـش (وێنـە٣) لـە ناوچـە شـاخاوی‌یەکانی (تەفتـەق)، کـە لـە بەردێکی نەقاڕی باش دروست کـراوە، لەهـەر لایێکی بـاکورو باشـووری‌یەوە قوللەیـەکی بــەرین هەیــە، وە لــەلای ڕۆژهەلاتی‌یــەوە دوو قوللــەی تــەنگ هەیــە، بــەلام لــەلای ڕۆژئاوایـەوە قوللەیـەك و دەروازەیـەکی کـەمێك بـۆ دەرەوە دەرپـەڕیو هەیـە، کـە ڕووی پێشـەوەی، خانەکـە مەیلـەو هاویــەك دابـەش دەکـەن، ئـەو دەروازەیــەش نەکەوتۆتـە ناوەندی ڕووەکە، وەکو لەو جۆرە بینایانە باوە. بەلام چونکـە دیوارەکـانی ئـەو خانـەش زۆر بە خراپی ماون، توانرا تەنها بوونی ڕێزە ژوورێکی دەوری حەوشە ساخ بکرێتـەوە، بەلام نەتوانرا گەورەی و چونیەتی دابەشبوونی هۆدەکان دیاری بکرێن.



**وێنە ٢: زەردەخان لە تەقتەق**

**لە لایەن (E. Rauschenberger)وە نەخشەکەی وەرگیراوە**

**(Expedition 1913. Freiherr von Oppenheim)**



وێنه ٣: خانی ئێغدیر له تەقتەق

له لایەن (E. Rauschenberger)وه نەخشەکەی وەرگیراوه

(Expedition 1913. Freiherr von Oppenheim)

خانی (ئەلسەبیب) کەوا مەزەندە دەکرێت هی سەردەمی (زاراسێن Sarazen)[١٦]کان بێت، لە ڕووی ڕۆژهەڵاتییەوە، هەرچەندە دەروازەیەکی کەمێك بەرینی هەیە (٢,٧م)، بەڵام بۆ دەرەوە دەرنەپەڕیوە، بەپێی (تریستڕام Tristram) دەروازەیێکی ئاواشی لەبەری ڕۆژهەڵاتی هەبووە، ئەوەی کە لەو خانە سەرنج ڕادەکێشێ، بوونی ژمارەیەکی زۆر قوللەی بازنەیی پارێزگارییە، کە هی گۆشەکانی سێ چوارەگە بازنەیین، کەچی لەهەر ڕوویێکی بەدووری یەکسان لە گۆشە قوللەکان و لە یەکتری، دوو قوللەی نیوە بازنەیی هەن. ئایا ئەو قوللانە ناوئاخندراو پڕ دروست کراون، وەکو کۆنە خانەکەی (ئەلسەبیب)، یان لە ناوەوە بۆش و ژووردارن، وەکو خانەکانی دواتر، نازانرێت. بیری قوللە بازنەیییەکانی ئەو کاروانسەرایە، لە ئۆردگا ڕۆمییەکان وەرگیراوە، ئەو ئۆردگایانەی کە نەخشە ئاسۆیییەکانیان تەواو وەکو نەخشەی کاروانسەرایەکانە. لە ئۆردگا ڕۆمییە کۆنەکان، هەموو خانووەکان لە ناوەوەی حەوشەیەکی لاکێش سەربە خۆ دروست دەکران، تەرزی ئەو نەخشانەش کە ڕۆمییەکان لە ڕۆژهەڵات بەکاریان هێناوە، هەر لە (حەوشە) دێرینباوەکانی ڕۆژهەڵات وەریانگرتووە، پێکهاتەی ئەو خانووە دێرینباوانەش بریتی بووە لە تاکە دەروازەیەك و مەیدانێکی چۆڵ و خاڵیش لە ناوەڕاست. لە سەردەمەکانی دواتر بە پێچەوانە بیناسازەکانی ڕۆژهەڵات هاتوون قوللەی بازنەیی ڕۆمییان لەگەڵ شێوازە بینا باوەکانی خۆیان تێکەڵ کردووە. ئەوەشە هۆی ئەوەی کە زۆربەی جاران ناتوانرێ جیاوازی لە نێوان ئۆردگاکانی ڕۆمی و کاروانسەرا بکرێت، بەڵکوو تەنها بە یارمەتی ناوەکانیان، کە پشتاوپشت هاتوونەتە خوارەوە، دەتوانرێت بزانرێت، کە لە سەردەمی خۆی ئەو بینایانە بۆ چ مەبەستێك بەکارهێنراون.

نەخشەی ئاسۆیی خانی (چەرنینا)ی سەر ڕووباری دجلەش لە باکووری (تکریت)، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێزدەم، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە کەلاوە زۆر وێران ب ووەکەی دەستمان دەکەوێت، هەروەکو هی خانەکەی پێشووە. ڕیزە ژوورێك داخراو بە دەوری حەوشەیەکی چوارگۆشەیی سووڕاونەتەوە. لەلای باشورییەوە ژوورێکی بان تونێلگومەزی هێشتان دەناسرێتەوە، بە مەزەندە دەبێت ئەمە تەوێلەی وڵاخان بوو

بێت. لە ناوەندی لای باشووری، هەیوانێکی گەورەی ٩،٥ مەتر بەرین هەیە، کە بە میحرابە نەخشین و نیگاراوی‌یەکە، کە ئاراستەی نوێژکردن پیشاندەدات، دەزانرێت کە ئەوە مزگەوتی خانەکە بووە. لە ناوەڕاستی لای ڕۆژئاواشی ژوورێکی شێوە هەیوانی‌ی هەیە، هەمان شتیش لەلای باکووری. شوێنگەی دەروازەکەی، نەتوانرا بدۆزرێتەوە، بە مەزەندە دەبێت لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بووبێت، چونکە کۆنە ڕێگاییێکی کاروانچی‌یان بەوێدا ڕەت دەبێت. دیواری دەرەوەی خانەکە بە قوللەی نیوەبازنەیی پشتگیر کراوە، لەلای باشووری‌یەوە توانرا چواردانە لەو قوللانە ڕووپێو بکرێن.

هەموو کاروانسەراکانی سەدەکانی ئەم دوایی‌یەو تا ئەو سەردەمەش لە ئێران و عێراق، هەمان نەخشەی ئاسۆیی چاخی ڕۆمی بیزەنتی‌یان هەیە: حەوشەیەکی زلی چوار دەور گیراو بە ژوورەکانی حەوانەوەی مرۆڤ و پشتیری وڵاخان، وە بارستە-بیناییێکی شێواز قەڵایی بە ڕووی دەرەوە داخراو، کە زۆربەی جاران بە قوللە پشتگیر کراون و پارێزراون. بەڵام لەسەردەمەکانی دواتر، لە جیی هۆدەکانی حەوانەوەی مرۆڤ و پشتیری وڵاخان، ژووری شێوە گۆشەیی بەرەو حەوشە ئاوەڵا، پەیدا بووە و پێیان گوتووە (کونج). ئەو تەرزەشیان، واتە تەنها ڕیزە کونجێکی حەوانەوەی ئاوا، لە دەوری حەوشێك، کە لە ڕیزە تاقێك تواونەتەوە، تەنها لە خانە بچووکەکان کەوتۆتە بەرچاوی من. خانەکەی (ئەحمەد ئیبن ئەلهاشم)ی تەنیشت ئەو مزگەوتە بچووکەی کە هەمان ناوی هەیە و نزیکە سێ کیلۆمەتر سواری لە مێرگی شەفاسە (شفاڤە) دوورە، ئەو مێرگەی کە لە ڕۆژئاوای کەربەلاو لە پشت لێژایی‌یەکەی بیابانی عارەبی هەڵکەوتووە، ئەو خانە تاقی کەوانەیی پیشاندەدات، کە ستوونەکانیان لەسەر کەڤرە دەرپەڕیوەکانی ناو زەوی ڕۆنراون. تا ئێستاش سێ دانە لەو تاقانە، هەریەکە لاکانی باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا، بە پێکەوە نووساوی ماون (بڕوانە تەختەی ژمارە١). خانی (ئەلعەسەل) لە حەلەب، یەکێکە لەو خانە شێواز ئەشکەوتی‌یانەی کە لە ناوچەکەدا زۆر باون، کەڤرەکانی زەوی بۆ هەڵکۆڵدراون، بە شێوەیەك گەورەیی‌یەکەی بە هۆی سروشتی جێگاکەی دیاری کراوە. پێکهاتووە لە حەوشەیەکی چوارگۆشەیی لا ١٣،٥ مەتری و لە هەر لاییێکی ٣ کونجی حەوانەوە هەن، بە شێوەیەك کە بەشی

پشتەوەی کونجەکان لە ئەشکەوتی هەڵکۆڵدراوی ناو کەڤرەکان پێکهاتووە، بەڵام بەشی پێشەوەیان، بەرەو حەوشە، لە بەردی نەقاڕی و بە بانی کەوانەیی تیژ سەریان گیراوە (ب. تەختە١). هەر بە تەنها بینای قەنتەرەکەی، کە بەرەو باشوور ئاوەڵایە، خۆ وەکو دیمەنێکی ئارشیتێکتوری پیشاندەدات و هێشتان نەهۆمەکەی سەری هەر ماوە، کە بە مەزەندە دەبێت دەرگەکەی بچێتەوە سەر ڕووی کەڤرەکانی هاوسێی. ئەو خانە بەپێی نووسراوێکی نێوان دوو سوار مەدالیاکەی سەرەوەی کەوانی دەروازەکەی (ب. تەختە ژ.١٠)، دەگەڕێتەوە سەدەی ١٣ی زایینی‌و، لە ساڵی ٧٤٤ کۆچی (١٣٤٣ز)ی دروست کراوە و بەپێی دووەمین نووسراویش، لە ساڵی ٩٧١ کۆچی (١٥٦٣ز) دووبارە ئاواکراوەتەوە. شایانی سەرنج لێدانە، کە ئەو کاروانسەرایە بە نەخش و نیگار ڕازاوەتەوە، چونکە ئەو دیاردەیە کاروا نسەراکانی میزۆپۆتامیا ناکەوێتە بەرچاو، دەبێت ئەو دوو سوارەی کە لێرە لەسەر مەدالیاکان وێنە کراون (وێنە٤)، جۆری بەکارهێنانی ئەو کاروانسەرایەیان پێشانی دەرەوە دابێت، (لەسەر دیواری کاروانسەراییێکی تریش لە ڕۆژهەڵاتی "سەنجرلی Sendjirli" نیگارێکی ئاوا هەیە). ئەو کاروانسەرایەش لە نێوانی ساڵەکانی ٦٣١-٦٥٧ ك (١٢٣٤-١٢٥٩) لە لایەن "بەدرەددین لولو"[١٧] بنیاتنراوە تەختە (II). نیگارەکانیش کەوتوونەتە ناو ڕووبەری تیرێژی هەردوو تیژکەوانەی دەروازە. نیگارەکە "خدری زیندە" پیشان دەدات، کە لەگەڵ عەزیاییێك دەجەنگێت. لەبەرئەوەی کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە زۆربەی دیانن (کریست- عیسایی)، دەبێت پەیوەندی لە نێوان ئەوەو "St. Georg"ی دیانان هەبێت. سەرەڕای ئەوەش لەلای موسڵمانەکان ئەو "خدر"ە هاناو پارێزەرە بۆ ڕێبواران، جا کە لێرە ئەو وێنە پارێزەرە، ئەفسانەییە، نەخش کراوە، ئەوە بۆ پاراستنی ئەو ڕێبوار و موسافیرانە بووە، کە ڕوویان لەو کاروانسەرایە کردووە. ئەو کاروانسەرایەش تەنها لە ڕیزە ژوورێکی سادەی بانگومەزی پێکهاتووە، کە دەوری حەوشەیەکی چوارگۆشەییان داوە.




وێنە ٤ : خانی ئەلعەسەل لە حەلەب. ئەو سوار مەدالیایە لە سەرەوەی دەروازەکەی چەسپکراوە.

**(Expedition 1913. Freiherr von Oppenheim)**

لەو ناوچانەی کە بارانیان زۆر لێ دەبارێ، وڵاخی کاروانچییانیش پێویستی بە پەناگای حەوانەوە هەبووە، سادەترین دەزگاش بۆ ئەمە، بریتی بووە لە ڕیزە هۆدەیەك یان کونجێك لە دەوری حەوشە، کە لەلای پێشەوەی هەر ژوورێکدا، تەوێلەیەکی سەرگیراو بۆ وڵاخان دروست کراوە. لە خانی "بارور Barur"ی تەفتەق (وێنە ٥)، کە لە ساڵی ٦١٥ك (١٢١٨ ز)، لە لایەن (حیسامەددین ئەلئەشرەفی) بنیات نراوە، لە چواردەوری کاروانسەراکە کونجی بەرین دوو مەتریی بۆ حەوانەوەی مرۆڤ دامەزرێنراوە. ڕاڕەوە سەر گۆمەزییەکەی پێشەوەشیان شوێنی تەوێلەی وڵاخان بووە. (تەختە II). لەهەر لایێکی حەوشەو ە سێ دەروازەی بۆ کراوەتەوە. لەلای باکوور بە هۆی داڵانی دەروازەکەو لەلای باشوورەوە بە هۆی هەیوانێك ڕاڕەوی تەوێلەکان لە ناوەڕاستەوە دەبێتە دوو بەش، دیواری دەرەوەی بە هۆی گۆشە قوللەی چوارگۆشەیی و قوللەی دەرپەڕیوی پان و

لاكێشەیی لە ناوەڕاستی ڕووەکانی پشتگیر کراون. پەیکەری دەروازەکەی زۆر بە تۆخ و جەختی دێتە بەرچاوان، وە بە هۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ پەیکەری هەردوو ژوورەکەی ئەملاو ئەولای زۆر بە قەبەو گرانی داڕێژراوە (تەختە II). ژوورەکەی ڕۆژئاوای بریتی‌یە لە مزگەوت.



**وێنەی ژمارە ٥: خانی بارور لە تەقتەق**

**(لە لایەن .E. Rauschenberger ) نەخشەکێشی کراوەتەوە.**

**(Expedition 1913. Freiherr von Oppenheim)**

هەموو ئەو کاروانسە رایانەی کە بە هۆی هەڵکەوتنیان لەسەر ڕێگاوبانــە قـەرەباڵغ و پڕ لە هاتوچۆیەکان، پێویست بووە شوێنی ژمارەیـەکی زۆر لـە موسـافیر و بـارو وڵاخـان بکەنـەوە، تەنـها بــە تاکـە ڕیزێکـی گۆشــەکانی حەوانــەوە وازیــان نــەهێناوە. (خــانی ناسریە) لەسەر جادەی بەغدا بەرەو حلە (وێنـە ٦) سـادەترین نموونـەی ڕۆشـنی ئـەو تەرزە کاروانسەرایەیە.



وێنەی ٦ : نەخشەی ئاسۆیی خانی ناسریە لەسەر
جادەی بەغدا- حلە

(کیپـل Keppel) لـە سـاڵی ١٨٢٤ سـەردانی ئـەو کاروانسـەرایەی کـردووە بــە (خــانی حاجی سلێمان)ی سەر (نەهری ناسریە) واتە بـە نـاوی دامەزرێنەکـەی نـاوی بـردووە، ئـەوەش کــابرایێکی ئــێرانی دەوڵەمــەند بــووە. لــە چــوار دەورەی حەوشــەیەکی لا ٣٧

مـەتری، ڕیزێـك ژووری حەوانـەوە سـووڕاوەتەوە، کـە بـە شـێوەی تـاقێکی کەوانـە کێلـی ئێرانی (کەوانەی تیژ) بەرەو حەوشە دەکرێنەوە. لە پشتەوەی ئەمانە، لـە چواردەوری تەواوی بیناکە، ڕاڕەوی تەوێلەکان هەڵکەوتووە (تەختەی ژمارە III)، کە بانەکەی پڕ بە بـەرینی ڕاڕەوەکـە، بـە گۆمـەزی گونجاو لەگـەڵ گۆمــەزی ژوورەکــانی لای حەوشــەکەی گیراوەو، بە هۆی نووکـی کەوانـەکان لـە یـەکتر جیادەکرێتـەوە. لـە پشـتی ئـەو ڕاڕەوەش بـەلای دەرەوە، دووەمـین ڕیـزی کونجـی کەوانـەیی دەکرێتـەوە. ڕاڕەوی تەوێلــە ڕونــاکی تەنـها لـە پەنجـەرەی بچـووك بچـووك لـە دیـواری پشـتەوەی کونجـەکانی حەوشـەکە وەردەگرێــــت. دەروازەی ســــــەرەکی کاروانســــــەراکە کەوتۆتــــــە لای ڕۆژئــــــاوا (تەختـەی ژمـارە III)، چونکـە دەروازەکـە لـە کونجـەکانی حەوشـە بـەرینترە، هـەردوو ژوورەکەی هاوسێی لەوانەی تر تەسکتر هەڵکەوتوون. لە باشووری دالانی دەروازەکـەوە، بـە هـۆی دوو پلیکانـە دەچێتـە نـاو ژوورێـك، کـە بـە قـەدەر سـێ کونـج بەرینـەو بـە دیوارێکـی کـورت و نـەوی لـە ڕاڕەوی تەوێلـە جـودا کراوەتـەوە، بـە هـۆی میحرابەکـەی دەردەکەوێت کە ئــەوە شـوێنی نوێژکردنـە (وێنـە ٧). یـەکێك لـە ژووره گومەزییـەکان، بــەرەو بــاکوور، کەدووکەڵکێشـێکی لێ کراوەتــەوە. بریتـی بـووە لـە قاوەخانـەی ئـەو کاروانسەرایە بە تەنها هەڵکەوتووە. لە لای دەرەوەدا بینای دەروازەکە بە کەمێك بڵنـدی لەچاو دیواری خانەکە و بە هۆی دوو کونجەکەی تەنیشـتی سـەرنج بـۆ خـۆ ڕادەکێشی. ئیتر بەشەکانی تری هەر چوار دیواری دەرەوە تەواو لووس و پووسـن، ئـەوە نـەبێت کـە کەمێك لـە ژێـرەوەی لێـواری بانەکـەی هـەندێ کونۆچکـە بـۆ سـولاوکە کراونەتـەوە. لـە دوورەوە سـەربان و گومـەزە بـۆ ئاسمـان دەرپۆقیوەکـان و لێـواری سـەربان دیمـەنێکی تایبـەت پێشـان دەدەن. لـە نـاوەندی حەوشـەکەی سـەکۆیەکی زلی نزیکـە ٣-٤ مـەتر بـەر جێ کردۆتەوە، کە پێ دەڵێـن (تـەخت یـان دیچـە Detsche)، کـە بـە هاوینـان مێـوان لەســەری دەخــەون، وەســتاکانی بیناسـازی سـەلیقەیەکی تایبـەتییان لـە گۆشــەکانی کاروانسەرا خەرج کردووە، واتە لەو شـوێنەی کـە لـە ئـەنجامی بـە یەکگەیشتنی ڕیـزی کونجە لاکێشەییـیەکان، ژوورێکی یـان دیوارێکـی شـێوە زاری (شەشـپاڵویی) هاتۆتـە ئـارا، کە ئەوەش بەبێ دەستێوەردانی بە کەڵکی بەکارهێنان نـەهاتووە. لـە خـانی (ناسـرییە)

هاتوون هەروا بە سادەیی ئـەو گۆشـانەیان بـە شـێوەی زارێـك بـە دیـوار داخسـتووە، بـە جۆرێك کە لـە ڕووی لای ژوورەوە داخـراوە، بـەڵام بـە هـۆی دەرەزێکی بـاریك توانـراوە سوودیان لێ وەربگیرێت، ئەو گۆشە زارانــە لـە ڕێگـای ئـەم دەروازانــەوە وەکـوو ئاودەسـت بەکارهێنراون. بەڵام لە سەردەمەکانی دواتر ئاودەسـتخانەی تایبـەت لـە نزیـك سـەکۆی ناوەوە دروستکراوە.



وێنەی ٧: خانی ناسریە (بڕگە)

خانی (مەحاویل)، سێیەمین وەستگای ئێستای سەر هەمان جادەی بـەغدا-حلـە، کـە یەکێکە لە خانە تازەکان و لەوانەیـە لـە شـوێنی ئـەو خانـە بنیـاتنرابێت، کـە (ئۆپـێرت Oppert ) ناوی بردووە. لە ڕووی نەخشەی ئاسۆیی و لە ڕووی پـان و پـۆڕی (٥٢×٥٥,٦) م نزیکە وەکـو خـانی ناسـریەیە. بـۆ ئـەوەی گۆشـەکان بچووکـتر بکەنـەوە، هـاتوون گۆشەکانیان بە لاری دامەزراندووە (وێنــە ٨). لـە بینایەکـە بیچمـی دەروازە بـە تایبـەت سەرنج بۆ خۆ ڕادەکێشێ (وێنـە٩). هۆدەیـەکیش لەسـەر دەروازەکـە دروسـتکراوە، پـێی دەڵێن (باڵەخانە) (واتە باڵاخانە).



وێنە ٨: خانی مەحاویل لەسەر جادەی بەغدا- کەربەلا (نەخشەی ئاسۆیی)



وێنەی ٩ : خانی مەحاویل لەسەر جادەی بەغدا- حلە

(دیمەنی دەروازەکەی)

کارەکتـەری قـەڵات ئاسایی کاروانسـەراکانی سـەردەمی نـوێ، بـە هـۆی پارێزگـاری دیـواری دەرەوەیـان بـە قوڵلـە دەناسـرێتەوە، ئـەوەش خـۆ لـە خـانی (جیتـان Djetan) (وێنە ١٠ ) پێشاندەدات، ئەو کاروانسەرایە نزیکەی پێـش ١٥٠ سـاڵ دروسـت کـراوە، بـەڵام ئێستا وێران بووە و بووە بە کەلاوە و دەکەوێتە سـەر جادەی کۆنـی کەربـەلا- نەجـەف، واتـە ئـەو دوو شـوێنەی کـە لـە عـێراق زۆرتریـن هـاتوچۆی سـەردانی ئێرانیـانی بەسەرەوەیە. ئەو کاروانسەرایە لـە هـەر گۆشـەیەکی قوڵلەیـەکی بازنـەیی هەیـە کـە بـە قـەبارەی ٣/٤ی بازنەیـەك هاتوونەتـە دەرەوە، هـەر قوڵلەیـەکیش لـە نـاوەوە ژوورێکـی هەیەو لەهـەر ژوورێکش حـەوت پەنجـەرە بـەرەو هـەموو ئاراسـتەکان کراوەتـەوە و بـە کونوچەکەی تیراندازی (تەقەبازی) دەچن. ئایا لـە کـاتی دروسـتکردندا وەکـو ئاودەسـت بـیر لـەو ژوورانـە کراوەتـەوە، نـاتوانرێ بزانرێت، بـەڵام دەشـکرێت بـۆ هـەردوو جـۆری سوودڵێوەرگرتن بیری لێکرابێتەوە، واتە بۆ بەرگری لە کاتی پێویست و بۆ ئاودەست لە کاتی ئاسایی. نەخشەی ئاسۆیی ساختومانەکە، لە باری دابەشبوونی ئاشکراو ڕێکو پێکی ژوورەکـانی، هـەندێ شـیکاری تـری تایبـەتی تێدایـە. دەروازەکـەی کـە کەوتۆتـە لای ڕۆژئاوای، لە ئاستی ڕووی دەرەوەی کاروانسەراکە نەهاتۆتە دەرەوە و تەنـها لـە بـەرزیدا نـەبێت، کـە بـە هـۆی سـتارەیەك بـۆ سـەرەوە دەرپـەڕیوە. سـەربانی دەروازەکـەش وەکـو پاسـگایێك دامـەزراوە. لـە دەسـتی ڕاسـت و چـەپی دالانـی دەروازەکـە، کونجێکـی دووکەڵکێشـدار هەیـە. لـە کونجەکـەی لای بـاکوور بـە پلیکانەیـەك دەچێتـە نـهۆمی سەرەوەی دەروازەکە، وە لەهەر یەکێك لەو کونجانە دەرگایێك کراوەتەوە، کە دەچنە ناو دوو ژووری قووڵـی لاکێشـەیی، لـەو ژوورانەشـەوە دەرگـا بـەرەو حەوشـەو ڕاڕەوی تەوێلەکان کراوەتەوە. ئەو دوو ژوورە بۆ حەوانەوەی مێـوان و موسـافیری تایبـەت و بـە پلـە و پایـە بـووە، بـۆ ئەوانـەی کـە نەیانویسـتووە تێکـەڵی عـەوامی خـەڵك بـبن. لـە ناوەڕاستی ئەوبەری حەوشەکەش، واتە بەرامبەری دەروازە، هـەیوانێك هەیـەو دەچێتـە ناو ژوورێکی داخراو، ئەو ژوور و هەیوانەش هەر بۆ مێوانی تایبەت بووە. واتـە ڕاڕەوی تەوێلان بووە بە دوو بەش، هەر بەشە لە دەروازەکـەوە دەسـتپێدەکات و تـا هەیوانەکـە دەچێت. کونجەکانی تری حەوانەوەش وەکو ئەوانە وان کە لە پێشوو باسکران.



**وێنه ١٠ : خانی جیتان لەسەر جادەی کەربەلا- نەجەف**

**(نەخشەی ئاسۆیی)**

دەرگاکانی چوونە نـاو بەشـی نـاوەوەش، دەکەونـە گۆشـە ناوەکیـەکانی حەوشـەکە، لـەلای باشـوور و باکووریـەوە، ئـەو گۆشـانەی نـاوەوەش بـە لاری گیراون و لـە شـێوەی ژوورێکی نیوە هەشـت لایـی سـوودیان لێ وەردەگیرێت. پلیکانەیـەك لـە تەنیشـت گۆشـە بچوکترەکانی رۆژهەلات دروستکراون کە بەرەو سەربان دەچن. زارە گۆشـەکانی دەرەکـی کراون بە راڕەوێکی باریك بۆ قوللە بازنەییەکان.

دابەشبوونێکی هێشتان لەوەش رێکوپێکتر لە خانی (پاسنگان Passengan) دەکەوێتە بـەرچاو (وێنـە ١١). ئـەو کاروانسـەرایە. کـە لـە لایـەن ( Pascal Coste) باسـی کـراوە، دەکەوێتە سەر جادەی تاران بەرەو ئەسفەهان لە نزیك شاری قوم. دەڵێن لـە سـاڵی ١٨٠٥ لـە لایـەن (حـاجی محەممـەد بـەکر)، کـە بازرگـانێکی دەوڵەمـەندی قـەزوینی بـووە، دامـەزرێنراوە. کەواتـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو سـەردەمەی کـە خـانی (ناسـریە) و خـانی (جیتان)ی لێ دروستکراوە و لەگەڵ ئەو کاروانسەرایانە لـە ڕووی داڕشـتنی ڕێکوپێکـی و ئاشکرایی دەزگاکانیان، هاوتەرزن. فراوانییەکەی (پەنجا بە پـەنجا مـەتر)، وای کـردووە کـە ڕاڕەوی تەوێلـەکان، بـە هـۆی جەسـتەی دەروازەکـەی و سـێ هـەیوانی ناوەڕاسـتی لایـەکان، دابەشـی چـوار بەشـی یەکسـان بێـت. هـەیوانی بەرامبـەر دەروازەکـە، یـەك بـە قولایی باڵی کاروانسەراکە، واتە لە ئاستی ڕووی ناوەوە تا دیواری دەرەوە چووە، کـەچی دوو هەیوانەکەی تر کراون بە دوو بەش، پێشهەیوانێکی کـراوە و ژوورێکـی داخـراو لـە بنـەبان. گۆشـەکانی ئـەو کاروانسـەرایەیان ئـاوا شـیکار کـردووە: گۆشـەکانی نـاوەوە بـە ڕووێکـی لار کـوڵ کـراون و، ئـەو لایـە لارانـە کراونەتـەوە بـەرەو دوو دەرگـا لـە نێـوان حەوشەو ڕاڕەوەکانی ناوەوە، هەریەك لەو دەرگایانەش دەچێتە ناو ڕاڕەوێکی باریك، کە دەکەوێتـە ئاسـتی بەیەکگەیشـتنی درێژکـراوەی ڕووەکـانی نـاوەوەی کاروانسـەراکە. بەرینیئەو ڕاڕەوانە لە کونجەکانی تر تەسکترن. ئـەو دوو ڕاڕەوەش لـە نێـوان خۆیـان و ڕاڕەوی تەوێلان دیوارە کۆڵەگەیەك پێکدێنن، کە پلیکانەیەکی سوڕاوەی بـەرەو سـەربان لـە نـاخی خـۆی هـەلگرتووە، ئـەو دوو کونجـەی دیـواری دەرەوە، کـە بەرامبـەر ڕاڕەوە باریکـەکان هەڵکـەوتون و وەکـو ئـەوان تەسـکن، کـراون بـە ئاودەسـتخانە. جەسـتەی زارەگۆشەکانی دەرەوەش پڕو ناوئاخن دروستکراون.




وێنە ١١: کاروانسەرای پاسنگان

(P. Coste aue H. Thiersch”. “pharas” Verlag B. G. Teubner, Leibyig 1909)

ڕوخساری دەروازە بەرزەکەی، وەکوو ڕوخساری باوی ساختومان و بینا بیرەوەرییەکانی ئێران و میزۆپۆتامیایە: دەروازە کەوانتیژەکەی، کەوتۆتە ناو کونجێکی تاق بەرز و کەوانتیژ، لەهەر لاییکی دەروازەکە دوو کونجی بەسەرەوەیەکی تەسکتر دروستکراوە، کە هی ژێرەوەیان وەکوو فرۆشگا بەکارهاتووە، هی سەرەوەشیان وەکوو کۆرە کونجێك گیراون. لە تەنیشت دالانی دەروازەکە، وەکوو ئەوەی کاروانسەرای (جیتان)، دوو ژووری داخراو هەیە، کە هەر لە ناو قەنتەرەکە دەرگایان بۆ کراوەتەوە. شایانی باسە کە لە ناوەندی حەوشەکە سەکۆیەکی چوارگۆشەیی بچووکی لا حەوت مەتری دروستکراوە، کە بیرێکی ئاوی کەوتۆتە ژێرەوە.

نەخشەی هەموو ئەو کاروانسەرایانەی کە تا ئێستا باسمان لێوە کردوون، لە هەموو ئەو شوێنانە بەکاردێن، کە پێویستییەکی ئەوتۆیان بە ژوورەکانی حەوانەوە نەبووە،

درێژی بیناکانیان لە پەنجا مەتر تێپەڕی نەکردووە. بۆ چارەسەری هوروژمی زۆری میوان و موسافیران، بۆ نموونە لە کاتی جەژنە ئیسلامییەکان و پێویستییەکانی ڕێگاکانی حەج، دوو شیکار هەیە: لەو سەردەمانەی کە دامەزرێنەری کاروانسەراکان پتر بایەخ و شانازییان بە ڕوخسار و ووردەکاری دەدا بۆ یادپارێزی و بیرەوەری، نەك تەنها بە تەرخانکاری و تایبەتکاری بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی بەکارهێنان، ئەوا ساختومانی گەورە گەورەیان هێناوەتە ئارا، کە چ لە ڕووی حەوشەی ناوەو چ لە ناواخنی داپۆشراو و شاراوە، لە ژمارەیێکی زۆر لە ژوور پێکهاتوون، کە لە ڕۆژگاری ئێستا بە ژمارەیەکی زۆرتر لە دامودەزگای قەبارە بچووکتر و نەخشەی سادەتری هاوتەرز، لە دەوروبەری ئاوگەکان، وەکو گوندێکی بچووك یەکتریان گرتووە.




وێنە ١٢: خانی ئەسەدی لای بەغدا

ئـەركی كاروانسـەرايێكی گـەورە بريتـی‌يـە لـە دابينكردنـی شـوێنی حەوانـەوەی ژمارەيێكی زۆر لە مێوان و موسافير و وڵاخە بارهەڵگرەكانيان لە هاوين و لە زستان. بۆ هاوينان كە موسافير لەسەر سەكۆی حەوشەو لەژێر ئاسمانی ئازاد شـەو بەسـەر دەبـەن، حەوشەيەكی فراوان پێويستە، لە زستانانيش، لـە ڕۆژانـی سـارد و بارانـاوی، بـە هـەمان ڕادە ژووری حەوانـەوە پێويسـتە. چـۆن ئـەوە مەيسـەر كـراوە، ئـەوا ئێمـە لـە (خـانی ئەسەد- وێنە ١٢)دا دەيبينين، ئەو كاروانسەرايە يەكەمين وەستگای سـەرجادەی بـەغداد بووە بەرەو باشوور، بەرلەوەی بگـەين بـە دووڕيـانی كەربـەلاو حلـە. لەوانەيـە كـە ئـەو كاروانسەرايەش هەر لە لايەن ئێرانی‌يەكی دەوڵەمەند و ئاينپەروەر دامەزرێنرابێت. لە ڕووی سەرنجڕاكێشـی نـەخش و نيگارەكـانی ووردەكـاری بەشـەكانی بـە يـەكێك لـە جوانـترين كاروانسـەراكانی عـێراق دەژمـێردرێت. كێپـل (Keppel) ئـەو كاروانسـەرايە و ئەوانـەی تـری سـەر ئـەو جادەيـەی، بـە هـۆی قەشـەنگی‌يان، وەكـوو ئـەو ١١١ مەنزلگايـە هاتۆتە بەرچاو كە كاتی خۆی هيرۆدۆت لە بارەی (جادەی پاتشا) باسی لێوە كردووە.

كاروانسـەرای ئەسـەد بريتـی‌يـە لـە لاكێشـەيەكی ٧٤ م بـەرين و ٩٢,٢٠ م درێـژ، حەوشەكەشی ١٢,٨٠ م بەرين و ١٤,٣٠م درێژە، لە كاتێكدا قووڵايی كاروانسـەرا بچوكـەكان لە ٩ م تێنەپەڕيوە. لەو قوڵايی‌يە گەورەيەی ژوورە سەرداپۆشراوەكان توانـراوە ڕيزێكـی تـری سـێ‌يەمی كونجـی حەوانـەوە، لـە نێـوان ڕاڕەوی تەوێلـەو كونجـەكانی لای حەوشـە دروست بكرێت. كە بەرەو ڕاڕەوی تـەوێلان كراونەتـەوە. بـەڵام گـەورەيی كونجـەكان لـە پـانی و درێژی‌يـان هـەروەكوو هـی كاروانســەرا بچووكەكانـە. ڕووەكـانی حەوشـە، بـە بـەراوردكردن لەگـەڵ كاروانسـەرا بچووكـەكان، لـە ناوەڕاسـتيانەوە پـتر داپچڕێـنراون، ئەوەش بە ئامانجی ئەوە كراوە، تا ڕيزی درێژی كونجەكان بـە يەكشێوەيی (مۆنۆفۆرم) نەكەونە بەر سەرنج (تەختە ٣)، لەبـەر هـەندێش هەرسێ هـەيوانی ناوەڕاسـت، نزيكـە هەروەكوو دەروازەی كاروانسەراكە، بە قەد كونج و نيوێك بەرينن، جگە لەوەش لەگـەڵ دوو دەرگـای بـاريك كـە لـەملاو لـەولايان هەڵكـەوتووە، كـەمێك سـنگی خۆيـان دەرپەڕاندووەو نزيكە مـەترێكيش لـە ئاسـتی بينـای باڵـەكانی بەرزبوونەتـەوە. يـەكێك لـەو دەرگايانـە، لـە حەوشـەكەيەوە ڕا ديـارە، كـە بـە چـاتی و بـە شـێوەيەكی كەوانـەيی

سەری گیراوە، دەچێتە ناو ژووری گۆمەزێك، لە پشتەوەی یەكێك لە هەیوانەكە، دەرگاكەی تریش پلیكانەیەكی تێدایە بەرەو سەربان. كلاوەی ستوونەكان، واتە هەلگری كەوانتیژە ئێرانی‌یەكانی سەر كونج و هەیوان و دەرگاكان هەمان بەرزی‌یان هەیە؛ بەو جۆرە بە هۆی تەسكی و نزمی دەرچەی هەردوو دەرگاكە و بەرینی و بەرزی هەردوو هەیوانەكە، یەگجار جەخت و تۆخ خۆ پیشاندەدەن. بە هۆی هەرسێ هەیوانەكەو جەستەی دەروازەكە، ژوورەكانی حەوانەوە دەبن بە چوار بەش، لە ڕووی گۆشە لارەكانی ناوەوە، بۆ هەر بەشێك لەوانە دەرگایێك كراوەتەوە. بە هۆی دوو ڕێزی كونجەكانی لای حەوشە، لە نیوانی رارەوی ئەو دەرگایانە و رارەوی تەویلەكان بە شیوەیەكی سروشتی كۆلەگەدیواری گەورە هاتوونەتە ئارا، لیرە هەریەكیك لەم گۆلەگە دیواریانە كراون بە چوار ستوون و رووبەری نیوان ئەو ستوونانەش كراون بە سەكۆیەك بۆ هەسانەوەی موسافیران. لە بەشی بینا دوو نهۆمی‌یەكەی دەروازەی كاروانسەراكە، وەكوو ساختوومانیكی یادگاریی شایانی سەرنجی تایبەتی‌یە. لە رووی ناوەوە وەكوو هەیوانەكان دە كەویتە بەرچاو. هەر دوو دەرگا باریكەكەی ئەملاوئەولای، پلیكانەیان تیدایە بەرەو سەربان، بەلام لە رووی لای جادەوە، بە هۆی دوو ژووری دوو نهۆمی ئەملاوئەولای دەروازەكە، تەبەشی دەروازەكە پانوپۆر هەلكەوتووە، دەرگای دەروازەكەش كەوتۆتە ناو كونجیكی ٣ م قوول و ٤،٦ م بەرین، ئەو كونجەش لە بەرزی تا دەگاتە ژوورە دوو نهۆمی‌یەكان بە تاقیكی كەوانە تیژی سەبەتی تونیلی سەری داپۆشراوە. پیكهاتەی پر لە ستالاكتایدی میچی توونیلەكەی، لە سەرەوەی كلاوی ستوونەكانەوە، لە دیواری پشتەوەیەوە تا راستكەی (هیلی وەرگەران)[١٨] گومەزە توونییلی‌یەكە، دیمەنیكی سەرنجراكیشی هیناوەتە ئارا. لە هەردوو لای باگری دەروازەكە، لە نهۆمی زەمینی‌ی دوو كونجی ٢ م بەرین هەیە، كە ئەوانیش وەكوو دەروازەكە بە تاقی كەوانە سەبەتەیی داپۆشراون. لە سەرەوەی هەر یەكیك لەو كونجانە، ژووریك هەیە، كە بە هۆی گومەزە توونیلی‌یەكانیان لە رووخساری دەرەوە خۆ بەدیار دەخەن. لەلای جادەوە، بە هۆی پلیكانەی لە خشت دروستكراوی ناپەیوەست بە دیواری ئەملاوئەولا، دەچیتە ئەو ژوورانە. ئەو پلیكانانە ئیستا بە تەواوی ویران

بوونو پاشماوەیان نەماوە. ساختوومانی دەروازەکە لە ڕووی نەخشەی ئاسۆیی نهۆمی زەمینیی، لە سێ بەش پێکهاتووە: باگری دەروازەکەو دوو کونجەکەی ئەملاوئەولای، ژوری دەروازەکەو ئاوەلکونجەکانی، هەروەها باگرە هەیوانییەکەی لای حەوشە، کە دوو پلیکانەی ئەملاو ئەولای خۆی هەلگرتووە. ژووری دەروازەکە، کە میچێکی گومەزی هەیە، لە ئاستگای یەکتربڕینی تەوەری ڕاڕەوی تەوێلان و دالانی دەروازە هاتۆتە ئارا، شێوەیەکی چوار گۆشەیی گۆشەلاری هەیە. دیواری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای بە هۆی کەوانەی تاقی دەروازەکە بڕاون. لە گۆشە کونجەکەی باشووری ڕۆژهەلات پلیکانەیەك بەرەو سەرخانی دەروازەکە دەچیت، لە کاتیکدا ئەو کونجانەی لەهەر یەکیك لە پینج لاکەی تردا هەن، بە قوولایی و بەرینیان وەکوو فرۆشگا بۆ پیویستییەکان میوانان بەکاردین (وینە ١٢). کویرە تاقەکەی رووی جادە، کە روومەتەکانی دەروازەیان رازاندۆتەوە، بایەخ و بیرکاری زۆری وەستاکانی ئەو بینایە پیشاندەدەن، کە بە خەرجیان داوە، بۆ ئەوەی چەهرەیەکی سەرنجراکیش بەو ساختومانە ببەخشن (وینە ١٣).



وینەی ١٣: خانی ئەسەد لە بەغدا. دیمەنی لای جادە

کاروانسەرا زەبەلاحەکەی (مەحموودیەیە) (وینەی ١٤)، کە نزیکەی سەعاتە رێیەك لە کاروانسەرای (ئەسەد)ی سەر هەمان جادەو وەستگاکەی ئیستای پیش دووریانی جادەکە هەلکەوتووە، لە رووی پیکهاتەی ژوورەکانی و نەخشەی ئاسۆیی، بە تەواوی وەکوو ئەو کاروانسەرایەیە، لەوانەیە ئەوەش، لەسەر نەخشەی کاروانسەرای ئەسەد وینە گیرابیتەوە، لەوکاتەی کە بە هۆی گۆرانی ریبازی کەنالی مەحموودییە، شوینی وەستگاکە بە ناچاری گواسترابیتەوە. ئەمرۆ ئەو کاروانسەرایە بریتییە لە ناوەندی گوندیك، ئەو گوندەش کاروانسەرای تری بچووکی تیدایە، کە هەندیکیان تەنها حەوشەیەکن و بۆ حوشترەکانیکاروانچییان دەوریان شوراکراوە، یان کراون بە قاوەخانەی هەمەجۆر و بازار و گەراژی ماشین و نیریەکانی نیوان بەغداو حلە، بۆ شوینی حەوانەوەی جۆراوجۆر.



وینە ١٤: خانی مەحموودیە

گۆشـەکانی کاروانسـەرای مەحموودیـە لـە شـێوەی زارە دیـوارن و ژوورۆچکـەی ناواخنیان وەکوو ئەدەبخانە بەکاردێن. بە هۆی دووەمین سەرخانی سەر دەروازەکە، کە پێنج پەنجەرەی بەرز و گـەورەی لێ کراوەتـەوە، جەسـتەی دەروازەکە بـەرزتر و قەبـەو گرانتر و بەرچاوتر هەڵکەوتووە (وێنە ١٥).



وێنە ١٥: دەروازەی خانی مەحموودیە

ئاوا هەموو کاروانسەرا گەورەکانی عیراق، وەکوو خانی ئەسەد، خانی مەحموودىیە بنیات نراون، بۆ نموونە (خانی موسەللا) و (خانی حامات) لەسەر جادەی نەجەف بەرەو کەربەلا، (خانی بەنی سەعد) لەسەر جادەی بەغدا بەرەو باقووبە، بەپێی بۆچوونی (ئۆپیرت) ئەوەی دوواییان لەلایەن (حاجی عیسا) ناویك دروستکراوەو پینج سەعاتە رێ لە باکووری بەغدا هەلکەوتووە، دەروازەکەی بەهۆی دیکۆر و کەوانە تیژەکانی تاقی کونجەکانی، کە گۆشەکانیان بە لاری گیراوە، شایانی سەرنجی تایبەتین (تەختە ٣)، لە دیواری پشتەوەی باگرەکەو، لە هەورازی سەر دەری دەرگاکەی، تاقیکی کەوان سەبەتەیی خۆپیشاندەدات. ژووری سەرخانەکە، یەك بە بەرینایی دەرگای دەروازە، سێ پەنجەرەی بەرزی کەوانە خری هەیە، هەریەك لە شەبکە دیواری تەنیشت تاقی دەروازە، بە هۆی سێ کویرە دەلاقەی بەسەر یەکەوە دیکۆر کراوە. دووی ژیرەوەیان کەوانتیژن و ئەوانەی سەرەوە بە ئاسۆیی سەریان گیراوە. بینای دەروازەکە تیکرا بە ددانە دیواریکی سیگۆشەیی و لە بان دوو هیلەدیوار، لە کەرپوچ (خشتی سوورەوەکراو) پاساردراوە.

کاروانسەرای (مەشاهید) (وینە ١٦) لە چاو ئەو کاروانسەرایانەی کە تا ئیستا باسمان کردوون، لە رووی ریکخستنی ژوورۆچکەی گۆشەکانی، لە هەمووان پیشکەوتووترە.




وینە ١٦: کاروانسەرای مەشاهید لای بەغدا

ئەوە دەكەویتە سەر جادەی بـەغدا بـەرەو كەربـەلا، ئـەو جادەیـەش لـە كـاتی حـەج هاتوچۆیـەكی زۆری لەسـەرە. هـەروەكوو كاروانسـەرای (جیتـان) لـە هـەر چـوار گۆشـەی چـوار قوللـەی بازنـەیی گـەورەی هەیـە، كـە لـە شـێوەی نیـوە بازنەیــەك بـەرەو دەرەوە دەرپـەریون و لـە نـاوەوە بـوون بـە بەشـێك لـە ریـزە كونجـەكانی تـر. ئــەو ژوورە چوارگۆشەیەی كە لە ئاكامی بـە یەكگەیشـتنی رارەوەكـان هاتۆتـە ئـاراو بـە گومـەزێكی كراوە و داكشاو سەری داپۆشراوە، هـەر لاییكـی نزیكـەی ٧٠ سـم بـۆ نـاوەوەی رارەوە كـە درێژكراونەتـەوەو گۆشـەكانی ناوەوەشـی كـەمێك لار پڕكراونەتـەوە، لەهـەر یـەكێك لـە لایـەكانی تەنیشـت قوللـە بازنەیی‌یەكـە كونجێكی هەیـە، كـە بـە قــەد رارەوی تــەویلان بەرینن و بە قەد كونجـەكانی تـر قوولـن و چوونەتـە نـاو نیوەبازنـەی گۆشـە قوللەكـەو بارستەی ناپێویستی دیـواری قوللەكـەی كـەم كردۆتـەوە. لـە نێوانـی ئـەو دوو كونجـەش ژووروٚچكەیەك هەیە، كـە كـاتی خـۆی ئاودەسـتخانە بـووە، لـە رووی گۆشـەلارەكەی نـاو گومەزەكـە دەرگـای بـۆ كراوەتـەوە. رارەوی تـەویلان، لـە كاروانسـەرای مەشـاهید، بـە بـەردەوامی و نـەپچراوی بـەناو هـەموو بیناكـە درێـژ بووەتـەوە، چونكـە هـەیوانی ناوەراسـتی لایـەكان تەنـها قولایـی هـەردوو كونجـی نـاوەوەی داگـیر كـردووە. بـەرینایی هەیوانەكان وەكوو بەرینایی ئەو ژوورەیە، كە لە پشـتەوەی هەیوانـەكان بـە گومـەزێكی كراوە سەریان گیراوە، لە كاتێكدا خانەكانی تـری میچـی رارەوەكـە بـە گومـەزی تـیرێژی سـەریان گـیراوە. ژووری گومـەزی دەروازەكـەش كـاتی خـۆی راسـتەوخۆ لەگـەڵ رارەوی تـەویلان تێكـەل بـووە، بـەلام ئێسـتا بـە دابرێـك لـەملاو ئـەولای لــە رارەوەكـە جــوودا كراوەتــەوە. بینــای دەروازە دوو نهۆمی‌یەكـــەی (وینــە ١٧) لـــە دەرەوە، لـــە چـــاو كاروانسەراكانی تر، پان و پۆرتر دیتە بەرچاو چونكە وەكوو هی كاروانسەراكانی تر بـە ستوونی لە بیناكە نەهاتۆتـە دەر، بـەلكوو بـەلارە گۆشـەیەكی ٤٥ پلـەكی لەگـەڵ دیـواری دەرەوەی كاروانسەراكە پەیوەستكراوە. لەناو ئەو بارستە دیوارە سێگۆشەیی‌یەش، كە لـە ئەنجامی ئەوەهاتۆتە ئـارا، لەهـەر لاییكـی نـهۆمی زەمینـی‌ی كونجێكـی نیـوە هەشـتلایی دروستكراوە، لە نهۆمی سەرەوەی ئەو كونجانە ژوورێك هەیە، كە هەمان شێوەی هەیـە، هەر بەو شێوەیەش لەسەر كونجـەكانی ئـەملاو ئـەولای بـاگرە بەرزەكـەی دەروازە هۆدە

دروست کراون و له رووی دەروازە پەنجەرەیان بۆ کراوەتەوە. لـه دیمـەنی دەرەوە را، بـه هـۆی قوللـه بازنەییـیەکان و ددانـه دیـواره کەوانـەیی و نووکتیژەکانی لیـواری دەرەوە، بیناکه سیماییکی قەڵاتئاسایی پیشاندەدات.



وینەی ١٧: کاروانسەرای مەشاهید لای بەغدا



وینەی ١٨: خانی حەسوە لەسەر جادەی بەغدا- حله

خانی (حەسوە)، وەستگای ناوەراستی ئیستای جادەی بـەغداد بـەرەو حلـە، تەنـها لـە شیکاری گۆشەکانی تەرزیکی تایبەتی بە خۆوە گرتووە (وینە ١٨). ریزە کونجی دەرەکی نزیکە بە شیوەیەکی بازنـەیی لـە گۆشـەکانی کاروانسـەراکە سووررینراونەتەوەو دیـواری دەرەوەش لە پشتی ئەو گۆشانە بـە تـەواوی بـە لاری دروسـتکراون. لـە تـەواوی دریـژی رووە دەرەکی‌یـەکانی ئـەو سـاختومانە، کـە نزیکـە چوارگۆشـەیی‌یە (٦٢ × ٥٦)م، لەهـەر گۆشەیەك حەوت مەتری لار کراوەتەوە. دەرگای چوونـە ژوورەوەی رارەوی تـەویلانیش کەوتۆتە گۆشە لارەکانی ناوەوە، لەو گۆشە لارانەوە بەرینایی کونجی نـاوەندی گۆشـەکان لە شیوەی دالانیـك و بـە ئاراسـتەیەکی ژیبی (دیگۆنـالی) دەچنـە نـاو رارەوی تـەویلان. تەنها لە رووی رۆژئاوای حەوشەکەی، هەیوانیك هەیە بە قەد قوولایی دوو ریزە کونجی نـاوەکی قوولـە. بینـای دەروازەکـەی (وینـە ١٩) هەرچـەندە لـە رووی بیناکـە هاتۆتـە دەرەوەو بە کونجیکی لار لەگەڵ دیواری دەرەوە پەیوەسـت کـراوە، بـەڵام تەنـها بـە هـۆی لادیواریکی شیوە تایبەت لە رووی بیناکە بۆ سەرەوە دەرپـەریوە، ئـەو دیـوارەش کویـرە کونجیکـی کـەوانتیژی لـە رووی دەرەوە هەیـەو لـە پشتەوەشـی پلیکانەیـەك بـەرەو روانگەیەکی بچووك دروستکراوە. ژووری گومەزی دەروازەکە و کونجەکانی دەوروبـەری زۆر بە ریکوپیکی دروستکراون.



وینە ١٩ دەروازەی خانی حەسوە

سەبارەت بە سەرنجراکیشیی و نزیکە هاویەکی پیکهاتە، باسی (خانی بیئرەالنوس) دەکەین، ئەو کاروانسەرایەی کە لە دوای دروستکردنی کاروانسەرای (حەسوە) پشگویخراو رۆلی نەما (وینە ٢٠). ئەو کاروانسەرایەش لە لایەن (کیپیل) باسی کراوەو (ئۆپیرت) لە سالی ١٨٥١/١٨٥٤ لە گەشتەکەی خۆی سەردانی کردووە. بالی لای جادەی، بە دەروازەکەیەوە، لەگەل ژوورەکانی ئەملاو ئەولای، بە تەواوی لە بالەکانی حەوشە جیاکراوەتەوە. بالەکانی حەوشە تەنها ریزە کونجیکی ناوەکی و یەکیکی دەرەکی روو لە حەوشەیان هەیەو لە ناوەندی لای حەوشەیان دەرگایان بۆ کراونەتەوە. سەبارەت بە بچووکی کاروانسەراکە لیرە هەیوانەکانی ناوەند دروست نەکراون. بەلام بالەکانی رۆژهەلاتی. لای جادە، هەروەکوو کاروانسەراکانی تر، دوو ریزە کونجیکی روو لە حەوشەیان هەیە. دەروازەکەی تۆزیك بەلای باکووری ناوەراستی ئەو لایە دامەزرینراوە. لەبەر هەندیش لەلای باشووری دەروازە جگە لە گۆشە کونجەکانی، چوار کونجی تری تەواوی حەوانەوە هەیە، کەچی لەلای باکووری تەنها جیگەی سێ کونجی لی بووەتەوە.




وینە ٢٠: خانی بیئرەننوس، لەسەر جادەی بەغدا- ٥



وێنە ٢١: دەروازەی خانی بیئرەننوس

لە ڕووی ڕوخساری دەرەوەش ئەو دەروازە هاویەك هەڵنەكەوتووە (وێنە ٢١)، لە كاتێكدا كە لەلای باكووریەوە، لە تەنیشت باگرە قووڵ و بەرینەكەی دەروازە، كە تاقێكی كەوانتیژی كراوەی هەیە، ژورێكی نەوی تری ڕوو بە جادە دروستكراوە و لە پشتی ئەو ژوورەوە، ساختومانی دەروازە لە ڕووی كاروانسەراكە بەستوونی بۆ دەرەوە دەرپەڕیوە، كەچی لەلای باشوریەوە، یەكسەر دوای باگرەكە، بەلاری و بە بڕی نیو مەتر بۆ دوواوە گەڕاوەتەوە، تا گەیشتۆتە دیواری دەرەوەی كاروانسەراكە. باگرەكە بە نیوە گومەزێكی كراوەسەری گیراوە، ئەو نیوە گومەزەش خراوەتە سەر تۆڕە میچێكی چەماوە، كە لە كەوتگەی زەمینیی شێوەیەكی لاكێشەیی هەیە. لە ناوەڕاستی سەرەوەی كەوانە كراوەكەی نووسینێك نوسراوە، كە نەتوانرا بخوێندرێتەوە. ژوری دەروازەكە شێوەیەكی چوار گۆشەیی گۆشەلاری هەیە. لە پشتەوەی ڕووە لارەكان، واتە لەسەر تەوەری هەردوو ژێی چوارگۆشەكە، چوار كونجی قووڵ هەڵكەوتووە. ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ژووره چوار گۆشەییەكە بۆ سەرجادە و حەوشە دەچێت و باكوور و

باشووری بۆ ناو ڕاڕەوی تەوێڵان. هەموو ژوورەکە بە میچی گومەزی جوان داپۆشراوە، کە لە کەرپوچ چنراون. ڕاڕەوی تەوێڵان، لە تەنیشتییەوە، بە سێ نێوانە پرد و بە چوار میچە سەبەتەی کەوانەیی لێك جودای گومەز ئیلیپسی بۆ میچی کونجەکانی تەنیشتیان دەپەڕنەوە. بۆ لای حەوشە دەروازەکە کەمێك چۆتە دەرەوە، لە دەستی باشووری ئەدەبخانەیەك و لە دەستی باکووری ژوورێکی تاریك دامەزرێنراوە، کە دەرگاکەی دەکەوێتە ناو ژووری دەروازە. پێ دەچێت دە دەروازەکە باڵاخانەیەکی هەبووبێت، بەڵام نەخشەی ئەو باڵاخانەیەش وەکوو بەرزی دەروازەکە نەتوانرا ساخ بکرێتەوە.

هەموو ئەو کاروانسەرایانەی کە لەمەوبەر باسمان لێوە کردوون، لەگەڵ بوونی هەندێ جیاوازی لە نێوانیان، بۆ نموونە لە ڕووی شێکاری گۆشەکانیان، پێکهاتەی پەیکەری دەروازەکانیان، هەروەها چۆنایەتی قولله پشتگیرەکانیان، بەڵام هەموویان لە شتێك هاوبەشن: ئەویش ئەوەیە هەر هەموویان لە چوارگۆشەیەك یان لە لاکێشەیەك پێکهاتوون، کە چواردەوریان بە ڕیزەکانی کونجی حەوانەوەو ڕاڕەوی تەوێلان گیراوە و لە ناوەڕاستانەوە حەوشەیێکی فراوانیان هەیە. بەپێی پێویست گەورەیی و بچووکی بیناکانیان تا درێژی ٩٠ م دیاری کراوە. دیارە کاروانسەرای لەمە گەورەتر لە پراکتیك نەبینراوە. هەروەکو پێشتر وتمان، لە سەردەمەکانی دواتر، بە کۆمەڵێك بینای بچووك بچووك لە شوێنێك بۆ دابینکردنی پێویستییەکان، وازیان هێناوە. لەوانەشە هۆی ئەمە ئەوە بووبێت، کە کاروانسەراکان وەکوو کاتەکانی پێشوو چیتر ڕۆڵی خێرخوازییان نەدیبێت، بەڵکوو تەنها بە مەبەستی هەڵسووڕانی کاروکاسبی و کاروباری بازرگانی هاتبنە ئارا. لەگەڵ ئەوەش لە میانی هەردوو شیکاردا، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی شەپۆلی کاروانچییان، شێوەیەکی تری زۆر سەرنجڕاکێشیان هێناوەتەدی، ئەویش بریتییە لە بینایێکی لاکێشەیی داخراو، کە دوو حەوشی فراوانی لە ناوەخۆ لە باوەش گرتوە. هەردوو کاروانسەرای (سەعد ئاباد) لەسەر جادەی ئەسفەهان بەرەو تاران و (موسالا) لەسەر جادەی نەجەف بەرەو کەربەلا نموونەی ئەو شێوەن. کاروانسەرای موسەلا (وێنە ٢٢) لە لاکێشەیەکی زەبەلاحی (٨٨,٥ × ١٤٦)م، بۆ دوورکەوتنەوە لە

بارستەی ناپێویست، گۆشـەکانی بـە لاری دروسـتکراون. لـە نـاوەندی سـێ لایـەوە، سـێ کەلووی نیوەبازنەیی هەیە، دەروازەکەی کەوتۆتە ناوەڕاستی لای ڕۆژهـەڵاتی، لـە ڕێگای ئەو دەروازەوە دەچێتە ناو حەوشـەیەکی قووڵـی (٨٠ × ٥٩) م، کـە هـەر چواردەوری بـە ڕیزێك کونجی سـادە شـورا کـراوە، بـەوەش کارەکتـەری حەوشـەی پێشـەوەی بیناکـەی بەخۆوە گرتووە. ئیتر ئەو حەوشە جگە لە بیرێکی ئاو، هیچی تری تێدا نیـەو خاڵیـە. نەبوونی هیچ سەکۆیەك و ژمارە کەمەکانی کونجی حەوانەوە تێیدا، وا پێشان دەدا، کـە ئـەو حەوشـــە بـــە شـــێوەیەکی ســـەرەکی بـــۆ حەوانـــەوەی حوشـــتری کاروانچیـیـــان بەکارهێنراوە. واتە بۆ ڕەوەیـەکی گـەورەی وڵاخـی بارهـەڵگر، کـە لـە لایـەن ژمـارەیێکی کەمی کاروانچی‌یان هێنراون بۆ ئەوێ.



وێنە ٢٢: خانی موسەللا لە نەجەف

لـە ناوەڕاسـتی لای ڕۆژئـاوای ئـەو پێشحەوشـە، دالانـە دەروازەیـەك دەچێتـە نـاو حەوشـــەکەی تـــری نـــاوەوە، کـــە (٥٨ × ٥٠) م فراوانـــە. ئـــەو حەوشـــەیە بـــە ژوورە سەرداپۆشراوەکانی حەوانـەوە دەورە گیـڕاوە، ئـەو ژوورانـەش بریتـین لـە ڕاڕەوێکـی بەردەوام و نـەپچڕاوی تـەوێلان و سێ ڕیـز کونجی حەوانـەوە. لە گۆشـەکانی نـاوەوەی

حەوشەی ناوەوەو لە دالآنە دەروازەکەی دەچێتە ناو ڕاڕەوی تـەوێلان، جگـە لـەوەش لـە گۆشەکانی باکوور و باشووری پێشحەوشەکەوە، ڕاڕەوی تـەوێلان ئاوەڵایـە، ژووری قوللـە نیوە بازنەیی‌یەکان لەگەڵ کونجەکانی هاوسێیان تێکەڵ بە یـەکتر بوونـەو کونجـەکانیان قووڵـتر کـردووە. لـە حەوشـەی نـاوەوە، جگـە لـە دوو سـەکۆی گـەورە، کـە لـەلای باشووری‌یەوە میحرابێك دروستکراوە، دوو ئەدەبخانەی سەربەخۆ و بیرێکی هاوشێوەی بیرەکەی پێشحەوشەی هەیە. نەخشـەی زەمینـی دەروازە سادە دوو نهۆمی‌یەکـەی، بـە هۆی چوار نیوە ستوونی تاج ستاکلایتی دابەشکراوە و تونێلی کەوانـەیی باگرەکـەی بـە موزایکێك لە کەرپوچێکی شوشەیی‌و، نەخش و نیگاری لەگەچ دا ڕێژراو ڕازێنراوەتەوە.

(خانی حامات) لـە ناوەڕاسـتی ڕێگـای نەجـەف بـەرەو کەربـەلا، کـە خـاوەنی پێنـج حەوشەیە، لە بنچینەدا لە ئاوێتەی دوو کاروانسەرای سەربەخۆ، لە تەرزی کاروانسەرای موسەلا، هاتۆتە ئارا. بچوکەکەی باکووری ڕۆژهـەلاتیان سێ حەوشـەو گەورەکـەیان دوو حەوشەی هەیە (وێنە ٢٣)، دەروازەی هـەردوو کاروانسـەرا کەوتۆتـە ڕووە هاوبەشـەکەی ڕۆژهەلاتیان، پێشحەوشەکەیان لە لایە تەنگەکانیان و لە لاباڵـەکانی تەنیشت حەوشـەی ناوەوە ڕێزە کونجێکی سادەیان هەیـە، کـەچی لـە بـاڵی لای جادەیـان ڕاڕەوی تـەوێلان و دوو ڕێـزە کونجـی حەوانـەوەیان هەیـە. حەوشـەی نـاوەوەش بـە سـێ ڕێـزی ڕاڕەوەی تـەوێلان و دوو ڕێـزی کونجـی حەوانـەوە دەورگـیراوە، هـەر حەوشـەیەك دوو سـەکۆی میحرابدارو دوو ئاودەستخانەی سەربەخۆی هەیە. حەوشە بچووکەکەی نێـوان هـەردوو کاروانسەراش وەکـو پێشحەوشـەکەیان دامـەزراوە. کاروانسـەرای حامـات دەروازەی شـێوە قوللـەیی نیـە، لـە جیـاتی ئەمـە لەسـەر بـاڵی هاوبەشـی نێـوان هـەردوو کاروانسـەرا، لـە کـەرخی (ئاسـتی) پێشحەوشـە گەورەکـە و حەوشـە بچووکەکـەی نـاوەوە، قوللەیـەك دروستکراوە، کە بەرزی‌یەکەی هەر بە قەدەر بـەرزی کاروانسـەراکەیەو بـە قـەد ڕاڕەوی دەروازەکە بەرینە. ئەو قوللەیەش ڕووتەختێکی (پلاتفـۆرم) لەسـەر چـوار سـتوونی بـە کەوانەی تیژ بەیەکەوە بەستراو هەلگرتووە، ئەو ڕووتەختەش بە ستارەیەکی نەخشـدار دیکۆر کراوە. ناکرێ ئەو بینایە، کە چ بڕ هاویەکی بـاوی (تـەقلیدی) تێدا نیـە، لەیـەك کاتدا وەکو یەك بینا دروستکرابێت، بە مەزندە دەبێـت حەوشـەی باشـووری ڕۆژئـاوای،

که بە کونجەکانی حەوانەوە دەور گیراوەو لەهەر گۆشەیەکی چوار قوللەی بازنەیی هەیە، کۆنترین بەشی ئەو بینایە بێت. بینایەکی گەورەتری نوێ، کە لە ناوەڕاستی لاکانی قوللەی بازنەیی هەبووە، لە پاڵ دروستکراوە، بەڵام هۆی بوونی گۆڕستانێك لە تەنیشتی، نەتونراوە بە هەمان ئاراستە ڕاست بنیات بنرێت، بۆیەشە باڵێکی بە لاری بەرەو جادە چووە. پاشان لە قۆناغی دوایی، هەردوو بینا بە هۆی دوو حەوشەی کونجدار بە یەکەوە لکێنراون.



وێنە ٢٣: خانی حامات لەسەر جادەی کەربەلا-نەجەف

کاروانسەرای (ئەمین ئاباد) لەسەر جادەی ئەسفەهان بەرەو شیراز، شێوەیەکی تری یەگجار تایبەتی هەیە، نەخشەی ئاسۆییە زەمینییەکەی لە جیاتی چوارگۆشەیەکی ئاسایی هەشتگۆشەیەکی ئاسایی ڕێکوپێکی هەیە (وێنە٢٤).



وێنە ٢٤: کاروانسەرای ئەمین ئاباد لەسەر ڕێگای ئەسفەهان بەرەو شیراز لە (P. Coste, Monuments modernes des la perse) وەرگیراوە.

(پاسـكال كۆسـتال) كـه ڕووپێـوی ئـەو كاروانسـەرایەی كـردووە و نەخشـەكەی كێشاوەتەوە، ئەوەی ڕۆشن كردۆتەوە، كە لە گەشتەكەی ئێرانیدا، تەنها سـێ دانـەی لـەم تـەرزە كاروانسـەرایە كەوتۆتـە بـەرچاو. مـن نـەمزانیوە كەلـە عـێراقیش هـچ جـۆرە كاروانسەراییێكی ئاوا هەبوبێت. ئەو بینایە ٥٨ م بەرینە. ڕووی پێشـەوە و قوللـە خـڕو نزیكە بازنەییەكانی هەر هەشت گۆشەی لێ بچێتەدەر، ئیتر بەشەكانی تری هەموو بـە دیوارێكی ددانەداری٦،٥م بەرز دەورە گیراوە. یەكێك لە هەشت لاكـانی دەروازەیـەكی دوو نهۆمی زەبەلاحی هەیەو سەرتاسەری ئـەو لایـەش بـە درێژایـی بـە كوێـرە تـاق و كونـج بـەش بـەش كـراوە. باگری دەروازەكـە كـە تـاقێكی كـەوانتیژی هەیـە، كەوتۆتـە نـاو چوارچێوەیـەكی لاكێشـەیی، ئـەو چوارچێوەش بـە سـواندەیەكی چین چینـی لوولـەیی پەسار دراوەو نزیكە ٣م لە باڵاخانەی دەروازەكە بەرزبۆتەوە. لەملاو ئەولای دەروازەكـە دوو كونجی نیوە هەشتگۆشەیی بە بان یەكەوە دروستكراون، ئەوانەی سـەرەوەیان وەكـو شـێوە بـالكۆنێك بـۆ ژوورەكـانی باڵەخانـەی دەروازە هەڵكـەوتوون. چوارچێـوە لاكێشـەییەكەی دەروازە بـە دیوارێكـی لار بـە دیـواری دەرەوەی كاروانسـەراكە پەیوەسـتكراوە. لـە ڕووی ئـەو پەیوەسـتە لارەش كونجێـك دروسـتكراوە. لـە بـاگرە تاقكەوانییەكەوە دەچیتە نـاو ڕاڕەوی دەروازە، لـەملاو ئـەولای ئـەو ڕاڕەوەش دوو ژوور بۆ چاودێرو پاسـەوانان هەیـە، لـە پشـتەوەی ئـەو ژوورانـە دوو كونجی تـر هـەن، كـە پلیكانـەیان تێدا نـاواخنكراوە بـۆ سـەربان و باڵەخانـە. لـە پشـتەوەی هـەر یـەكێك لـەو پلیكانەیـەش ژوورێكـی تـر هەیـە بـۆ حەوانـەوەی مێوانـان. دابەشـبوونی ژوورەكـانی نـاوەوەی وەكـو هـی كاروانسـەراكانی تـرە. حەوشـەیەكی هەشتگۆشـەیی دەكەوێتـە ناوەڕاسـتی بیناكـەو لـە ناوەڕاسـتی ئـەو حەوشـەیەش سـەكۆیەكی هەشتگۆشـەی دروستكراوە. هەرچوار دەوری حەوشەكەش بە ڕیزە كونجێك پەرژین دراوە، لـە دیـواری دوواوەی ئەو كونجانـە دەرگـایێك دەچێتـە ژوورەكـانی پشتەوەیان. ئـەو بارسـتە دیـوارە سێگۆشەییەی كە لە گۆشەكانی ناوەوە هاتۆتە ئارا، كراون بە ژوورۆچكەیەكی بازنـەیی و دەرگـەیان لـەناو كونجـەكانی هاوسییان بۆ كراوەتـەوە. لای بەرامبـەر دەروازەو دوولا سـتوونەكەی سـەر ئەولایـە، بـە هـۆی هـەیوانیك لـە ناوەڕاسـتەكانیان، پـتر خراونەتـە

بەرچاوان، هەر هەیوانێك قووڵایی کونجێك و ژوورەکەی پشتەوەی داگیرکردووە. لە پشتەوەی هەر هەیوانێکیش ژوورێکی هەشتگۆشەیی هەیە، کە بە گومەزێکی ئەستێرەیی سەریان داپۆشراوە، بە هۆی ئەم ژوورانەش ڕاڕەوی تەوێلان بووە بە چوار لەتی لەیەك جودا. لەملاو ئەولای هەر هەیوانێك کونجێك هەیە، لە تەنیشتی ئەو کونجانەش دەرگایێك هەیە بۆ ناوەوەی ڕاڕەوی تەوێلان. لە نێوانی ڕاڕەوی تەوێلان و دیواری دەرەوەی بیناکە ڕێزە کونجێکی تر هەیە، بەڵام لە جیاتی ئەم کونجانە لە لایە هەیواندارەکان ژووری داخراو هەن. لەم بینایە، بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەوانەی تر، زۆر جوانکاری سەرنجڕاکێشی تێداکراوە. بە تایبەت لێواری تاقی هەیوانەکان و کەوانەی نزمی دەرگاکانی ڕاڕەوی ناوەوە، بە نەخش و نیگاری لە کەرپوچ هەڵچنراو ڕازاندراوەتەوە، چوارچێوەی تاقی دەروازە سەرەکیەکەشی، لە کەرخی زەوی باڵاخانەکەی، بە نووسینە- ملوانکەیەك ئارایشتکراوە.

لە کۆتاییدا، وەکو نموونەیەکی تری کاروانسەرای ئێرانی، باسی کاروانسەرای (بێستوون) دەکەم (تەختە ٤). ڕوخسارەکانی ئەو کاروانسەرایە دەچێتەوە سەر ڕووخساری کاروانسەرای (ئەمین ئاباد). سەرەڕای باگرێکی بەرز، دەروازەکەی کوێرە تاقێکی باریکەلەی سێ نهۆمی هەیە. ژووری دەروازەکەی لە چاو ژوورەکانی تری زۆر بەرینترە. ئەو بەشە بەرینەش بە هۆی دیوارێکی لار بە بەشبەشە تەسکترەکان پەیوەستکراون، لەودیوارەش کونجێکی نیوە هەشتگۆشەیی دوو نهۆمی جێی خۆی گرتووە، لە کاتێکدا ڕووخسارەکانی کاروانسەرای ئەمین ئاباد، هەروەها خانی ئەسەدی بەغدا، تەنها بە هۆی دابەشکاری کوێرە تاقان ڕووێکی ئارشیتێکتوری پێدراوە، کەچی دەبینین وەستای ئەو بینایە ڕووخساری بیناکەی بەڕێزە کونجێکی کوور (قووڵ) داپۆشیوە، بە شێوەیەك کە ئەو کونجانە ئەگەر بۆ شەو بەسەربردنیش کەڵکیان نەبێت، ئەوا بۆ پشوودانی کاروانچیان بۆ کاتێکی کورت، وەکو پشوگایێك، یان بۆ فرۆشگای بچووك بچووك زۆر لەبارن. گۆشەکانی کاروانسەرای بێستوون بە قوللەی سێ چوارەگە بازنەیی گیراون، کە نهۆمێك لە کاروانسەراکە بەرزترن و باڵەخانەیەکی زارشێوەیی بەرەو دەرەوە ئاوەڵا، بە تەنیشتیەوە پەیوەستکراوە؟

له بيناى ئەو كاروانسەرايە، شتێكى تريش شايانى سەرنجلێدانە، هەموو بەشەكانى زۆربەى كاروانسەراكانى عێراق و ئێران، لە كەرپوچ دروستكراون. ئەو پەڕەكەى لە لێژايى بيابانەكان بەدواوە، پارچە بەرديش بەكارهێنراوە. ئەويش تەنها لە ميچە چەماوەكانيان كە بە گەچ دروستكراون (چاتى)، لە سەرەوەى سامەڕاوە، دەبينرێت، كە لە ديوارەكانيشيان هەريەك جۆرێك لە بەردى بەكارهێنراوە، كەچى لە كاروانسەراى بێستوون، هەردوو ماددەى بينا، واتە بەردى سروشتى و كەرپوچ پێكەوە بەكارهێنراون. بناغەى ديوارەكان تا بەرزى ڕووى سەكۆكەى بە پارچە بەرد دروستكراوە، زەمينى سەكۆكە و ڕوومەتەكانى بە بەردێكى باشى نەقاڕى بەرگكراوە، هەروەها ديوارى دەروازەكەشى. هەموو ديوارەكانى سەرەوەى ئەمانە بە كەرپوچ هەڵچنراوە. وە كۆتايى سەرەوەيان، بە دوو چينى لولەيى لەسەريەك پاساركراون.

كاروانسەراى (شاعەباس)[١٩] لە (سەبزەوار)ى ڕۆژهەڵاتى (ئەستەرئاباد)يش دەچێتەوە سەر دەزگا كۆنەكانى ميزۆپۆتاميا. لە حەوشە، لە پشتەوەى ڕێزە كونجە تاقدارەكانى، گەنجينەى گومەزدار هەيە، لە پشتەوەى ئەوانەش ڕاڕەوى تەوێلان، بە هەيوانێك و دالانى دەروازە بووە بە دوو بەشى لێكتر جودا، كە لە دەورى هەموو كاروانسەراكە دەسوڕێتەوە. بەرامبەر ئەوە لەم كاروانسەرايە ڕێزە كونجە قووڵە دەرەكىيەكە نيە. جگە لەوەش دەروازەو هەيوانەكەى بەرامبەر دەروازە دوو نهۆمى دروستكراون. بە شێوەيەكى جياواز لەگەڵ هەموو ئەو كاروانسەرايانەى كە تا ئێستا باسمان لێوە كردوون، بەلام لە بيرى بنچينەيىيان وەكو ئەوان، كاروانسەراى (ريبات)ى (سەنخاس)[٢٠] (Senchas) لەسەر جادە بڵند و كۆنەكەى جورجان- مەشهەد بنياتنراوە. ئەو كاروانسەرايەش بە پێى ئەو تاسولقانەى كە لە لايەن (ئێ. ديز) دۆزراونەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەى ١٦ تا ١٧ى زاينى. لەسەر ئەو جادەيە، كە ناومان برد، چواردە پشووگا لە لايەن (ئەمير عەلى شێر)ى وەزيرى (سوڵتان حوسەين بايگر (١٥٠٩ز) دروستكراوە، شەشەمينەكەيان (ريباتى ئيشق) بووە لە سەنخاس، كە دەبێت ئەوە هەمان كەلاوەكەى ئێستا بێت. لە توانادا نەبووە، كە ئەو چواردە كاروانسەرايە ساغ بكرێتەوە، هەندێكيان تەنها كەلاوەيەكى وێرانەى بێ شێوەيان لێ ماوەتەوە، چونكە لە ناوچە

تەخت و راستاییەکان تەنها لە خشتی خاوی قور دروست کراون، بۆیەشە بە تەواوی ویران بوونە.

ریباتە هەلکەوتووەکەی ناو گردۆلکەکانی سەنخاس، لەچاو ئەوانەی تر، قایم و خۆراگر بووە. سەبارەت بەوەی بە قوم و پارچە بەرد بیناکراوە، توانیویەتی دوای بەسەرچوونی ئەو هەمو سەدەیە بەرگە بگریت و بمینیت (ریبات وشەیەکی ئیرانییە بەرامبەر خان و کاروانسەراو میوانخانە بەکارهاتووە). ئەو کاروانسەرایە بریتییە لە لاکیشەیەکی (٤٣ × ٢٨) م (وینە ٢٥)،




وینە ٢٥: ریباتی سەنخاس

لە (E. Diey: Churasanische Baudenkmaler I. Abb. 39 Berlin 1918. D. Reimer) وەرگیراوە.

بالی دەروازەکەی زۆر قوولە و لایەکەی بەرامبەر دەروازە تەنها ریزە کونجیکی نەوی هەیە، باڵەکانی ئەملاو ئەولاشی، بەلای حەوشەوە، ریزە ژووریکی هەیە، کە بەرەو حەوشە هەریەکیك لەوانە هەیوانۆکەیەك بەرەو حەوشە بۆ کراوە، لە پشتەوەی ئەو ریزە ژوورە، بەلای دەرەوە، رارەوە تەویلەیەکی ٤٠ م دریژ هەیە، کە ریزە کونجیکی بچووکی دەرەکی هەیە. رارەوەکە لە کەرخی بالی دەروازە بەرین دەبیتەوە، شیوەی دوو هۆلی بە خۆوە گرتووە، کە لە دالانی دەروازەوە دەرگایان بۆ کراوەتەوە. بالی باشوور، لەلای حەوشەوە، بە هۆی هەیوانیکی میحرابدار بۆ نویژکردن، لە ناوەراستەوە، پچراوە، لە گۆشەی باشووری رۆژهەلاتی خانەکە گەرماویکی میچگۆمەزی هەیە. پیکهاتەی ئەو دەرگایە بە گشتی ئەوە پیشاندەدات، کە ئەو کاروانسەرایە بۆ موسافیرانی دەولەتی رەسمی پایەدار بەکارهینراوە، ئەو چواردە ریباتەش کە باسمان کردن، هەر بۆ ئەو مەبەستە دروستکراون. لیرە کونجە کراوەکانی حەوانەوە بە ژمارە زۆر نین و بۆ ژمارەییکی زۆری کاروانچیان تەرخان نەکراوە، لە جیاتی ئەمە هۆدەی داخراوی هەیواندارو بێ هەیوان دروستکراون. بوونی گەرماویش لەم کاروانسەرایە، نیشانەی خۆشگوزەرانی‌یە، کە ئەمە لە کاروانسەراکانی تر نەدیتراوە. بەشی پیشەوەی ئەو ریباتەو هەروەها گۆشە قوللە سیچوارەگە بازنەیی‌یەکانی دو نهۆمین. لە گۆشە قوللەکان و قوللەکانی پیشەوە، پلیکانە هەیە بۆ سەربان. لە کاتیکدا بەشەکانی بیناکە لە پارچە بەرد بنیاتنراوە، کەچی دەروازەکەی لە زیخەبەردی تەواو زار شیوەیی تاشراو، بە وشکە کەلەك هەلچنراوە. لە سەرەوەی سەردەرەکەشی چەناخەیەك لە کالکە بەرد (بەردی کلسی) بۆ نووسین جیگیر کراوە.

## ب- ئاسیای بچووك[٢١]

له ئاسیای بچووك تەنها یەك تەرزە دەزگای كاروانسەرا هەیە كە جیاوازی هەبێت لەگەڵ كاروانسەراكانی میزۆپۆتامیاو ئێران. بەڵام لە ڕووی پەیوەند بە ژوورەكان و پاراستنی مێوان و گیانەوەر و كەلوپەلەكان ئەویش هەروەكو ئەوانەی ترە، سەبارەت بەوەی كە ئەو هەرێمانە لە هەرێمەكانی خوارووتر بارانتر و شەوەكانیان ساردترن، بۆیە كاروانسەراكانیان ژووری داخراویان زۆرترە.

لە ڕووی مێژووی بیناكاری، كاروانسەراكانی ئاسیای بچووك دەگەڕێتەوە بۆ سەدەكانی ١٢ تا ١٤-ەم، واتە سەردەمەكانی حوكمڕانی سەلجوقییەكان، ئەوانەش خاوەنی هەمان تەرزن، چ لە ناوچەكانی ناوەوە، لەسەر ئەو جادانەی كە بەرەو (قونیە) دەچن، چ لە كەنارەكانی دەریای ناوەڕاست. هیچ كاروانسەرایەكی كۆنتر لەمانە، تا ئێستا لە هیچ شوێنێك نەدیتراوە. لە دوای چەرخی گەشانەوەی سەلجووقییەكان، وێران بوون و نەهاتنی بۆ جادەو كاروانسەرا یادگارەكان، شانبەشان لەگەڵ كزبوونی بازرگانی و هاتوچۆ، دەستی پێكرد و بەرەو نەمان چوون. لە سەردەمەكانی دواتر تەنها بە دابینكردنی ئاتاجییەكان و ئاواكردنەوەی هەندێ بەشی بیناكانی سەلجووقی وازیانهێناوە، یان ئەوەتە لە مەیدانە نوێكانی بازرگانی بینای سادەو ساكاریان تەنها بۆ پڕكردنەوەی پێویستییەكان دروستكردووە. بۆیەشە بە باسێكی كورتی كاروانسەراكانی سەلجووقی واز بەو بەشە دەهێنین، ئەو كورتە باسەش لە لایەن (زارێ) و (لانكۆرۆنسكی)[٢٢] سەری هەڵداوەو نەخشەی زەمینیی هەندێكیشیانی پێشانداوە، ئەم باسانەی خوارەوە لەم بارەیەوە، بە شێوەیەكی گشتی لەم دوو چاوگە وەرگیراون، چونكە من لە كاتی كورتە گەشتەكەم بە ئاسیای بچووك، دەرفەتی ئەوەم نەبوو، كە نەخشەی كاروانسەراكان بكێشمەوە.

یەکێك لە کاروانسەراکانی سەردەمی سەلجووقی، کە تا ئێستا بە باشی ماوە، کاروانسەرای بەرێژە بچووکی (ئاك Ak)ە کە لە (گوندیارلی Gondjarly)[٢٣] ، کە وەستگاییێکی شەمەندەفەرە لە (سمورما- ئیزمیری ئەمڕۆ. ع. د.)وە بەرەو (Aidin)، وەکوو گەلێك لە بینا یادگارەکانی ئەو قۆناغە، لە بەردی پاشماوەی شارە دێرینە وێرانبووەکان بیناکراوە، بەو شێوە ئەو بینایەش لە بەردە مەرمەڕەکانی (Laodicaea)ی هاوسێی دروستکراوە. لەلای دەرەوەیەوە کاروانسەرای (ئاك) وەکوو قەلاییێکی کەلووداری ئاوێتەی دوو چوارگۆشەی ڕووبەر جیاواز خۆدەنوێنێ. نەخشەی ئاسۆیی زەمینیی (وێنە ٢٦) پێك هاتووە لە دوو پارچە، حەوشەیەکی چوارگۆشەیی لا ١٩م، کە بەشە بینای جۆراو جۆری تێدایە، لەگەڵ لاکێشەیێکی (١٣,٥ × ١٢)م لەلای باکووریەوە کە بە هۆی دوو ڕێزە ستوون کراوە بە سێ بەش و میچێکی چەماو سەری گیراوە.



وێنە ٢٦: کاروانسەرای ئاك لە گوندیارلی

**(Sarre: Reise in Klein- Asien Berlin 1897, D. Reimer.)**

ئەو كاروانسەرايە يەك دەرگای هەيە، كە دەكەوێتە باشووری حەوشەكەی و بە نەخش و نيگار ڕازاندراوەتەوە (تەختە ٤)، بەرامبەری ئەوەش دەروازەيێكی ڕازاوەی تاقدار بۆ بەشی پێشەوە هەيە. لە ڕووخساری ستوون و تاجی ستوونەكان شێوەكاری بێزەنتی و ڕۆمی تێكەڵ يەكتر كراوە. كەللە سەرێكی گۆرگۆنی[٢٤] ڕۆمی سەردەمەكانی دوايی لە ڕووی دەرەوەی، نيگاری باڵداران لە تاجی ستوونەكانی دەروازەو، دوو بنكە ڕاگرە سەر شێريەكەی حەوشە، لەوە دەچێت كە هەموو پێكەوە دروستكرابن. سەلجووقىيەكان نيگار و پەيكەريان زۆر لە پێكهاتەی بيناكان بەكارهێناوە، هەرچەندە ئەوان ئيسلامی سوننەش بوون، ئەوەش پەيوەندداری سەلجووقىيەكان بە ئێران و هەند هەڵنەگرتنی ديدی مەزهەبی لە لايەن ئەميرەكانی سەلجووقی پێشاندەدان، كە لە نزيكەوە كەلتووری مەسيحايەتی بێزەنتىيەكان بوون. لەملاولەولای دەروازەی كاروانسەراكانی (ئينجير Indjir) و (ئەداليا Adalia) كە لە ١٢٣٨ ز دروستكراوە، دروشمی سوڵتان لەسەر پارەيەكی (خوسرەوی دووەم) وێنەكێشراوە: دووشێر، كە ئارامی هەنگاويان هەڵهێناوەو ڕۆژێكيان لە پشت هەڵاتووە.

ئاوا هەروەكو كاروانسەرای ئاك، كاروانسەراكانی تری سەلجووقی بيناكراون، هەموو پێكدێن لە پێشحەوشەيەك، كە بۆ باردانان و باركردنی وڵاخە بارىيەكانی كاروانچىيان بەكارهاتووە، ژوورەكانی دەورەی حەوشەش بە شێوەيەكی گشتی بۆ كۆگا، وەكوو تەوێلە لە كاتی گەرما، يان وەكوو چاخانەی چێشتخانە بەكارهێنراون. بەڵام بينا بچووكە ميچچەماوەكە تەنها بۆ حەوانەوەی موسافير و گيانەوەران بەكارهاتووە. لە حەوشەكەی پێشەوە، وەكوو هی كاروانسەراكانی ميزۆپۆتاميا، سەكۆيەكی يەك مەتر بەرز هەيە بۆ پشوودان و دانيشتن.

لە كاروانسەرا بچووكەكانی ئاسيای بچووك، جياوازی تەنها لە ڕووی گەورەيی، يان لە وردەكارىيە كەم تا زۆر سەرنجڕاكێش و ديكۆرئامێزەكانە. بەو شێوەيە كاروانسەرای (ئوبروك Obruk) كە لە نێوانی قونيەو سوڵتانخان، كە پێدەچێت لە سەدەی ١٣-١٤ دروستكرابێت، بە هۆی دەروازە زل و زەبەلاحەكەی سەرنجی بينەر بۆ خۆی ڕادەكێشێ (تەختە ٤).

لەسەر جادەی ئەدالیا بەرەو (ئیسپارتا Isparta) لەناو بەشە داپۆشراوەکەی کاروانسەرای (سوسوس Susus) سەکۆیەك بۆ موسافیران دروستکراوە. حەوشەکەی پێشەوەی تەنها بە هۆی میچی چەماوەی ژوورەکانی دەوری حەوشەو دیوارەکانیان دەناسرێتەوە، کەچی بەشە چوارگۆشە داپۆشراوەکەی، نزیکە هێشتان هەر ماوە، دیوارە ئازادەکانی ئەو بەشە، هەشت قوللەی بازنەیی و هەشتگۆشەیی هەیە، کە تەنها بۆ پشتگیری دیوارەکان بەکارهێنراون. لە ناوەوەش ئەو ژورە میچچەماوە، کە ٢٦,٥٣ × ٢٥,٧٤ م فراوانە، ١٦ دینگەی برگە چوارگۆشەیی هەیە، کە ژوورەکە دابەشی پێنج بەش دەکەن. بەشەکەی ناوەڕاست کە ٤,٨٥ × ١٠ مەترە، بەرزترین بە شەو بە میچێکی چەماوەی کەوانتیژی تونێلی، کە لەسەر پشتێنەپیەکی بۆ پێشەوە دەرپەڕیوە سەرپۆشکراوە. گومەزێکیش خراوەتە سەر بەشی ناوەڕاستی ئەو میچە تونێلییە. لە دەرەوەڕا گومەزەکە وەکوو بینایەکی هەشتگۆشەیی دەکەوێتە بەرچاو، پەنجەرەکانی کەمەری گومەزەکەو پەنجەرە بچووکەکانی دیواری دەرەوە ڕوناکی دەدەنە ناوەوەی ئەو بەشە. ئەو سەکۆیەی کە باسکرا نزیکەی مەترێك بەرزەو دەکەوێتە نێوان دوو گروپەی هەشتینگەیی، لەملاوئەولای بەشەکەی ناوەڕاست. ئاخوڕ و ئەلقەسنگ لە ڕووی ناوەوەی دیواری دەرەوە بۆ وڵاخان قایمکراوە. دەروازەکەی بە جووتە پەیکەرێکی باڵدار و تەشکشۆڕ، لە چەشنی ئەوانەی بازاڕی قۆنیە، ڕازاوەتەوە.

قەشەنگترین کاروانسەرای ئاسیای بچووك و هەروەها جوانترین ساختومانی سەلجووقی کە تا ئێستا ماوەتەوە خانی سوڵتانە، لە ڕۆژهەڵاتی قۆنیە لە نزیك (ئاکسەرای Akserai). بە بەرینایی ڕووی پێشەوەی ٦٦,٠٣ م و بە درێژایی ١١٨,٧ م بریتییە لە گەورەترین کاروانسەراکانی قۆناغی سەلجووقی. جگە لەو خانی سوڵتانەی کە لە لایەن (Comte de Cholet) باسکراوە، لە نێوانی (قەیسەرییە Kaisarie) و سێواس، کە گوایە ١٠٠ × ٢٠٠ م گەورە بووە و جوانترین نموونەی هونەری ئاسیایی و عارەبی بووە. دەنا لە هیچ شوێنێکی تر باسی (خانی سوڵتان) نەبیستراوە.

کاروانسەرای سوڵتان (وێنە ٢٧) کە لە ساڵی ١٢٢٩ لە لایەن بەناوبانگترین ئەمیری سەلجوقی (سوڵتان عەلائەددین کەیقوباد)ی یەکەم دامەزرێنراوە دەکەوێتە سەر خاڵی

ستراتیجی بە یەکگەیشتنی سێ جادەی (Angora- Ancyro) و (Ladicaea- Ladik) و (Konia- Ikonium) و (-akserai- Archilais). بۆیەشە وا گەورە و قەشەنگ و ڕازاوە دروستکراوە. دیوارە ئەستوورەکانی دەرەوەی ٢,٥٥ م، کە لە دوو چینی تەریبی پڕکراوە بە قوم ووردکە بەرد پێکهاتووە، بە هۆی قوللەی چوارگۆشەیی و هەشتگۆشەیی پشتگیر کراوە، کە درێژی هەر لایێکیان ٣ تا ٤ مەترە. پێشحەوشەکەشی بەردڕێژکراوەو لە سێ لاوە بە ژوور پەرژینکراوە. لە باکووریەوە ١٠ تەوێلەی نزیکە ١٠ م قوولْ هەیە، کە بە میچی چەماوە و تونێلی ٧ م بەرز داپۆشراون، لوتکەی کەوانەکانیان بەرەو حەوشە کراونەتەوەو بە نێوان کەوانەی ٢ م و ٤ م بەرز لەگەڵ یەکتر پەیوەستکراون. لەلای باشوورەوە ژووری قوولْ قوولْ هەڵکەوتوون و دەرگایان بۆ کراوەتەوە، هەندێکیان وەکوو کۆگا یان ژووری حەوانەوە بەکارهێنراون. لە باڵی دەروازەکەیەوە، ژوورێکی سۆپادار هەیە، ئەو ژوورە بۆ حەوانەوەی پاسەوانانی کاروانسەراکە بووە. هەروەکوو کاروانسەرای (Ishakli) و ئەوانەی تر، هەروەها وەکوو کاروانسەرای شارەکان، لە ناوەڕاستی حەوشە مزگەوتێکی بچووك هەیە، کە بریتییە لە خانووێکی چوارگۆشەو لەسەر خاچە میچێکی چەماوە بنیاتنراوە.

لە دەروازەیەکی ڕازاوە لە حەوشەوە دەچیتە ناو بینا داخراوە میچچەماوەکە، لە ناوەوەرا نزیکەی ٢٩ م بەرین و ٥٣ م درێژە. گومەزیکی تونیلی بەرز کەوتۆتە ناوەڕاستی تەوەرە درێژەکەی، لەو تونیلە گومەزییەوە، لە هەر لاییك ٦ تونیلی گومەزی نەویتر هەن. کە بە هۆی دوو کەوانە بە یەکترەوە بەستراون لە ناوەڕاستی بیناکە گومەزیك هەیە، کە لەسەر کەمەرەیەکی بەرز وەستاوە، ئەو کەمەرەیەش نیوەی ژێرەوەی چوارگۆشەیی و نیوەی سەرەوەی هەشتگۆشەیی خۆپیشاندەدات. ئەوەش بە بانیکی کراوەی هەرەمی سەری داپۆشراوە. وەکوو هەموو کاروانسەراکانی تری لەم تەرزە، لیرەش جگە لە دەروازەی سەرەکی کاروانسەراکەو دەروازەیەکی دووەم لە حەوشەوە بۆ بینا داخراوەکە، دەرگاییکی تری بچووکی ناسەرەکیش لە رووی پشتەوە بۆ ئەو بەشەی دوواییان کراوەتەوە.



وێنەی ٢٧: نەخشەی ئاسۆیی خانی سوڵتان

لە (Serre: Reise in Klain- Asien. Berlin 1896. Dietrich Reimer) وەرگیراوە

لـه كاروانسـەراكانیتری سـەلجووقی، وەكـوو كاروانسـەرای (خوراسـلی Chorasli) لـە قونیە، (ئەڤدیر Ewdir) لە (Termenos) و (ئینجیر Indjir) لە دالیا، ئـەمڕۆ تەنـها بینـا میچچـە مـاوەو داخراوەكـەیان دەناسـرێتەوە. بـەڵام بـە هـۆی كـەلی (لـە كەلێنـەوە) پەیوەسـتەكانی دیـوارو میچەكانـە لـەلای پێشـەوەیان ئاشـكرا دەبێـت كـە پێشـتر بەشـی پێشحەوشەیان هەبووە، یان بەلای كەم نەخشەی دروسـتكردنیان لـە ئـارادا هـەبووە، بـە شێوەیەك كە تەرزی كاروانسەرای تەنها لە بەشی داخراو پێكهاتووە.

## ج-دامودەزگای بچووکی هەمەجۆر

کاروانسەرا نویکان، بە تایبەت هی سەر ئەو جادانەی کە هاتوچۆیان زۆر بەسەرەوە نەبووە، بە تەواوەتی لە کارەکتەر و روخساری مۆنۆمینتالی بە دوور کەوتوونەتەوە، تەنها بە مەبەستی بەکارهینان و سوودلیوەرگرتن بۆ دابینکردنی ئاتاجییەکان هاتوونەتە دامەزراندن و هیچ جۆرە هونەریکی ئارشیتیکتوری و جوانکاریان تیدا خەرج نەکراوە. گەورەیی ژوورەکانیان هەرگیز لە سنووری پیویستییەکان نەچۆتە دەرەوە. بەلام شیوە دیرینە لاکیشەیییەکەیان هەر تیدا ماوە، دەوروبەرەکەشیان وەکوو کاروانسەرای گەنئاخی (Genachi) (وینە ٢٨) لەسەر ریگای دیاربەکر بەرەو (سیڤرك Sewerk) بە تەواوی بە خانوبەرە گیراوە.



وینەی ٢٨: خانی گەنئاخی لەسەر جادەی دیاربەکر- سیڤەرەك

ئەو ساختومانە ٥١,٦ م دریژ و ٣٠,٤٠ م بەرینە، سێ بالی هەیە لە دەوری حەوشەیەك، لە بالی لای باشووری دالانی دەروازەکەی بۆ کراوەتەوە. لە بالی باشوور و بالی رۆژئاوای ناوە ناوە پچراوەو لە شوینگە پچراوەکان ژووری دوو هۆدەیی تیدا

دروستكراوه، ژوورەكەی لای حەوشەیان دەرگای لەناو تەوێلە تاقدارەكەی لای حەوشە بۆ كراوەتەوە. باڵی باكوور، بەرەو حەوشە، بۆ چوار ژوور و نێوانە هۆڵێك دابەشكراوە، لەناو نێوانە هۆڵەكەوە دەرگایێك دەچێتە ناو تەوێلەیەكی تر، كە یەك بە درێژایی باڵی باكوور لە پشتەوەی ئەو ژوورانە هەڵكەوتووە. ژوور و تەوێلەكان بەرەو دەرەوە پەنجەرەیان هەیە، ئەو دیاردەیەش لە كاروانسەراكانی تر بەدی نەكراوە. وەستای ئەو بینایە، بایەخێكی زۆری داوە بە ستوونی تاقەكانی دیواری دەرەوە. ئەوانەو ئەوانەی ناوەڕاست تەوێلەكان، لە بەردی نەقاڕی دروستكراون. سەربانەكەی بە چینە قوڕینەكانەی تر گیراون (واتە شەقڵەو حەسیر و خۆرەبان و قوڕەپەست و پاشان سواق. ع. د) لە گوندەكان، كە بە هۆی خانووە كۆنترەكان شوێن كەم بۆتەوە، ڕووی جادەیان، یان دوو باڵەكەی تریشیان دوو نهۆمیی دروستكراون و سوودی هەمەجۆریان لێ وەردەگیرێت، زۆربەی جاران نهۆمی زەمینی لای جادە، فرۆشگای تێدایە، هەروەكوو (خانی زەرد)ی نێوان فورات و ئورفە (تەختە ٥)، جگە لە تەوێلەی وڵاخان لەلای حەوشە، كۆگاو بارخانە بۆ كەلوپەلی موسافیران شتێكی باوو عادەتە. خانی (دەرەسوور) كە بە هۆی پلیكانەیەكی بەردینی دەرەكی دەچێتە نهۆمی دووەمی، خانی ئاخبار (وێنە ٢٩) لە دیاربەكر و گەلێكی تر لە تەرزە دوو نهۆمییەكانن. (كاروانسەرای محەممەد) لە گردۆڵكەكانی تەقتەق لە نێوان ئورفەو وێرانشەهر (وێرانەشار) لەمەش شاكارتر دروستكراوە (وێنە ٣٠)، سەبارەت بە شاخە بەردینەكەی دەوروبەری نەتوانراوە بیناكە زۆر پانوپۆڕ دابمەزرێنرێت، جگە لەوەش كەمی هاتوچۆ لەسەر جادەكە، پێویستی بە كاروانسەرایێكی بچووك هەبووە، لەبەر هەندێش تەنها ژوورێكی درێژی ٦ م بەرین بۆ تەوێلە دروستكراوەو بە میچێكی چەماوەی تونێلی داپۆشراوە، لە كۆتایی لای ڕۆژئاوایەوە خانوێكی حەوانەوەی بچووكی بۆ زیادكراوە، كە دوو ژووری مێوان و ژوورێكی پاسەوانان و پێشهۆڵێكی هەیە. بە هۆی هەڵكەوتەی شوێنەكەشی، سەبارەت بەوەی كە كەوتۆتە ناوچەیەكی بەرداوی، كاروانسەرای محەممەد لەبەرد دروستكراوە، بەڵام لە ناوچە گرداویە دارستانەكان، ژوورەكانی حەوانەوە بە هەمان شێوە لە دار دروستكراون، بۆ نموونە كاروانسەرای (تورۆس) لە دەروازەی (Cilici) (وێنە ٣١). ئەو خانووانە وەكوو مێوانخانەیەكی ناوچەكانی ئێمەو كاروانسەراكانی ڕۆژهەڵاتیین.




وینه‌ی ٢٩: خانی ئاخبار له دیاربه‌کر (نهۆمی سه‌ره‌وه)




وێنه ٣٠ خانی موحه‌مه‌د له ته‌قته‌ق




وێنه ٣١ مێوانخانه‌ی تۆڕوس

# III
# کاروانسەرا شاریی‌ەکان

## أ-دەزگا والآکان

لە شارەکانی ڕۆژهەڵات، بەپێی جۆری بـەکارهێنانیان، کاروانسـەراکان بـۆ دوو جـۆر لە یەکتر جودا دەکرێنەوە. جۆرێکیان هەروەکوو کاروانسەرای سەر ڕێگای نێوان وڵاتـان، بۆ حەوانەوەی کاروانچی‌یان، ئەوەی تریشیان ئەو کاروانسەرایانەن کـە ژوورەکانیـان بـۆ دابینکردنی سەوداو فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانە بەکاردێن، کە کاروانچیـان لەگـەڵ خۆیـان دەیانهێنن.

لە شارە گەورەکان جۆری یەکەمیان بۆ حەوانەوەی کاروانچی‌یانە، لـە کـاتی ئێسـتادا بە زۆری دەکەونە قـەراخی شـارەکان، سـەبارەت بـەوەی لـە ڕۆخـی شـارەکان زەوی چۆڵ زۆرە و توانای فراوانکردنی حەوشە بۆ ژمارەیێکی زۆر لە وڵاخی بەرزە لە ئارادا هەیـە. بـەڵام ئـەمڕۆ ئـەم کاروانسـەرایانەی بـۆ سـەوداو بازرگـانی لەبـەرچاوگیراون بـە گشـتی دەکەونە ناوەوەی شارەکان و زۆربەیان لـە چـوار ڕای جادە سـەرەکی‌یەکان هەڵکـەوتوون (گۆشەکانی یەکتر بڕینی دوو جادەی سـەرەکی) وە بـە شـێوەیەك کـە لـە هـەردوو جـادە سـەرەکی‌یەکە دەروازەیـان بـۆ کراوەتــەوە، بـۆ ئـەوەی بازرگـان و سـەوداکەران وڵاخـە بارهەڵگرەکانیان بێ کۆسپ و بەربەسـت بێـن و بچـن. دیـارە تـەرزی بیناکـانیش لەگـەڵ هەلومــەرجی جـۆری بـەکارهێنانیان گونجێـنراوە، هەرچـەندە لەوێنـەی بنچینــەییدا هەموو تەرزەکان کەلوپەل. و بارخانەکان و ئەوانەی حەوانەوەی مێوان وەکو یەکن.

ئـەو كاروانسـەرايانەی كـە تەنـها بـۆ خزمـەتگوزاری هـاتوچۆی كاروانچیـيـان دروستكراون، دەزگاییێكی وا تايبەتی پێشان نادەن، زۆربەی جاران حەوشەيەكی گەورەن و لـە دەوری تاكـە بينايـەك بـۆ كاروانچيـان، كـەچی وەسـتا رۆژهەڵاتیـيـەكانی بيناسـازی هەموو هونەری خۆيـان لـە پێكهاتـەی ئـەو كاروانسـەرا گەورانـە خـەرج كـردووە كـە بـۆ سەودای كەلوپەل و بازاڕ بەكاردێن، بە جوانترين بينای مزگەوت و خوێندنگا بيناكەيان فراوانكـردووە. هـەروەك چۆن كەلوپەلـەكان بـە پـێی تـەرزەكانيان پۆلێنكـراون و لێـك جوداكراونەتەوە، ئاواش ئەو كاروانسەرايانەی كە هەمان باری كەلوپەليان لێ دادەنرێـت، دەكەونە هاوسێی ئەو فرۆشـگايانەی كـە ئـەو تـەرزە كەلوپەلـەيان لێ پێشكەشـدەكرێت. بەم شێوە خانی ئاوريشم، خانی ئاسن، خانی خوێ.. هتد لێك جودا دەكرێنـەوە. زۆر جـارانيش نـاوی كاروانسـەراكان لـەناوی ئاواكـەرەوەی، يـان هـی مزگەوتەكـەی هاوسـێی وەردەگيرێت، يـەكێ لـە مەرجـەكانی ئـەو خانـە شـارییانە ئەوەيـە كـە لـە پـاڵ هـەر شوێنێكی دانانی كەلوپەلەكان بيرۆيەكی تايبەتيش بۆ بازرگانەكان هەيە. جگە لـەوەش لەو خانانەی كە كاروانچیيەكان لە ناويشی دەحەوێنەوە، جگە لە تەوێلـەی وڵاخ ژووری تايبەتی تريش هەن.

(خانی باروت) لە بەيروت دەزگايێكی سادەی ئـەو تەرزەيـە، ئـەوەيان لـە سـاڵی ١١٦٣ (١٧٥٠ز) لـە لايـەن (سـولێمان لـەماح) تـەواوكراوە (وێنـە ٣٢ و ٣٣)، بـە بـەرينايی ٢٠ م دەكەوێتە سەر جادە گەورەكەی بازاڕ، كە تازە فراوان و نوێكراوەتەوە، وە بـە قووڵی ٢٢ مـەتريش دەچێتـەوە سـەر كۆڵانـە بچووكەكـەی تەنيشـتی. ڕێـزە تـاقێك لـە دەوری حەوشەيەكی بچووكی ٧,٥ × ٥,٦ م سووڕاوەتەوە، كە لەسەر دينگـەی بڕگـە چوارگۆشـەی گۆشەلار وەستاون. لە هەردوولای دەروازەكەی لـە جيـاتی ئـەو جـۆرە دينگانـە، سـتوونی كۆنينە (ئەنتيك) بەكارهێنراون، لە پشتەوەی هەموو سـتوونەكان ژووری شـێوە كونجـی هەن كە بەرەو ڕووی حەوشە كراونەتەوە، كە پتر وەكو دوكان بـەكارهێنراون. تەنـها لـە گۆشـەكانی ژووری چـوار دەور گيـراوی هەيـە، كـە لەوانەيـە دوو ژوورە فراوانەكـەی لای باكووريان تەوێڵە بووبن. لە نهۆمی سـەرەوە ژوورەكـانی پشـتەوەی تاقـەكان بـە دەرگـاو پەنجەرە ڕازاونەتەوە، ئەو ژوورانە وەكو بويـرۆ، يـان بـۆ كـاری تايبـەت بـەكارهێنراون.

هەروەكو زۆربەی كاروانسەرا شارییەكان، ژووره قووڵەكانی باڵی لای جاده بە شێوەیەكی ئۆرگانی تێكەڵی فرۆشگاكانی تری بازاڕ بووە. ئەو ژوورانەی كاروانسەرای (barووت) كە قووڵاییێكی گەورەی پتر لە ٣ مەتریان هەیە، بنەبانەكەیان بۆ شوێنی حەوانەوە بەكاردێت و بەشی پێشەوەشیان بەلای جادەوەو، بۆ پیشاندانی كەلوپەلی فرۆشتن. دەروازەی سەرەكی ئەو كاروانسەرایە دەكەوێتە سەر جادە سەرەكییەكە. لەلای باكووریشیەوە دالانێكی بچووك دەچێتە سەر كوچە باریكەكە. هەروەها تەوێلەی گۆشەی باكووری ڕۆژهەلاتی دەرگاییێكی ڕاستەوخۆی لەم كوچە باریكە بۆ كراوەتەوە. شایانی سەرنجە دەروازە سەرەكییەكەی بە كەوانەیەكی سێپەڕەیی[٢٥] سەریگیراوە، كە بەو تەرزە بەردە دوو ڕەنگەی كە بە شێوەیەكی زۆر لە شارەكانی سووریا دەكەوێتە بەرچاو، ڕووێكی ئارشیتێكتوری پێدراوە. ئەم دەروازەیە جگە لە دالانە قووڵەكەی، دوو ژوورۆچكەی بەلای حەوشەوە هەیەو لە ناوەڕاستی دالانەكەش پلیكانەیەك بەرەو سەرخانەكەی دەچێت.




وێنەی (٣٢، ٣٣) خانی باروت لە بەیروت

کاروانسەراکانی شاری بورسەی تورکیا پتر کاروانسەرای سەرجادەی نێوان وڵاتەکان دەچن، زۆربەیان لەلایەن بێزەنتییەکان یان گریکییەکان دروستکراون، لەو سەردەمانەی کە جڵەوی بازرگانییان بەدەستەوە بووە. کاروانسەراکانی ئەو شارە پێکهاتوون لە حەوشەیەکی چوارگۆشەی بە تاق دەورە گیراو، لە پشتەوەی ئەو تاقانەش ڕیزێك ژوور و هەمووشیان نهۆمی سەرەوەیان هەیە. سەربانەکەشیان تەخت و بەرەو جادە لێژ، یان ئەوەتە جزیری[٢٦] دروست گراون. لە حەوشەکانیان وەکو کاروانسەراکانی تر دەزگایێکی سادەی بیری ئاو هەیە، هەروەکو ئەمە لە خانی بارووتیش هەیە، بیرەکەی خانی (ئیپەك) لە شاری بورسە بە میچێکی چەماوە سەرپۆشکراوەو، مزگەوتێکی بچووکی لەسەر دامەزرێنراوە.

لەو کاروانسەرایانەی کە سیماییێکی تایبەتی کاروانسەرای شارییانەی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی سەدەی دوازدەم، خانی سالۆنیکە، بە شێوەیەکی گشتی ئەو خانە دەگەڕێنرێتەوە بۆ سوڵتان موراد، بەڵام لێکۆڵەرەوەکان لەوانە (تەکسیر) و (پولان)[٢٧] وای دادەنێن کە تەنها دەروازەکەی و هەندێك بەشی تری ناگرنگی لە سەردەستی سولتان موراد دروستکراوە، دەنا بیناکەو تەرزی پێکهاتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بێزەنتی. خانی سالۆنیك (وێنەی ٣٤) لە ڕوانگەی بەکارهێنانییەوە لە سێ بەش پێکهاتووە، حەوشەیەك بیرێکی ئاوی تێدایە، لە هەموو لایێکەوە بە دوو ڕیز تاق بیرۆو ژووری حەوانەوە دەورە گیراوە. تەوێڵە یەك بە درێژایی کاروانسەراکە کەوتۆتە لای دەرەوەی لایێکیان، ئەو تەوێلەیەش لە ناوەڕاستەوە بە هۆی ڕیزە کۆڵەگەیەك کراوە بە دوو بەش، ئەو تەوێلە ڕیزە پەنجەرەیەکی تێدایە کە تەماشای کۆڵانێك دەکەن، سێ لاکەی تری کە هەموو دەکەونە سەرجادە، بە کونجە دوکان دەورەگیراوە، کە بەرینییان وەکوو کونجەکانی حەوانەیە کە کەوتوونەتە ناوەوە بەرەو حەوشە. دەروازەی کاروانسەراکە دەکەوێتە ئەو باڵەی کە کەوتۆتە بەرامبەر باڵی تەوێلە درێژەکە، بەڵام نەکەوتۆتە ناوەڕاستی باڵەکە، لەوانەشە هۆی ئەمە ئەوە بووبێت، کە ویستبیان بیرە ئاوەکەی ناوەڕاستی حەوشە لە هاتوچۆی نێوان ئەو دەروازەو دەروازەی تەوێلەکە بپارێزن، کە ئەویش ناکەوێتە ناوەڕاستی باڵی تەوێلە. تەوێلەو فرۆشگاکان یەك

نهۆمین، بۆیەشە توانراوە کە بۆ ژوورەکانی سـەرخان پەنجەرە بـەرەو جادە بکرێتـەوە. دوو قادرمە بۆ سەربانی خانەکە دەکەونە تەنیشت دالآنی سەرەکی و دەروازەی تەوێلە.



وێنەی ٣٤: خانی سالۆنیك

وەرگیراوە لە (H. Thiersch: Pharos. Berlin 1909. B. G. Teubner)

شـاری دیاربـەکر (ئامـەد) بـە تایبـەت بـە کاروانسـەرای قەشـەنگ ڕازاوەتـەوە، مێوانخانـەکانی ئـەو شـارە نزیکـە هـەموو بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـك بـاری نەخشـەی ئاسـۆییان و لـەباری ڕوخساری دەرەوەیـان کـە بـە هـۆی بـەکارهێنانی دوو ڕەنـگ بـەرد یـەگجار سـەرنجڕاکێش دروسـتکراون، بـە تایبـەت کاروانسـەرای (دەلال)[٢٨] ، کـە زۆر بـە کاروانسـەرای سـالۆنیك دەچێـت (وێنـە ٣٥). ئـەو کاروانسـەرایە لاکێشـەیەکی گـەورەو فراوانە و نزیکە لـە شـوێنێکی ئـازاد هەڵکـەوتووە، سـاختومانەکەی لـە بەشـە بینـاییێکی نزیکـەی چوارگۆشـە پێکدێـت، کـە بریتیـە لـە حەوشـەیەك و بـە ژووری حەوانـەوە دەورەگیراوە، لەلای باشوورییەوە تەوێلەیـەکی لاکێشـەی گـەورەی پێوەنووسـاوە، دەروازە سەرنجڕاکێشـەکەی (وێنـە ٣٦) کـە بـاگرێکی قووڵـی هەیـە، لـە ناوەڕاسـتی بەشـە

سەرەكییەكەی بیناكە دەچێتە ناو حەوشەكەو، لە حەوشەكەوە لەملاوئەولای دو پلیكانە بۆ نهۆمی سەرەوە دەچن. لە ناوەڕاستی باڵی بەرامبەر دەروازە هەیوانێك هەیە، كە لە بەرینایيدا وەكو دەروازەكەیەو، لەملاوئەولای ئەو هەیوانەش لە حەوشەوە دوو پلیكانە دەچنە نهۆمی سەرەوە. لەناو ئەو هەیوانەدا ئێستا دەزگاكانی ئاودەست دامەزرێنراوە. چواردەوری حەوشە بە تاقی كەوانە تیژ ڕازاونەتەوە، كە لەسەر ستوونی سفت و پتەو ڕۆنراون. تاقەكانی نهۆمی سەرەوەش لەسەر ستونگەی بەردین بەرەو حەوشە ڕۆنراون. لە ئاستی هەیوانەكەی نهۆمی زەمینی ڕێزە تاقەكانی نهۆمی سەرەوە بە هۆی ژوورێك دەپچڕێن، قووڵایی ئەو ژوورە تا ڕووی دەرەوەی دەچێت.



وێنەی ٣٥: نەخشەی ئاسۆیی كاروانسەرای دەلال لە شاری ئامەد (دیاربەكر)



وینە ٣٦: دەروازەکەی خانی دەلال لە دیاربەکر

ڕووی دیـواری دەرەوەی بـە ڕێـزە بـەردی ڕەش و سـپی ڕازاوەتـەوە (وێنـە ٣٧). لـە پشتەوەی تاقەکان ژووری بچووك بچووکی حەوانـەوە دامـەزرێنراون، کـە هـەر ژوورێـك خاوەنی ئاگردانێکی دووکەڵکێشدارەو، کونجێکی بۆ گەنجینە (عەمبار) تێدایـەو سـەریان بە گومەزێکی تونێلـی گیراوەو هـەر ژوورێـك دەرگاو پەنجەرەیـەکی بـەرەو حەوشـە بـۆ کراوەتەوە. لە بەشە سەرەکییەکەی بینای کاروانسەراکە، لە نـهۆمی زەمینـی و لـە ڕووی جادەوە، ڕیزێك دوکان کراونەتەوە، کـە شـەوانە بـە دەرگای داریـن دادەخرێـن و لەگـەڵ دیمەنی ڕوخساری بیناکـە لـە ڕووی ئارشـیتێکتۆرییەوە گونجاون. پاسارەی (گوێسوانە)

سەرەکی ساختومانەکە لە تەختەبەردی دەرپەڕیو پێکهاتووەو بە هۆی ڕاگری سادە هەڵگیراون. لە باڵی باشوورییەوە دالانێك کە بە قەد ژوورێك بەرینە دەچێتە ناو هۆڵی تەوێلەیەکی ڕێکوپێك. ئەو تەوێلەیە بە شەش گومەزی تونێلی سەری گیراوە، ئەو گومەزانە لەسەر کەوانەی تەوێلدار چەماونەتەوە. ئەو گومەزە تونێلیانە بە هۆی حەوت ڕێزە دینگەی سفت و بارستەدار بە یەکەوە دووراونەتەوە، دینگەکانیش بە هۆی هەشت دانە تیژکەوانە بە دیواری دەرەوەو بە یەکترەوە پەیوەندن. ئەو تەوێلەیە بە هۆی شەش پەنجەرەی بچوك لەلای کۆڵانی ڕۆژهەڵاتییەوە ڕوناك دەبێتەوە. دەرگاییێکی بچووکیش لەلای باشوورییەوە دەچێتە سەر کۆڵانی تەنیشت.



وێنە ٣٧: گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی حەوشەی کاروانسەرای دەلال لە دیاربەکر

خانی (حەسەن پاشا)ی دیاربەکر (وێنە ٥٨)، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ بە شێوەیەکی‌گشتی حەوشەکەی بۆتە جێگای سەودای دانەوێڵەو، نهۆمی سەرەوەشی کراوەتە شوێنی پیشەگەری، لە دیوی حەوشەوە بە هۆی پێکهاتەی تاق و ستوون و تاجی ستوونەکانی، کە بە شێوەیەکی سادە داڕێژراون، ڕووخسارێکی سەرنجڕاکێشی هەیە. هەردوو ڕووخساری تەنیشتەکانیشی بە هۆی هەیوانێك لە ناوەڕاستیانەوە بە تۆخی پیشان دراون. خانوچکەی سەر بیری حەوشەکەشی یەگجار جوان دروستکراوە. پشتیری ئەو کاروانسەرایەش بە تایبەت سەرنجڕاکێشە، نیوەی خراوەتە ژێر زەوی، لە گۆشەی باکووری ڕۆژئاوایەوە، ڕووتەختێکی لێژ لە ژوورێکی شێوە هەیوانییەوە، کە دەزگای ئاودەستخانەی لێ دامەزراوە، بەرەو ڕۆژهەلات بە ئاراستەی پشتیرەکە شۆڕبووەتەوەو، خشاوەتە ژێر نیوەی باڵی باکور و نیوەی باڵی ڕۆژهەلاتی بیناکە. پێویستە ئەوە بخەمە بەرچاو کە ئەوە تاکە شیکارێك بووە بۆ گەیشتن بە پشتیرەکە، چونکە ئەو کاتەی کە ئەو پشتیرەیان لە پاڵ کاروانسەراکە دروست کردووە بیناکە خاوەنی عاردێکی کەم بووە.

فرۆشگاکانی کاروانسەرای دیاربەکر و هی ماردینیش بە شێوەیەکی ئۆرگانی لەگەڵ ساختومانی کاروانسەراکان تێکهەڵکێش کراون، کەچی لە شارەکانی موسڵ و ئورفە بە شێوەیکی گشتی لە خانوچکەی تەختەیی پێکهاتوون خراونەتە پاڵ دیواری دەرەوەی خانەکان. لە کاروانسەرای (ماردین) (وێنە ٣٨، ٣٩، ٤٠) سەبارەت شوێنی دامەزراندنی خانەکان شاخاوین، ڕووبەرێکی کەمیان داگیرکردووە و تەنها تاکە ڕوویێکیان کەوتۆتە سەرجادە، لەو دوو باڵەی بە ستوونی کەوتوونەتە سەر جادە دوو پشتیری درێژ و باریکە لە دروستکراون، ڕووی جادەی بیناکەش هەمووی بە دوکان ڕازاوەتەوە، لە ناوەڕاستی باڵی باکووری بیناکەش، لە بەرامبەری دەروازە، بەشێك لە بیناکە بەرەو حەوشە بە زەقی دەرپەڕیوە، ئەو بەشە دەرپەڕیوەش کاتی خۆی بریتی بوو لە هەیوانێك بەرەو حەوشە والا بووە، پاشتر بە دیوارێکی تەنکی پەنجەرەدا ڕووی حەوشەشی بۆ زیادکراوە (تەختە ٧)، لە تەنیشت ئەم ژوورەش لە پاڵ دیواری بەردینی دەرەوە ژوورێك هەیە، کە کانییەکی ئاوی سازگاری تێدایە. جگە لەمەش بیرێکی ئاو لە

ناوەڕاستی نیوەی ڕۆژهەڵاتی حەوشەدا هەیە، کە بە شێوەیەکی سادە پەرژین کراوە، وەکو زۆربەی خانووەکانی ماردین، ئەو بیرە دەچێتەوە ناو عەمبارێکی ئاوی سەرگیراو، کە بریتیە لە کارێزێك بۆ پاشەکەوتکردنی ئاو دروست کراوە.



نهۆمی زەمینی



نهۆمی سەرەوە



برگەیەکی بەرینی

وینە ٣٨، ٣٩، ٤٠ خانی ماردین

خانی (سەرایاڤۆ) (وینە ٤١) پەیوەندییکی راستەوخۆی لەگەڵ بازار هەیە. ئیستاکە لاییکی ئەو کاروانسەرایە میوانخانەیەکی هاوچەرخ دروستکراوە. لە شارەکانی (فرانـژا) و (یاسیپا) و (ئولیجا) خانەکان لە نهۆمی زمینیاندا باڵەکانی پیشەوەیان خاوەنی دووکانی قوول دریژووکانین کە بە تەریبی باڵەکان دامەزراون و، لە ناوەراستی باڵەکان و لە میانی دووکانەکان داڵانی دەروازە بەرەو حەوشە دەچیت. لە بەرامبەر یەکیك لە دەروازەکان رارەویك لە حەوشەوە دەچیتە ناوپشتیریکی دووخانەیی. کە قوڵاییەکەی نزیکە بە قەد قوڵایی دوکانەکانی لای دەروازەیەو، تەنها لە نهۆمی زەمینییەوە دەتوانی بچیتە ناو ئەو پشتیرە. لە چوارەمین لای ئەو خانە، واتە باڵی لای بازار، دووکانەکان تیکەلی قەیسەرییەك دەبنەوە و دەچنە ناو بازارەکەو، سەری ئەو باڵە گومەزیکی تونیلییەو لە بەرامبەریشیان لە ناو قەیسەرییەکە ریزە دوکانیکی تر هەن و، لە پشتەوەی ئەو ریزە دووکانەش ریزە دووکانیکی تر بەرەو جادەی پشتەوە دامەزراون، لەم جادەوە داڵانیك دریژ دەبیتەوە تا دەگاتە ناو خانەکە.




وینە ٤١: خانیك لە سەرایاڤۆ

خانیکی شارییانەی زۆر دلگیر و فراوان لە شاری ئەسفەهان هەیە، خانی شا سولتان حوسەیین[٢٩]، ئەو خانە لەسەردەستی دایکی شا بە دروستکردن دراوە، بۆیەشە بەناو شاوە ناسراوە. لە دەرەوەرا درێژییەکەی ١٢٨ مەتر و پانییەکەی ٩٣ مەترە. دوو حەوشەی ناوەکی هەیە و ژوورەکانی حەوانەوەش لە دەوری یەکیکیان بوونەتە پەرژین، کەچی سێ لای حەوشەکەی تر بە پشتیر و ژووری ئاژەڵان تەنراوە. حەوشەکەی لای دەرەوەی کە گۆشەکانی لارن، بە دوو ریز تاقی لەسەر یەك دەورە گیراوە. لە نهۆمی زەمینی بنکەی ستوونی تاقی ژیرەوە لە ئاستی زەوی بەرزترن و وەکو سەکۆیەك بۆ ناو حەوشەکە دەرپەریون. لە هەشت جیگایاندا دەتوانریت بە هۆی پلیکانەی چوار پلەیی بچیتە سەر ئەم سەکۆیە. دەروازەی سەرەکی کاروانسەرا کە دەکەویتە ناوەندی بالی باکووری و بەرەو بازار هەلکەوتووە. ژوورە هەرە باشەکانی ئەو کاروانسەرایە دەکەویتە ناوەندی سێ بالەکەی تر و گۆشەکانی باشوور و باکووری رۆژهەڵاتییەوە. هەشت پلیکانەش بۆ نهۆمی سەرەوە دەکەونە ئەملاوئەولای هەیوانەکانی. چونکە ئاویك کە لە قوتابخانە ئاینیەکەی (مەدرەسە) هاوسییەوە دیت، لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات و بەژیر ژوورەکانی حەوانەوەو سەکۆ چوارگۆشەییەکەی ناوەراستی حەوشە بەناو تونیلیك رەت دەبیت و حەوشەکە دەکاتە دوو بەش، ئەو جۆگەلە ئاوە ٦,٥ م بەرینەو رۆخەکانی بە دیواریکی لیژی سێ پلیکەیی لە بەردی نەقاری چیکراوە، باوەرداره نویژەرەکان بۆ دەسنویژ شوشتن بەو پلیکانە دەچنە سەر جۆگاکە. دوو دەروازە لەلای رۆژهەڵاتییەوە دەچیتە سەر ئاخورەکان. ئەو خانە بە سیمای گشتی خۆی، خانی (موسەللا)ی شاری نەجەفمان دینیتەوە یاد، ئەوە نەبێ ئەو خانە زۆر قەبەتر رۆنراوە.

هەموو کاروانسەراکان ئاوا ریکوپیك و بە ئەندازەداری دروستنەکراون، وەکو ئەوانەی کە تاکو ئیستا ئاماژەمان بۆ کردوون، چونکە لە هەموو شوینیك رووبەری پیویست لە بەردەستدا نەبووە، تا بە ئارەزووی خۆیان نەخشەی چوارگۆشەیی لەسەردا بکیشن. بۆیەشە خانەکانی حەوانەوە بە ناچاری لەگەڵ جادەو ئەو خانووانەی کە پیشتر هەبوون، گونجینراون. هەروەکوو لە شاری (موسل) ئەو دیاردەمان دەکەویتە

بەرچاو، خانەکان تیکهەلکیشی خانوو خانوچکە پیچاوپیچەکانی پیشووتر کراون. دەنا لە هەر شوینیك دەرفەت هەبووبیت خانەکان خۆیان لە نەخشەی چوارگۆشەیی نزیك کردۆتەوە. خانی (حاجی قاسم ئاغا) کە خانی پاشاشی پێ دەگوترێ، نموونەی کاروانسەراکانی شاری موسلە، تەمەنی نزیکە سەد سال دەبیت. ئەو خانەهی (داود چەلەبی)یە کە دیلماجی جیگری کۆنسوڵی ئەلمانییە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بە ئاسانی ناتوانم سەردانی ژوورەکانی بکەم. خودی خانەکە دەکەویتە پشتەوەی رووی جادەی، بە قوولایی ئەو فرۆشگایانەی کە لە نهۆمی زەمینی بەرەو پیشەوە رۆنراون. تەنها بینای قەنتەرەکەی هاتۆتە سەر جادە تەنگەکە (وینە ٤٢ و ٤٣). لە هەر لاییکی دالانی دەروازەکە سێ فرۆشگا هەلکەوتووە. لە دەوری حەوشەکەشی (تەختە V)، کە چوارگۆشەییکی ناریك و نائەندازەییەو هەندیك لە گۆشەکانی لارن، دوو ریزە ژوور بوونەتە پەرژین و هەموو ژوورەکان دادەخرین و کراونەتە بویرۆی بازرگانەکان.



وێنە ٤٢خانی حاجی قاسماغا لە موسل
نهۆمی زەمینی



وێنە ٤٣
نهۆمی سەرەوە

لـه گۆشـەكانی ژووری نـاریك و نائـەندازەیی بـێ پەنجـەرە هاتۆتـە ئـاراو، هیـچ گۆشـەیەكیان وەسـتاو نیـە، ئـەوەی كـە وەسـتاكانی رۆژهـەڵاتی زۆر مەرامیانـە. لـە لا تەنگەكـەی حەوشـە، داڵانیكـی تـەنگ دەچیتـەوە نـاو پشـتیری خانەكـە، كـە كەوتۆتـە لاچـەپیكی خانەكـە، هیـچ شـیوازیكی ئـەندازەیی تیـدا دەرناكـەوێ. سـتوون و بانــە چەماوەكانی كە لە كەلە بـەرد دروسـتكراون و داریـژراون و، لـە گـەورەیی و ئەسـتووری زۆر لیكتر جودان، بە جۆریك پشتیرەكە كە بە سێ كوڵانەی سەربان رۆشـناییكی بێهیز وەردەگرن، پتر لە ئەشكەوتیكی سروشتی دەچیت، وەك لە ژووریكی بیناكراو. لە نهۆمی سـەرەوەش ریـزە تـاقیك لـە هـەر چـواردەوری حەوشـە سـووراوەتەوەو ژوورەكـانی حەوانەوەی میوانانیش كەوتوونە پشت ئەو ریزە تاقە، بە هۆی دوو پەیژە لە رووەكانی حەوشـەوە دەچیتـە نـهۆمی سـەرەوە. لـە سـەرەوەی ژوورەكـانی پشـتیر دوو حەوشـۆكەی لاچـەپ هـەن، كـە لـەو حەوشـانەوە رۆنـاكی لەسـەرەوە دیتـە نـاو پشـتیرەكە. ژوورە بچووكەكانی دەوری ئەو دوو حەوشـۆكەش بـە شـیوەیەكی گشـتی بـۆ عـەمباری كەچـەو پەچەو شتی ناپیویست بەكاردین. دیوار و بانـە چـەماوەكانی خانەكـە لـە پارچـە بـەرد دروسـتكراون و گـەچمالكراون. رووەكـان و دیـواری ژوورەكـانی هـەموو بـە گـەچ سـواق دراون و هیـچ جوانكارییكیـان تیـدا نـەكراوە. تەنــها دەروازە و قەنتــەرەو چوارچیـوەی دەرگاكانی حەوشەی بـە بـەردی مەرمـەری موسـڵاوی چیكـراون و بـە نـەقش و نیگـاری سەرنجكیش رازاونەتەوە. گومەزەكانی لـە ئاسـتی تاقـەكان كـڵاوەی داریژراویـان هەیـەو، تەنها ئاستی داڵانی دەروازە كە دیوارەكانی ستوونین، بە تونیلیكـی گومـەزی گۆشـە تیـژ بانگیر كراون و بە دوو ریزە نەقشی ستاكلاتیتی رازاونەتەوە.

خانی (ئەلوەزیر) لە حەلـەب (وینـە ٤٤) لـە شـیوەیدا لـەو خانـە باسكراوەی پیشـوو نزیكـە، بـەڵام لـەم قەبـەتر و سەرنجراكیشـترە، سـێ بـالی ئـازادەو بالیكیشـی بـە بینـا هاوسیكەی نووساوە. سێ بالی نزیكـە بـە شـیوەیەكی ئـەندازەیی بینـاكراوەو ژوورەكـانی گۆشــە وەســتاون، بــەڵام بــالی چوارەمــی نائەندازەییــەوە ژوورەكـانی بـە گۆشـەی لار كەوتوونەتە سەریەكتر. خانی ئەلوەزیر وەكـو خانـەكانی تـر خـاوەنی ریـزە دوكـانی لای جادە نیە، وە دەروازەكەشی كە كەمیك لە بیناكە بەرزتر سازكراوە، بـۆ پیشـەوە بـەرەو

جاده نەهاتۆتـه دەرەوە. لـه نـاو دالانــی دەروازەوە کـه چـەند کونجیکـی تیادایــه، دوو پلیکانــەی بەرامبــەر دەچنــه نــهۆمی ســەرەوە. لــه بــالی بــاکووری رۆژئــاوا و بــالی باشوورییەوە دوو ریز ژوور له پشتی یەکتر ریزکـراون، کـه لەوانـه دوو یـان سـێ ژووری ریـزی پشـتەوە لەگـەڵ ژووریکـی پیشـەوە کـه گـەورەیی دوو ژووریـان هەیـه، تیکـەل بـه یـەکتر کـراون و یەکەیـەکی تایبـەتیان دروسـتکردووە، رووی دەرەوەی بـالی بـاکووری لـه چەند شوینیك به گۆشەیەکی وەستاو پەیژەیی بەرەو دەرەوە دەرپەریوە، بـه شـیوەیەك که ژوورەکانی پشتەوە هەریەکیکیان چەند مـەتریك لـەوەی پیشـووی قوولـتر بـووە. لـه گۆشەی باکووری رۆژئاوایەوە تەنها ژووریك لەم بالەوە هەیە، بەڵام له ناوەراستەوە دوو ریــز ژووری یــەك لــه دوای یــەکتر هــەن و، لەگۆشــەی بــاکووری رۆژهەڵاتیــەوە، دوای دووەمــین بەشــی دەرپــەریو توانــراوە پشــتیریك دابمــەزرینریت، هەرچــەندە پشــتیری سەرەکی کەوتۆته پشتەوەی ریزه ژوورەکەی بالی رۆژهەڵات و بـه هـۆی دالانیکـی سـاده، له تەنیشت پلیکانەیەك که دەچیته نهۆمی سەرەوە، دەگەیته نـاو ئـەو پشـتیره. لـه سـێ لای نـهۆمی سـەرەوە ریـزه تـاقیك تەماشـای حەوشـه دەکـات، کـه هــەموو تاجەکەوانــه (کەوانــەی ئـیرانیی) سـەرگیراون، لــه نیـوەی رۆژئاواییــەوە تاقــەکان خراونەتــه ســەر سـتوونی سـاده (تەختـه VI)، کـەچی لـه نیـوەی رۆژهــەڵاتی کەوتوونەتـه سـەر دینگـەی سفت و به بارسته.




وینه ٤٤: خانی (ئەلوەزیر) له حەلەب

کاروانسەراکانی تری شاری حەلەب بە هەمان نەخشە دامەزرینراون، شایانی باسە کە خانی حۆپە (تەختە VI) کە لە ناوەراستی بالی بەرامبەر دەروازە هەیوانیکیزلی هەیەو هەر دوو نهۆمی گرتۆتە خۆی، لەملاوئەولای ئەو هەیوانە دوو پەیژە دەچیتە نهۆمی سەرەوە، نزیکە هەموو خانەکانی حەلەب بەشە بیناییکیان هەبووە، کە بە داخەوە لە سەردەمی نویَ ویران بوون، یان بە بینای نویَ روویان داپۆشراوە. هەروەك لە خانی ئەلوەزیر دەیبینین هۆلی سەربیری ئاوەکەی نیوەی شاردراوەتەوەو، لە خانی گومرۆك مزگەوتەکەی. کاروانسەراکانی حەلەب خاوەنی دیکۆری جوان و رازاوە بوونە، وەك لە دەروازە مۆنۆمینتالەکەی خانی ئەلوەزیر و پەنجەرەیەکی خانی (سابوون) دەکەویتە بەرچاومان (تەختە X).

کاروانسەراکانی شاری قوستەنتین (ئەستەنبۆلی ئیستا. ع. د.) جۆریکی ترنین، سەبارەت بە بایەخی گرنگی ئەو شارە لە سەدەکانی پیشوو، ژمارەییکی زۆر کاروانسەرا لەم شارە دروستکراوە. لەو کاتانەی دوایی بە شیوەیەکی ورد (س. گورلیت) لە خانەکانی ئەو شارەی کۆلیوەتەوە (هونەری بیناکاری قوستەنتینیە). بۆیە لیرە بە کورتی و بەش بە پیویست باسیان لیوە دەکەین. زۆربەی کاروانسەراکان روویکی قادرمەییان هەیە بەرەو جادە، کە ئەوەش لەوەوە هاتووە کە لەسەر رووبەریکی گۆشە خوار و لە دەوری حەوشییکی چوارگۆشەوە ژووری گۆشە وەستا بە یەکترەوە پیوەندکراون، کە بە گونجاوی لەگەلْ جادەی لاری لە ئارادا بوو، رووی جادەی بیناکان بە شیوەی پلە پلە بۆ دەرەوە هەلکشاون و بەم شیوە روویکی قادرمەییان بەخۆوە گرتووە. ئەو دیاردە لە خانی (بیوك جەنی) و خانی (حەسەن پاشا) و هی تر دەبینین (وینە ٤٥). لە زۆربەی خانەکان پەنجەرەی گەورە گەورە لە رووی جادەیان کراوەتەوە، ئەو دەستوورە لە شارەکانی بەشی ئاسیای تورکیا هەرگیز ناکەویتە بەرچاو. بە هۆی ئەو پەنجەرانەوە کاروانسەراکان لە رووی جادەو روخساریکی شیوە خانووی ئاساییان بەخۆوە گرتووە. هەروەهاش ژمارەی نهۆمی کاروانسەراکانی قوستەنتینیە پترە لە هی شارەکانی سوریا و میزۆپۆتامیا. زۆربەیان جگە لە نهۆمی زەمینی دوو نهۆمی تریشیان لە سەرەوە هەیە، تەنانەت خانی (بیوك جەنی) سیَ نهۆمی تری هەیە. زۆربەی

خانەکان رووبەریکی فراوانیان هەیەو بە هۆی ژمارەی زۆری حەوشەکان، بۆ نموونە لە کاروانسەرای (وەلیدە) کە سێ حەوشی هەیە، ژورەکان پتر سوودیان لێ وەردەگیریت. ئەگەریش خانەکان لە رووی جادەوە بە خانوبەرەی ئاسایی دەچن، بەلام لە رووی ناو حەوشەکانەوە بە تەواوی روخساری کاروانسەرای سەدەکانی ناوەراست پیشاندەدەن. دانیشتن و پشتیر و ژوورەکانی حەوانەوە دەکەونە نهۆمی زەمینیی، لە نهۆمەکانی سەرەوەش چواردەوری حەوشەکان تاقریژ کراوە و تاقەکانییش بە کەوانەی بازنەیی خراونەتە سەر دینگە یان ستوونی بەردین. ئەو گۆمەزەی کە بەرەو دەرەوەیە لە چاتی بە گەچ مالدراو دروستکراوە. سیمای زۆر تایبەتی کاروانسەراکانی قوستەنتینیە بریتییە لە بەشە بینای گۆشەکانی کە وەکو کەلوو بەرزکراونەتەوە. ئەو جۆرە کەلووە هیشتان لە خانی وەزیر و گۆشەکانی پشتەوەی خانی وەلیدە ماوە، کە بریتییە لە کەلوویکی چوارگۆشەیی زەبەلاحی ٢٥ م بەرز، کە دەگەریتەوە بۆ هونەری سەردەمی بیزەنتیی.




وینە ٤٥: کاروانسەرای حەسەن پاشا

لە قوستەنتینیە وەرگیراوە لە (C. Gurlitt Die Baukunst Konstantiopele berlin

(1919 E. Wasmuth Abb. 106

شیوازی کارەکتەری بینای کاروانسەراکان لە قوستەنتینیە بریتیە لە تەکنیکاری دیوارەکانی، کە هەمیشە دوای هەر دوو چین خشتی سوورەوەکراو، چینێك بەردی نەقارکراو بەکارهاتووە، بۆ نموونە رووی پێشەوەی خانی (خاسنەدەر) ئاوا داریژراوە. بەرزی نهۆمەکانیش زۆر بایەخی پێ دراوە، بۆ نموونە خانی وەلیدە بەرزی نهۆمەکانی ٦ مەترە، بەو جۆرە خانی وەلیدە بەو بەرزییەو بە درێژاییە گەورەکەی ٧٠,٧٥ م، دیمەنیکی سەرنجراکیشی بە بیناکە بەخشیوە.

ئەو کاروانسەرایانەی باسکراون نزیکە هەموویان دەگەرینەوە بۆ سەدەکانی ١٥-١٧. تەرزی بیناکاریان ئەگەریش سادەش بووبن، تا سەردەمی نوی هاتوون، لە شاری (ئیلگوین) لەسەر ریگای شەمەندەفەر بەرەو قونیە، خانیکی هاوچەرخی قەبە دەکەویتە بەرچاو[٣٠]. کە حەوشیکی دریژی هەیەو چەند دەچیتە قولایی تەسك دەبیتەوە، لە جیاتی ستوون و کەوانەو تاقی بەردین، لەم خانەدا هەردوو نهۆمی سەرەوە گەلەری ئازادی لە داری بۆ دروستکراوە. بەشی سەرەکی نهۆمی زەمینیش تەنها پشتیرە.

خانی حەجاجانی بەغداش کە دەکەویتە بەرامبەر خانووی حکومەت لە (کازمیە Kadhimen)، گۆشەکانی شیوە کەلوویین (وینە ٤٦). ئەوەشیان نهۆمی زەمینییەکی پیکهاتووە لە کۆمەلیك دوکان کە روویان کردۆتە جادەو مەیدانەکەی پیشەوەی، وە حەوشەکەشی بە تاق و پشتیر و ژوورەکانی پشتی، دەورەدراوە.

لە نهۆمی سەرەوەشی میوانخانەیەو لەناو تاقەکانی حەوشەوە پلیکانەی بۆ دەچیت، لە مەیدانی پیشەوەشی دەرگاییکی هەیە کە بە هۆی پەیژەیەك کە خراوەتە سەر کاریتەیەکی دارین، پیوەندکراوە. دوو نهۆمی نزمتریش کەوتوونەتە سەر گۆشەکانی، کە بە هۆی راگری لە دار دروستکراو هەندیك بۆ پیشەوە دەرپەرین و، رووی دەرەوە پەنجەرەیان بۆ کراوەتەوە. هەر یەك لەو نهۆمە کەلووییانەی گۆشەکان جگە لە پەیژەیەکی تەسك، چوار ژووریان هەیە.



**وینە ٤٦: خانی حەجاجان لە کازمیە- بەغدا**

## ب- دەزگا داپۆشراوەکان

دەزگـای بـە تـەواوی جیـاواز لەوانـەی کـە تـا ئێسـتا قسـەمان لێ کـردوون، لـە کاروانسەراکانی شام دەکەوێتە بەرچاو. کاروانسـەراکانی ئـەوێ لـە جیـاتی حەوشـەیەکی ئاوالأ هۆڵێکی داپۆشراوی سەربان گۆمەزییان هەیە، لـە کاروانسـەراکانی شـام لـە تـەرزی ئەوانەی پێشوو تەنها خانی (حەریر) و خانی (زەیت)، شـایانی سـەرنجن، دەنـا ئەوانـەی تـر زۆربـەیان دەزگاکانیـان داپۆشـراون، لـە هەریـەك لـە خـانی (سـولەیمان) و خـانی (توتـن)[٣١] ، دوو گومـەزی گـەورە بوونەتـە هـۆی ئـەوەی کـە بیناکانیـان بـە زەقـی خۆپێشانبدەن. هەروەکو حەوشەی ماڵەکانی شام، بە شێوەیەکی ئاسایی حەوزێکی ئـاوی چەندگۆشە لە ناوەڕاستی هۆڵی خانەکانیش هەیە.

خـانی (ئەسـەد) کـە دەکەوێتـە بـازاڕی سەوزەفرۆشی،بـە بایـەخترین کاروانسـەرای داپۆشراوی شامە. بە پێی ئەو نووسـینەی کـە لەسـەر دەروازەکـەی نووسـراوە، لـە سـاڵی ١١٦٦ کۆچی (١٧٥٣) ڕۆنـراوە. جگـە لـەوەی بینـاییێکی مۆنۆمێنتـالی نەخشـینە، لـە ڕووی سـوودلێوەرگرتن و بەکارهێنانیشـی زۆر بـە وردی بـیری لێکراوەتـەوە و گونجێـنراوە. ناواخنەکەی بریتییە لە هۆڵێکی چوارگۆشەی گەورە کە بە نۆ گومەز بانپۆش کـراوە و ژووری بازرگانەکان بە دوو ڕێز دەوری ئەو حەوشـەیان داوە (وێنـە ٤٧). دالأنـی دەروازە دەکەوێتـە سـەر تـەوەری ناوەڕاسـتی بـاڵی ڕۆژئـاواو، جگـە لـە پێنـج کونجـی فرۆشـی، دەرگاییێکی لێ دەچێتە نـاو ژووری پاسـەوانان و، دوو پلیکانـەی لێـك جـوداو هاویـەکیش تێیدا دەچێتە سەرەوە. دەستی باکووری دەروازەکە مەزارگاییێکە، کە لە گومەزێك و دوو گۆڕی ناوەوەی پێکهاتووە، جگە لەمەش شوێنی نوێژی هەیـە، لەگـەڵ حەوشـۆکەیەکیش کە شوێنی دەستنوێژ و ئاودەستی تێدایەو دەرگاییێکی تایبەتی خۆی هەیـە دەچێتـە نـاو بازاڕی سەوزەوات. بە ئامانجی ئەوەی لە دەوری هۆڵـی ناوەڕاسـت هـەر ژوورێـك دەرگـای

تایبەتی خۆی هەبێت، پێنج ڕاڕەوی تەنگ لە هۆڵەکەوە جیادەبنەوە، چواریان دەکەونە گۆشەی هۆڵەکەو پێنجەمیشیان کە هۆڵەکە بە حەوشێکی پێویست دەبەستێتەوە دەکەوێتە سەر باڵی باشوری، لە نهۆمی سەرەوەشی (وێنە ٤٨) تەنها بازنەیەك ژووری لە تەنیشت یەك هەیە کە هەیوانێکی شێوە گەلەری بە یەکتریان دەبەستێتەوە. تەنها لە باڵی ڕۆژئاوا نەبێت، سەبارەت بە قوولییەکەی، دوو ڕیزی لە پشت یەکتر جێگەی کراوەتەوە، ڕاستەوخۆ لە کەرخی دەروازەش کە چەند پلیکانەیەك لە ئاستی ژوورەکانی تر بەرزترە، بیرۆی خانچی دامەزرێنراوە، بۆ پەیوەندی بە ژمارەیێکی زۆر لە ژوورەکان، پێنج ڕاڕەوەکە کە بۆ ئەم مەبەستە لە نهۆمی زەمینیش نەخشەکێشراون، لە نهۆمی سەرەوە ئاراستەکانیان گۆڕاوە.




**وێنە ٤٧ – ٤٨: خانی ئەسەد پاشا لە شام**

**لە لایەن (د. ڤولزینگەر و پرۆفیسۆر ڤاتزینگەر) نە خشەکێشراوەتەوە بۆ کۆماندۆی پارێزگاری بیرەوەریەکانی سەر بە سوپای سوریا- رۆژاوای عەرەبی**

هۆڵی کاروانسەراکە بە هۆی ئەو ڕۆژنانەی کە لە بنمیچی لوتکەی گۆمەزەکان دامەزرێنراون و، هەروەها بە هۆی ئەو ڕێزە پەنجەرانە کە لە بنکەی گۆمەزەکان کراونەتەوە، ڕۆشن دەبنەوە (وێنە ٤٩). بۆ ئەوەی بنمیچی هۆڵەکە، ئەو شوێنانەی کە گومەزەکانیان هەڵگرتووە، لە ڕووی ستاتیکەوە دژی هێزی پتر بەرگری پێشانبدەن، دیواری دەرەوەی هۆڵەکە وەکوو ستارە بەرەو سەرەوە بەرزکراوەتەوە، بە شێوازی ئەو کاروانسەرایانەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە ڕێگای نێوان وڵاتەکان دەکەوێتە بەرچاو.



وێنە ٤٩: خانی ئەسەد پاشا لە شام

لە لایەن (د. ڤولزینگەر و پرۆفیسۆر ڤاتزینگەر) نەخیشەکێشراوەتەوە بۆ کۆماندۆی پارێزگاری بیرەوەریەکانی سەر بە سوپای سوریا- ڕۆژاوای عەرەبی

ڕووی کاروانسەراکە تەنها لە کەرخی کونجی دەروازە بە تایبەتی قەشەنگ ڕازاوەتەوە[٣٢]. کەوانەی دەروازەکەی کە بە ستوونی باریکەلە هەڵگیراون و بە سێ لۆچ بۆ پاشەوە چووە، ستاکلایدە پڕ هونەرەکانی قوڵایی کونجەکانی، لەگەڵ نەقش و نیگاری ئاسنینی باڵەکانی دەروازە، پێکەوە جوانترین قەنتەرەی ئاسیای نزیکی دەنوێنێ. ستوونەکان توندو شەتەکانە بەرزبوونەتەوە، جگە لەو نەقش و نیگارانەی کە لە بنکەی کەوانەکانەوە، کەوانەکانی لە باوەش گرتووە و، پەنجەرە ڕێکوپێك

دابەشکراو و دەرگا جوانەکانی گرتۆتەوە، تەواوی جوانکاری ژوورەکە لە جۆری مادده بەکارهاتووەکان سەرچاوەی گرتووە. هەموو ئەو دیوارانەی کە دەکەونە بەرچاو، بە جیگۆڕکێ لە چینە بەردی پیشەسازی (دەستکرد) و لە کلسی مەرمەڕی مەیلەو زەردو بەردی بورکانی ڕەنگ شینێکی ڕەش، بیناکراون. بەلای کەم ئەم دیاردەیە لە دەروازەی خانەکانی بەیروت و حەلەب دەکەوێتە بەرچاو، لە کاتێکدا کاروانسەراکانی ئامەد ڕووخسارییان هەموو بەو تەرزە ڕازاوەتەوە.

ناتوانرێ ئەوە بسەلمێنرێ کە ئەو تەرزە خانە داپۆشراوانەی شام پێش داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن تورکەکانەوە، هەبووبن، بەڵکوو شێوازی تەواو ئاکادیمیانەی ئەو تەرزە بینایانە، وا پیشان دەدەن، کە ئەو جۆرەیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی نوێی وڵاتەکە پەیدابووبن. تووشی هەڵە نابین ئەگەر بڵێین، ئەم شێوازە دەچێتەوە سەر بەرهەمەکانی ڕێنسانسی تورکی و وەکو دوا بەڵگەی جموجوڵەکانیان ڕەچاودەکرێت، کە بە هۆی قوتابخانە مەزنەکەی (سینان)[٣٣] پێشکەوت و گەیشتە لوتکە، کە ئامانجی ئەو جموجوڵەش بریتی بووە لەوەی ژووری بیناکان لە یەکتری کۆبکرێنەوەو بە یەکترەوە بپێچرێن و شێوازێکی داخراویان هەبێت، هەروەها شێوە نەخشەیەکی ئاسۆیی ڕۆشن و نائاڵۆز بهێننە کایەوە.

لە شاری بەغداش تەرزی خانی سەر داپۆشراو دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام تەنها لە خانی (ئۆرتمە)دا، کە ئەویش لە ساڵی ٧٦٠ کۆچی (١٣٥٩) تەواو کراوە[٣٤]. هۆڵی ناوەوەی ئەو خانە لاکێشەیی هەڵکەوتووەو ڕووبەرەکەی ١١,٣٥ م بەرین و ٣٠ م درێژە و گۆشەکانی لارن، لە دەوری ئەو هۆلە لەنهۆمی زمینی ٢٢ ژووری بازرگانی ڕێزکراوە. لە ڕووەکانی جادەشی، دووکانە ناوبراوەکان کراونەتەوەو ناوەکانیان نووسراوە. لە تەنیشت دالانی دەروازە، کە گومەزێکی نەخشین خراوەتە سەری و لە ناوەندەکەیدا بانە پەنجەرەیەك ڕۆشنی دەکاتەوە، حەوشۆکەیەك هەیە، لەو حەوشەوە پلیکانە دەچێتە نهۆمی سەرەوە. نهۆمی سەرەوەش خاوەنی ڕێزە ژوورێکە (وێنە ٥٠). لە باڵی ڕۆژئاوای خاوەنی ڕێزێك ژووری ترە، کە لە دالانێکەوە لەلای جادەوە دەرگایان بۆ کراوەتەوە. لەسەر دەروازە سەرخانێك کە هەندێك بەرەو جادە دەرپەڕیوە، کراوەتە شوێنی

سەرۆکی خان. ژوورەکانی سەرەوە بە هۆی ڕاڕەوێکی شێوە بالکۆنی بە یەکەوە پەیوەنددارن، ئەو ڕاڕەوەش لەسەر ڕێزە ڕاگرێکی لە کەرپوچ چنراوی ستاکلایدی بۆ پێشەوە دەرپەڕیو، ڕۆنراوە (تەختە VII). گومەزەکەی سەر هۆڵی ناوەوەش (وێنە ٥١ و تەختە VII)، پێکهاتووە لە هەشت کەوانە پردی بەرزی گۆشەتیژ، کە بنمیچەکەیان دابەشی حەوت بەشی (خانە) چوارگۆشەیی باریك کردووە. هەریەك لەو بەشانەش لەلای دیوارەوە نیشتوونەتە سەر پەنجەرەیەکی بەرز کە سەردەرەکەیان گومەزێکی تونێلی کەوانە تیژە لە ناوەڕاستەکانیاندا گومەزێکی تری تونێلی گۆشەتیژ بۆ دەرەوە (بە شێوازی بازیلیکی)[٣٥] دەرپەڕیون. کۆتایی ئەو گومەزە تونێلیانەش وەکو پەنجەرە بە کراوەیی هێشتراونەتەوە. ناوەڕاستی ئەوانەش بە هۆی هەشت گۆشەیی چەماوەو شێوە ڕەحەتی کە بانە پەنجەرەیەکی هەیە دەمامك دراوە. بەشە بەرینەکەی ناوەڕاست لە گۆمەزی هۆڵەکەدا، بە هۆی گومەزێکی تونێلی چوارلایی لاکێشەیی بانپۆش کراوە. دیواری ڕۆژئاوای سێ پەنجەرەی هەیە (وێنە ٥١)، لە کاتێکدا هی ڕۆژهەڵاتی (تەختە VII) لەلای سەرەوە کونێکی ڕایەلکراوی شێوە تۆڕی هەیە. بە هۆی ئەو هەموو ڕیزە پەنجەرە لەسەریەکانە، هۆڵەکە بەش بە پێویست بۆ ژیانی بازرگانی ناوەوەی ڕوناکی وەردەگرێت. ژوورەکانیش کە تەنها دەرگایان لەناو هۆڵەکەدا بۆ کراوەتەوە، تا ڕادەیەك تاریکن، بەڵام چونکە هەر بۆ کەلوپەل لێدانان بەکاردێن زۆر ڕەچاو نەکراون.




وێنەی ٥٠ نەهۆمی سەرەوەی خانی ئۆرتمە لە بەغدا

(O. Reuther وێنەی کێشاوە)

ئەگەر لە خانی (ئەسەدپاشا)ی شام جگە لەوەی بە هۆی هونەری ئارشیتێکتۆری کە تێیدا خەرجکراوە، وە بە هۆی دوو ڕەنگیی بەردی دیوارەکانیشی، کاریگەرە ژوورییەکان هاتوونەتە ئارا، ئەوا لە خانی ئۆرتمەی بەغدادا پردە کەوانییەکان، بنمیچە نێوانەییەکان، هاویەکی دابەشبوونی بەشە بیناکان و بە تایبەت دابەشبوونی دیواری ئەم سەرو ئەو سەری هۆڵەکە (شەپکەکان)، هەوڵێکی ئازایانە بووە بۆ هێنانە ئارای کارێکی سەرنجڕاکێش. ئەو ئارشیتێکتۆریەش بە تایبەت بە هۆی پێکهاتە سەرنجکێشە لە کەرپوچ دروستکراوو سواقنەدراوەکانی، وەکو ڕاگری کەوانەکان، پەنجەرەکان و سەردەری دەرگاکان، میچە چەماوەکان، سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

شوێن بۆ پشتیر لە خانی ئۆرتمە وەك لە ئەسەدپاشا کەمە. بەڵام هۆی ئەمەش ڕۆشن کراوەتەوە، چونکە لە نووسینەکانیدا هاتووە: "لە سەرەتادا ئەمین مەرجان ئاغا فەرمانی دا کە ئەوە خانووی پۆست و دوکانانە.."

بەو جۆرە بینایانەش گوتراوە (جەم)، بە پێی بۆچوونی مارکۆپۆلۆ تەنها لە لایەن پۆستەکانی قەیسەریی بەکارهاتوون و، شوێنی پشتیریان نەبووە.



وێنە ٥١: پانە بڕگەیەکی خانی ئۆرتمە لە لایەن ڕۆئیتە وێنەکێشراوە

## ج-میسر و هیندستان

کاروانسـەراکانی میسر هـەمان پێکهاتـەی ئەوانـەی سـوریاو میزۆپۆتامیایـان هەیــە. لێرەشـدا حەوشـەی گـەورە گـەورە بـە ڕیـزە ژوور نـهۆمێك یـان پـتر دەورەدراون. خـانی کەلوپەلفرۆشتن لە شارە گەورەکان لە هەموو لایێکدا بە جادە دەوردراون و لە ناوەوەی حەوشەو لەلای جادەکاندا ڕیزە کۆگاو فرۆشگایان لێ کراوەتـەوە. نزیکە لـە هـەموویاندا لەناو حەوشەدا بیرو سەراوێك ڕۆنراوەو نهۆمی سەرەوەی کراوە بە جێنوێژ.

سەبارەت بە ئازادی ڕووەکانی ئەو کاروانسـەرایانە بـەلای جادەوەوە، وەکو ئەوانـەی قوستەنتینیە، توانراوە بە پێی پێویست بـە پەنجـەرە دەوڵەمـەند بکرێـن، ئـەوەش وای کردووە کە ژوورەکانیان زۆر لە هـی کاروانسـەراکانی سوریاو میزۆپۆتامیا ڕۆناکتر بـن. جوانترین و گەورەترین تـەرزی ئـەو خانـە لـە قاهیرە کـە نـاوی هـاتووە، خـانی (قـەیت بەگ)ە لە بابولنەسر کە کردوویە بە وەقف (پێشکەشی خـودای کـردووە.ع . د.) وە لـە ساڵی ١٤٦٨ دروستکراوە (تەختە VIII). ئەو ساختومانە خاوەنی چوار نهۆمی سـەرەوەیە یەکەم و سێهەمین نـهۆمی لەسـەر ڕاگری بـەرین ڕۆنـراون. کـە خراونەتـە سـەر دێـوارە هەڵگرو دابڕەکانی نهۆمی زەمینیی و هەندێك بۆ دەرەوە دەرپەڕیون. پەنجـەرەکانی بـە ڕایەڵی لـە دار دەوڵەمەندانـە ڕازاونەتـەوە. دەروازە گـەورە و بەرزەکـەی کـە تـا نــهۆمی دووەم چووە، بە هۆی کەوانەی سێپەڕەیی سەردەرە کراوە و کەمێك نەقشونیگاری تێـدا کراوە. ڕاگـری (بنکـە) نـهۆمی سـێهەمی، لەملاوئـەولای دەروازە زۆر بـەرز و بـە شـێوەی ستاکلاتیتیی پێکهێنراون.

ئەو تەرزە کاروانسەرایە گەیشتۆتە هیندسـتان و ئاسـیای نزیـك، ئـەو ڕاسـتیەش لـە سـەرای (نورمەحـەلی) گـەڕەکی (جـالۆندار دۆئـاب) (Jalondhar Doab) (وێنــە ٥٢)

دەردەکەویت. ئەو کۆشکە لە راستیدا وەکوو کاروانسەرا بیناکراوەو بە پیی نووسینیك لە دەستی راستی دەروازەکەی رۆژئاواشی وەکو کاروانسەرا ناوی هاتووە و نووسراوە: قەدەغەیە پارە لە موسافیران وەربگیریت، چونکە نەواب زەکەریا خان بەهادور، پاریزگاری گەرەك ئەمەی قەدەغە کردووە. ئەگەر فۆیدار (Fojdar)[٣٦] ی گەرەك ئەم پارانەی کۆکردەوە، دیارە ژنەکەی نەفرەت لیکراوە".

ئەو سەرایە بریتییە لە چوارگۆشەیەك کە دریژی هەر لاییکی ٥٥١ پییەو گۆشەکانی بە کەلووی هەشتگۆشەیی گیراون. دوو دەروازەی لە رۆژهەلات و رۆژئاوا هەیە. لەلای باکووری حەوشەکەی مزگەوتیکی هەیە، لە ناوەراستەکەشی بیرە ئاویکی قشتیلە هەیە، کە باوەردارەکان خۆیان بە ئاوەکەی دەشۆن. لە ناوەراستی بالی باشووری بیناییکی یەکنهۆمی هەیە، کە تایبەت بووە بە شوینی مالی دورستکەرەکەی. ژووری موسافیر و پیاوەکانی خان لە ژوورەکانی دەوری حەوشە بووە. لە هەر لاییکی ٣٢ ژوور هەیەو ژوورەکان پیکهاتوون لە کونج و لە دیواری پشتەوەیان دەرگاییك دەچیتە ناو ژووریکی داخراوی نزیکە چوارگۆشەیی. کونجی گۆشە لارەکانی حەوشەش دەرگایان لی دەبیتەوە بۆ ئەو دوو ژوورەی کە ژیبانە (دیاگۆنال) لەگەل یەکتر هەلکەوتوون و لە پشتیانەوە ناوەوەی و کەلووەکە دامەزراوە و لە هەر لاییکی ژووریکی تەنگ هەیە. ئەو بینایە لە سالی ١٠٢٨-١٠٣٠ لە لایەن زەکەریاخان پاریزگاری جالاندا، بە فەرمانی خاتوونە نورجانی هاوسەری جیهانگیر پادشا دروستکراوە.




**وینە ٥٢: سەرای نورمەحەل**

**لە (Archaeolog. Survey of India. Vo IXIV) وەرگیراوە**

# IV
# دەزگاکانی کـــاروانسەرا

## أ- مزگـــەوت

بۆ پێویستی ئـاینیی کـاروانچی و موسـافیران کـە زۆربـەی زۆریـان خـەڵکی موسـڵمان بوونە لەو وڵاتانە، نزیکە لە هەموو کاروانسەراکان شوێننوێژێك دروسـتکراوە. جگـە لـە خانە گەورە شارییەکان، ئەوانەی ڕاستەوخۆ مزگەوتێکیان لـە پـاڵدا بـووە، هـەندێ جـار ئـەوە بـە پێویسـت نـەزانراوە. سـادەترینی ئـەو جێنوێژانـە بریتـی بـوون لـە کونجـی میحرابێـك کـە وەکـو تاکـە دیوارێکـی وەسـتاو لەسـەر سـەکۆی حەوشـەی خانـەکان دامەزرێنراوە. میحرابی خانی (مەحاویل) (تەختە VIII) پێکهاتووە لە کونجێك کە بـە کەوانەیـەکی گۆشـەتیژ سـەری گـیراوە و نەخشـەی ئاسۆییشـی بریتییـە لـە نیـوە هەشتگۆشەیەك، کە چواردەوری بە هۆی دیواری کەرپوچیی بـە چوارگۆشـەیی گـیراوە و بە هێڵکاری جوانکراوە. ناوەوەی کونجی میحرابەکەو کووزە گومـەزە کەوانـە تیژەکـەش نەقشونیگاری تێداکـراوە. هـەمان شـێوە دەزگـا لـە خـانی مەحموودیـەو مەشـاهید و هەندێکی تر دەکەونە بەرچاو. وا پێ دەچێـت کـە ئـەو ڕووگـە وا ئـازاد دامەزراوانـە لـە کاتە نوێکان هاتبنە ئارا. لە کاروانسەراکانی کۆنتر ژوورێکـی تایبـەت بـۆ ئـەم مەبەسـتە تەرخانکراوە. بۆ نموونە لە خـانی (ناسـریە) (وێنـە ٧) ئـەم ژوورە دەکەوێتـە باشـووری دەروازە. بـە هـۆی پلیکانەیـەکی دوو پلـەیی دەچیتـە نـاو ئـەو ژوورە کـە درێژایـی سـێ کونجی داگیرکردووە. کـە بـە کورتـە دیوارێـك لـە پشـتیرەکەی تەنیشـتی دابڕێـنراوە. لـە

ناوەندی ئەو دیوارە، میحرابە بە کەرپوچی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەکەی بە ئازادی بەرزکراوەتەوە. لە خانی (بارور)ی (تەقتەق)، ژوورێکی تەواو تایبەت و جیاکەرەوە لە ڕۆژئاوای دالآنی دەروازە بۆ ئەم مەبەستە جیاکراوەتەوە، کە هەر لە دالآنەکەش دەرگای بۆ کراوەتەوە و لە دیواری باشووریشی ڕووگەیەکی شێوە نێوە بازنەیی بۆ دروستکراوە. لە خانی (چەرنینە)ی سەر ڕووباری دجلەش، کونجی میحرابێکی نەقشونیگاردار کە لەسەر سێ ستوونان دامەزراوەو بە کەوانەیەکی تیژی ئێرانیی سەری گیراوە، بە تایبەت لە ژوورێکی فراوانی لای باشووری دامەزرێنراوە، کە هیچ پەیوەندێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژوورەکانی تری کاروانسەراکە نیە (وێنە ٥٣).



وێنە ٥٣: مزگەوتەکەی ناوخانی چەرنینای سەر دجلە



وێنه ٥٤ کاروانسەرای زاگۆبان له ئورفه.
دیمەنێك له حەوشەوه که مزگەوتەکەشی دیاره

چۆن ژوورەکه لەلای پێشەوەی داخراو بووه، بە هۆی وێرانبوونی دیوارەکانی ناتوانرێت بزانرێت. کاروانسەرای (زاگۆبان)یش له شاری ئورفەدا (وێنه ٥٤)، له سەرەوەی دالانی دەروازه له نهۆمی سەرەوه خاوەنی مزگەوتێکی تەواو داخراوه، که به هۆی گومەزێك و منارەکەی تەنیشتی خۆپێشانی دەرەوه دەدات. له شوێنەکانی تر، بۆ نموونه له (کەفیل)ی باشوری شاری بابل خانێك ڕاستەوخۆ له تەنیشت مزگەوت دروستکراوه و ئیتر شوێنی نوێژ له خانەکه پێویست نەبووه. مزگەوتەکه بەشێکی باڵی خوارووی خانەکەی داگیرکردووه و له حەوشەی خانەکەش دەرگا بۆ مزگەوتەکه کراوەتەوه.

له کاروانسەرای سەلجووقەکان، له ئاسیای بچووك هەمیشه مزگەوت خانوییەکی سەربەخۆ بووه له ناوەڕاستی پێشحەوشەداو ڕازاوەترین بەشی کاروانسەرا بووه. له خانی (ئیسحاق)ی نزیك (چای) لەسەر ڕێگای ئەنادۆل، که له دەوروبەری ساڵی ١٢٢٠ له

لایەن (کەی کاوسی دووەم) دروستکراوە، هەروەك لە خانی (سولتان)یش، لە نهۆمی سەرەوە، بینایێکی چوارگۆشە لەسەر ڕووی خاچە گومەزێك ڕۆنراوە و ژووری نوێژکردنی تێدایە (وێنە ٥٥). لە ژێرەوەشی تەنها بیری ئاو و جێگای دەسنوێژشوشتنی لێ دامەزرێنراوە. ئەوەیان لە خانی (ئیپەك)ی شاری (بروسە) بە تەواوی وەکو خۆی ماوەتەوە[٣٧]. لەو خانەدا حەوزی ئاوەکە ژووری نێوان هەشت ستوونی بە تەواوی داگیرکردووە، سەری ستوونەکانیش بە هۆی کەوانەیەکی بازنەیی پێکەوە بەندکراون، لە ناوەندی حەوزەکەش ستوونێکی بڕگە بازنەیی بەرزبووەتەوە. پەیژەیەکی ئازادی لەدار دروستکراو دەچێتە ناو مزگەوتەکە. (زارا)[٣٨] باوەڕی وایە کە مزگەوتەکەی خانی سەلجوقەکانیش ئەو پەیژەیەی هەبووە، بەلام شوێنی نەماوەو ناناسرێتەوە. وێنەیەکی ئەوەی کە لە ئاسیای بچووکیش ژووری سادە بۆ جێنوێژ دروستکراوە، لە خانی (ئاك)ی (گوندیار) دەبینین، کە مزگەوتەکەی خراوەتە گۆشەیەکی حەوشەکەی.



وێنە ٥٥: خانی ئیسحاق. مزگەوتی حەوشەکەی

لە (Sarre, Reise in Kleinasien 1895. Tafel VIII) وەرگیراوە.

## ب- بیری ئاو

مسۆگەرکردنی ئاوی پێویست، بۆ هەر کاروانسەرایێك پرسێکی گرنگ بووە. بۆ کاروانسەرای سەر ڕێگاوبانی وڵاتەکان لەوانەیە گرنگترین پرس بووبێت. بۆیەشە بە گشتی لەو شوێنانە بیناکراون، کە جادەکان بە نزیکی سەرچاوەیەکی ئاو تێپەڕیون، یان بە پاڵ تۆڕی کەناڵی ئاوەکان، وەکو لە میزۆپۆتامیا بە هەموو لایێك داکێشراون و ناوچەکانیان ئاودار کردووە. تەواوی وەستگاکانی سەرجادەی بەغدا بەرەو شارەکانی کەربەلاو حلە دەکەونە، یان کەوتبوونە سەر ئەو کەناڵانە. ئەگەر بە هۆی فەرامۆشکاری ئاوی کەناڵێك وشك بووایەو چیتر ئاوی دجلەو فوراتی تێ نەڕژابایە، ئەوا کاروانسەراکەی رۆخیشی تووشی هەمان چارەنووس دەبووەوە، چونکە بە ناچاری کاروانچیان ریگای خۆیان دەگۆری و جادەکان بەرەو شوینیکی کەنالیکی تر دەگۆرا، کە هیشتان ئاوی تیدا هەبووە. بەو شیوە خانە کۆنە قەشەنگەکانی (ئەسەد) و (بئرالنیٚ) (بیری ناوەراست، چونکە وەستگای ناوەراستی جادەکە بووە بۆیە وای پیٚ گوتراوە)، ناسریە، کەنالەکانیان وشکبوون و تووشی ویرانی بوون و هاتوچۆکەران سوودیان لە بینا نویکانی خانی مەحاویل و حەسوە و مەحموودیە وەرگرتووە. ئەوەی دواییان بە هۆی گونجاوی شوینەکەی و دەولەمەندی کەنالە ئاوەکەی، لە لایەن دەولەتیشەوە پاریزگاری لی دەکرا، تەنانەت شوینەکەی پەرەی سەندو بوو بە ئاواییك. وازهینان لە هەندێ کۆنە کاروانسەراو گۆرانی ریگای کاروانچیەکان لە جادەکانی نیوان کەربەلاو نەجەفیش دەکەویتە بەرچاو. خانی (جیتان) نزیکە نیو کاتژمیر ریٚ دەکەویتە خوارووی جادەی سەر ئاوەکە.

لە جۆگە ئاوەکانەوە بە دەست، یان بە هۆی کەروتیری ئاو، ئاو دەگوازنەوە بۆ ناو کاروانسەراکان و ئاوەکە روودەکەنە ناو کوپە ئاوی گەورە. ئەو کوپە ئاوانە خراونەتە

ئەو ژوورانەی کە هەتاو لێیان ناداو سێبەرن، ئیتر بە هۆی هەڵمین لە مانگەکانی هاوینیش ئەو ئاوانە فێنك دەبنەوە. لەو شوێنانەش کە ئاوی جۆگەکان لە تەواوی مانگەکانی ساڵ ئاویان پێدا ناڕوات، ئەوا بیری ئاوی تایبەت وەك یەك لە حەوشەی کاروانسەراکان هەڵکەنراون. سادەترین شێوەی بیرەکانیش، چاڵە بیرە سەرواڵاکانن، کە گرگرەیەکی خراوەتە سەر و بە هۆی شۆڕکردنەوەی سەتڵ یان دەولك ئاوی لێ هەڵدەهێنجن. لە خانی (موسەللا)ی نەجەف لە هەریەك لە دوو حەوشەکەی بیرێك هەڵکەنراوە، کە بە هۆی پلیکانەیەکی داپۆشراوە دەچیتە سەر ئاوەکان بە گومەزێکیش سەری بیرەکان گیراون (وێنە ٥٦). لە لوتکەی گومەزەکەش، کلاوێکی تری گومەزی چوار پەنجەرەیی سادە بەزرکراوەتەوە بۆ هەواگۆڕی و ڕوناککردنەوەی ناوەوەی بیرەکە، پەنجەرەکانیش وا دامەزرێنراون کە هیچ تیشکێکی هەتاو ڕاستەوخۆ لە ئاوی بیرەکە نەدات.



وێنەی ٥٦: بیرە ئاوەکەی خانی مۆسەللای نەجەف

له خانی (پاسنگان)ی ئێران بیری ئاو خراوەته ژێر سەکۆی ناوەڕاستی حەوشە. لە ناوچەکانی باکوور، بە تایبەت لە ناوچە شاخاویە بەرداویەکان، کە لێدانی بیر کارێکی ئاسان نیە، خەڵك ئاوی باران لە ئاوباری تایبەت کۆدەکاتەوە بۆ مانگە کەمبارانەکان. بەم شێوە دەبینین لە خانی (بارور)ی (تەقتەق)ی شاخاوی، لە تەنیشت خانەکە ئاوبارێکی گەورە دامەزرێنراوە و دیوارەکانی لە بەردی کوتراوە و (نەقاڕی) بە نەقش و نیگار ڕازاوەتەوەو دەتوانێت بڕێکی زۆر ئاو هەڵبگرێ.

له کاروانسەرا شارییەکانیش باشترە کە ئاوی پێویست هەر لە ناوەخۆی دابین بکرێت، ئەوکاتە پێویست نیە گیانەوەرەکانی ناوی بۆ ئاودان ببرێنە شوێنێکی دوور. بەڵام لە خانی (ماردین) کە ڕاستەوخۆ لە دامێنی شاخێك لەسەر تاشە بەردان ڕۆنراوە، ئاوی ڕاستەوخۆی تێدا دەستناکەوێت، ناچار بە هۆی وڵاخی بار ئاو لە دۆلەکەی ژێریەوە دەهێنن، کە ئەوەش زۆر گران دەوەستێ. زۆربەی ماڵەکان بیر یان حەوزی ئاویان هەیە، تاقە خانێك هەیە لە شارەکە بە ئانقەست لەسەر کانیاوێك دامەزرێنراوە، تا هەر نەبێت مێوانەکان بتوانن ئاوێکی سازگار بخۆنەوە. پێشی کانیاوەکە بە دیوارێکی کەوانەیی تیژ گیراوە و ئاوی کانیەکە بەردەوام دەڕژێتە ناو چەند کوپە ئاوێك و کۆدەبێتەوە.

لە خانی (گومروگ)ی ئورفە (تەختە IX) و خانی شا (سولتان حوسێن)ی ئەسفەهان تەواوی پێویستیەکان تێیاندا بە شێوەیەکی سروشتی دابین کراوە. بەناو هەریەکێکیان لەوانە جۆگە ئاوێکی دەوڵەمەند گوزەر دەکات. کە بەشێکیان بە گومەزێکی تونێلی کەوانە تیژ و بەشێکیشیان بە کاشی حەوشە داپۆشراون. لەو شوێنانەشیان کە ئاوەڵان پلیکانەیان لە بەردی نەقاڕی بۆ خۆشکراوەو دەتوانرێت بە ئاسانی بگەیتە ئاوەکە. لە خانی گومرۆك جۆگاوەکە مەترێك بەرینەو بە دوو پلیکانە دەیگەیتێ. لە خانی شا سوڵتان حوسێن بە سێ پلیکانە دەگەیتە جۆگاوەکە کە ٦،٥ م بەرینە، ئەم جۆگەیان بە هەردوو حەوشی خانەکە گوزەر دەکات. لە حەوشەی یەکەمیندا باوەڕدارەکان دەسنوێژ و شوشتنکاری خۆیان جێبەجێ دەکەن، لە حەوشەی دووەمیندا کەر وڵاخی کاروانچییان ئاو دەدەرێن و تێدا خاوێندەکرێنەوە. بەڵام لە خانی گومروگدا ئەو فەرش و بەڕانەشی تێدا دەشۆرێتەوە، کە لەوێ دێنە بەرهەم.



**وينه ٥٧: بيرى ئاوى خانى ئەلوەزير لە حەلەب**

زۆربەی کاروانسەراکان پێویستیەکانی خۆیان بە هۆی بیری کەم یان زۆر قوڵی حەوشەکانیان دابین دەکەن. ئەو بیرانەش سەروالآیان داپۆشراون، لە لادێکانیش دامودەزگای پێویستی شۆڕکردنەوەی دەولکیان لەسەر دروستکراوە (تەختە IX). بەڵام ئەگەر هەر بۆیان کرابێت، ئەوا ئاویان لە کانیاوێك یان جۆگاوێکی نزیك بۆ ناو کاروانسەراکە ڕاکێشاوە، حەوزە بازنەییان هەشتگۆشەییەکانیان پێ پڕکردووە. لە شاری بە ئاو دەوڵەمەندی شام، لە ئورفەو دیاربەکر (ئامەد) وەکو هەموو ماڵێك لەهەر خانێك حەوزە ئاوێك هەیەو پێی دەڵێن (بەحر Baher). ئەوانەی شام سەروالآن چونکە دەکەونە ناو هۆڵەکانی ناوەڕاست. کەچی ئەوانەی حەلەب و دیاربەکر و شارەکانی تر بە ژووری سەرنجڕاکێش و قەشەنگ داپۆشراون (وێنەکانی ٥٧ و ٥٨).



وێنە ٥٨: خانی حەسەن پاشا لە دیاربەکر. دیمەنێك لە حەوشەکەیەوە کە بیرە ئاوەکەشی تێدا دیارە.

## ج-پشتیر و ژوورەکانی حەوانەوە

کەلوپەلی ناو ژوورەکانی کاروانسەرا، تا خەیاڵ کەیت سادەن، مۆبیلاتی وەکو تەختی خەو، کورسی یان مێز لە هیچ شوێنێك ناکەوێتە بەرچاو. هەر ئەو شتانەیان تێدا هەن کە ڕۆژهەلاتییەکان بۆ خۆراك و چێشتلێنان و پشوودان پێویستیان پێ هەیە. بۆ پیاوماقووڵەکان چەند ڕایەخ و سەرینێك دەخرێنە ژوورێکی زەوی ڕووت بۆ شەونخوونی. بەلام موسافیرە هەژارەکان پاڵتۆکانیان لە خۆیان دەئالێنن و لێی دەخەون. ژەمەکانیشیان بریتین لە نان و میوەیەك. ئەگەر هیچ قاوەخانەیەکیش لەو نزیکانە نەبێت، ئەوا لای هەموو خانچییەك قاوە هەر دەستدەکەوێت. پیاوی دەوڵەمەندیش خواردنێکی گەرم بۆ خۆی لێ دەنێت، یان لە ئاواییە نزیکەکان بە پارە پەیدای دەکات. بۆیەشە لە هەر کاروانسەرایێك ژوورێکیش بۆ چێشتلێنان تەرخانکراوە. بۆ قاوەلێنانیش لە زۆربەی کاروانسەرای نێوان شارەکان لە ژووری پاسەوانان، یان لە تەنیشت ڕاڕەوی دەروازە ئاگردانێك لە خشتی سوورەوە کراو چێکراوە و بەردەوام بە سەرگینی وشککراوە، یان تەپالە ڕیخ ئاگری تێدا جۆش دەدرێت و نزیکە هەمووده‌م جەزووی قاوەی لەسەرە. زۆربەی ئەو ئاگردانانە شێوەی نیوەبازنێکیان هەیەو بە کەوانەیەکی تیژ سەرگیراونو لە گۆشەیەکدا سازکراون. خانەکەی مەحموودیە وێنەیەکی باشی ئەو ئاگردانانەی تێدایە (تەختە IX).

کونجە والاکان، یان ژوورە داخراوەکان زۆربەی جاران تەنها دیوارێکی سواقدراوی رووتیان هەیە. عەردی کونجەکان وەکو عەردی سەکۆی حەوشە نزیکەی مەترێك لە زەوی ئاسایی بەرزترەو وەکو دیوارەکان خشتڕێژ کراوە و هەندێ جار دیوارەکان بە گەچ مالدراون. بە هۆی پلەیەك یان دوو پلە سەردەکەویتە ناو کونجەکان، ئەو پلانە لە پێش کونجەکان دروستکراون، یان تیکهەلکیشی زەوی کونجەکە کراون. لە هەموو

ژوورەکان دوو ریز دەلاقەی[٣٩] سادەش لەسەر یەکتر سازکراون، کە میوانان کەلوپەلی خۆیانی لی دادەنین (وینە ٥٩ و ٦٠). لە کاروانسەرای ناوچە باکوورییەکان ژوورەکان کونجیکی نیوە بازنەییشیان تیدایە، کە دووکەلکیشی تیا چۆتە سەربان، بۆ ئەوەی کە لە کاتی پیویست ئاگری تیدا بکریتەوەو میوانان خۆ گەرمبکەنەوە. لە کاروانسەرا شارییەکانی ئاسیای بچووك، پیشەوەی ژوورەکان بە پەرژینیکی دارین داخراوە، کە زۆربەی وەختان موسافیران لەو پیشژووره لەسەر تەختەداری شیوە میزی بچووك ژەمەکانیان بە ئیسراحەت دەخۆن. هەروەها سەربانەکان تەختن و زۆربەی جاران پتر لە پەیژەیەکیان دامەزراوە. لەمانگەکانی هاوین بۆ نووستن بەکاردەهینرین.



وینە ٥٩: شیوەی کونجەکانی ژووری میوانان



وینە ٦٠: دیمەن و برگەی کاروانسەراییك. برگەکە کونجەکانی حەوانەوەو رارەوی پشتیری بریوە.

بۆ ئەوەی لە باو لە چاوی دەرەوە بپاریزرین ستارەیەکی بەرزیان بۆ دروستکراوە. بۆ ئاوی بارانیش سولاوکەی ئاو لەناو دیواری دەرەوە دروستکراوە و ئاوی سەربان دەباتە دەرەوە، یان لە لیواری سەربانەوە بەرەو حەوشە چیکراوە. لە شارەکان ئەو سولاوکانە زۆربەی وەخت لەبەرد دروستکراون، لە میزۆپۆتامیا لە خشتی سوورەوەکراو (وینە ٦١).

کونجی فرۆشگاکان کە کەوتوونەتە پال بەشی دەروازە هی ئەو کاروانسەرایانەی کە کەوتوونەتە سەر جادەی نیوان شارەکان، وەکو ژووری حەوانەوە دروستکراون. هی سەر ئەو جادانەی کە هاتووچۆی بازرگانی تیدا گەرمە، رووبەری ئەو ژوورانە بە هۆی سەکۆی لە داریان لە خشت دروستکراو فراوانتر کراون (وینە ١٥).



وینە (٦١) سولاکەی ئاوی باران لە خانی ناسرییە

ئەو سەكۆيانەی دەرەوەی دەروازە بە هۆی سايەوانيكی (سابات) سادە لە تيشكی رۆژ پاريزراون. كە شەو داديت كونجی فرۆشگاكان وەكو فرۆشگای ناو بازار بە هۆی تەختەيەكی دارين پيوەدەدرين. هەر ئەو تەختەدارەشە كە لە كاتی كردنەوەی دوكانەكان وەكو سەكۆ بەكارديت. دەزگاكانی ناوەوەی كاروانسەرا شارييەكانی ناو بازارەكانيش شتيك لەوانەی نيوان شارەكان باشتر نين (تەختە VII).

پيشتيرەكانيش وەكوو ژوورەكانی حەوانەوە بە سادەيی باربووكراون. ئەگەر بكريت ئەوا كەرو وڵاخەكان هەر لە نزيك خاوەنەكانيان شوينيان بۆ دەكريتەوە. بۆيەشە لە دەوروبەری سەكۆی حەوشەو پيش كونجەكانی حەوانەوە و رارەوی پشتيرەكان لەملاو ئە ولای پليكانەكان سنگی بچووك بچووكی دار، يان ئەلقەو زنجيری ئاسن داكوتراون و بۆ بەستنەوەی كەرو وڵاخەكان، كە هەموو لە كاتی وەستاندا سەريان دەكەويتە لای كونجی حەوانەوەو تورەكەی ئاليكيان بە رۆخی سەكۆكانيان بە ديواری كونجی حەوانەوە شۆركراونەتەوە، بەم شيوە هەم ئاژەڵەكان بە ئاسوودەيی لەوەری خۆيان دەكەن، هەم خاوەنەكانيان دەيانبينن و كاروانچيەكان لە دزينی خۆراكی ئاژەڵەكانيان لەلايەن كاروانچی ترەوە دلنيا دەبن. لە خانی (جيتان) لە رووی دەرەوەی ديواری پشتيرەكەی بەلای حەوشەوە، ئاخوری تايبەتی نيوە بازنەيی بە گومەتۆكە سەرگيراو دروستكراون، دوودانەش بۆ هەر كونجيكی حەوانەوەی ئەوبەرەكەی تر دروستكراون (وينە ٦٢). لە نيوانی هەر دوو ئاخوردا، داريكی بەستنەوەی جلەوی ئاژەڵەكان قايمكراوە. لە خانەكانی (سوس)يشدا لە ئاسيای بچووك، ديوارەكانی دەرەوەی بينا ميچچەماوەكانی ئاخور و ئەلقەو زنجير بۆ بەستنەوەی چوارپييان جيگيركراوە. هيچ خانيك وەكو خانی حەجاجان لە كەربەلا لە چاو ديوارەكانی ئاخوری وا گەورەی دروستنەكراوە (وينە ٦٣). ئاخورەكانی ئەو خانە ١,١٠ م دريژ و ٠,٤ م قوولن.



وينه ٦٢: ئاخور ولاخان له خانى جيتان




وينه ٦٣: ئاخورى ولاخان له خانيكى حەجاجان له كەربەلا

## د-ئاودەستخانە

ئاودەستخانەش بۆ كاروانسەرا شتیكی بێبایەخ نیە. ئەو دەزگایەش وەكوو لە هەموو لاییكی رۆژهەلاَت دەبینرێ، تا بلیی سادە و پیسوپلۆخ رادەگیرێ. بە شیوەیەك گەر بكریت كاروانچیان بۆ قەزای حاجەتی خۆیان رودەكەنە ئاقاری ئازادی دەوروبەر. لە كاروانسەرا كۆنەكان سەراو (ئەدەبخانە، یان كەنیفە) خراوەتە ناو خودی بینای كاروانسەرا، ئەویش لە ژووری بچووكتر لە كونجەكانی حەوانەوە (وینەو ٦٤ و ٦٥). زۆربەشی خراونەتە ئەو كونجە شیوە زاریانەی كە لە ئەنجامی گەیشتنەیەكی ریزی كونجەكانی تری كاروانسەرا لە گۆشەكان هاتوونەتە ئارا، وەكو لە خانی مەحموودیە دەیبینین. لە هەر شوینیك بیناكان كەلووی پاسەوانی گۆشەكانیان هەبیت، ئەوا ئاودەستیش لە ژیرەوەی دامەزراوە. هەروەك لە خانی جیتان و پاسنگان وایە.

لە سەدەی پیشوو دەزگای ئاودەست نەخراوەتە نیوانی ژوورەكانی حەوانەوە. لە كاروانسەرا نویكانیش ئاودەست نەخراوەتە ناو بیناكانیان، لە هەندیك لە كونەكانیان پاشتر ئاودەست لە ناوەوەی حەوشەكانیان دروستكراون. جا ئەوەتە خراوەتە پال سەكۆی حەوشە یان بە تەواوی بە ئازادی لە نیوان سەكۆ و ژوورەكانی حەوانەوە هەلكەوتوون. ریزی سیهەمی (تەختە X) (وینە ٦٤ و ٦٥) وینەیەكی ئەو شیوەیە پیشاندەدەن.

لە شارەكان بە شیوەیەكی ئاسایی ژووریكی گەورەی نهۆمی زەمینیی، كە بەرەو حەوشە بە تەواوی والایەو بە نیوانە دیواری بچووك بچووك دابەشكراوە، كراوەتە شوینی ئاودەست. لە خانی ماردین لە نهۆمی زەمینی و نهۆمی سەرەوە كرۆكی دینگە زەبەلاحەكانی گۆشەكانی باشووری كراوەتە تەوالیت. لە نیوانی هەموو ئەو دەزگا پیسوپلۆخانە، دەزگای ئاودەست لە خانی (گومروك)ی شاری ئورفە لە خاوینیدا شایانی

سەرنجە، هەروەك (بوكینگهام) لە سەردانەكەی لە ساڵی ١٨٢٨ سەرنجی داوەتێ، كە تا ئیستاكەش هەر ماوە. جۆگەلە ئاویك بە پشتی دەرچەیەكی كەوانەیی دادیت، بە شیوەیەك كە هەر كونجە ئاودەستیك بەردەوام ئاوی پیدادەروات. لەناو هەر كونجیكیش بە دەستی چەپی هەریەك لە جورنەكان بۆریەكی تری ئاویش جیادەبیتەوە، كە ماوەی پیسایی جورنەكان خاویندەكاتەوە. بە شیوەیەكی سروشتی ئەو ئاسان دروستكراوە، چونكە خانەكە خۆی لەسەر چۆمیك دروستكراوە، كە ئاوەكەی بە ناوەراستی حەوشەدا دەرواو ئەملاو ئەولای بە دیوار گیراوەو ئاوەكەی بە ئاسانی لقی بۆ ئاودەستەكان لێ كراوەتەوە. لە خانی شاسولتان حوسینیش دەزگاییكی لەو بابەتە هەیە. چونكە وەك لە پیشتر باسمان كرد چۆمە ئاویك بەهەر دوو حەوشەكەی ئەمیشدا شۆردەبیتەوە.



خانی مەشاهید　　　خانی جیتان　　　خانی بەنی سەعد

وینەی ٦٤: دامودەزگای ئاودەستخانە لە كاروانسەراكانی میزۆپۆتامیا




خانی ناسریە




خانی بیئرەنوس



خانی مەحموودیە






خانی ئەسەد

ئەوانەی دوایی نموونەی ئەو دەزگایانەن کە بە ئازادی لە حەوشە بنیاتنراون

وینە ٦٥: دامودەزگای ئاودەستخانە لە کاروانسەراکانی میزۆپۆتامیا

# دوا وشه

لـه تيكـراى ئـەو كاروانســەرايانەى كـە باسمــان ليوەكــردن، ســەرەراى هــەموو جياوازييــەكانى نيوانيــان، ليكچوونيكـى گشـتى پيشــان دەدەن و هــەموويان شــيوازە بيناييكى وەك بيناكانى ئاسياى نزيك دەخەنە بـەرچاوان و، ئـاواش هـەمويان دەچنـەوە سـەر شـيوازى قەلاّسـازى رۆمـى، كـە كـەلاّوەكانيان لـە هـەموو لاييـك لەسـەر جـادە رۆمييەكانى سوريا دەكەونە بەرچاوان، واتە بيرۆكەى حەوشيكى چوارگۆشـەيى فـراوان. لە راستيدا ژوورەكانى حەوانـەوە لـە دەزگـا رۆمييـەكان بـە تايبـەت بـۆ حەوانـەوەى هيزەكـانى سـوپا دروسـتكراون، بـەلاّم ورده ورده وەسـتا بيناسازەكان تـەرزى ئـەو دەزگـا سەربازييانەيان لەگەلّ تەرزى ئەو كاروانسەرايانەى كە لە ئارادا هەبوون گونجاندووە و، لە دەورى حەوشەيەك ژوورە داخراوەكانيان دامەزراندووە. لە لايەكى تريش بيناسـازى كاروانسەراكانيش كە چاويان بە حەسار و قەلاّ رۆمييەكان كەوتووە، ليـيان فـيربوون و ئەوەى بە باشيان زانيبێ گواستوويانەتەوەو لە دروستكردنى خانەكان بەكاريان هيناون. لەوانـە كـەلووەكانى گۆشـەو ناوەراسـتەكانى كاروانسـەرا، كـە بـۆ پاراسـتن و پاسـەوانى و بـەرگريكردن وەك توخميكى گرنگى پيكهاتـەى هـەندێ لـە كاروانســەراكان، لـە بينـا رۆمييەكان وەرگيراون.

نزيكـە بـە هــەمان ريگـاش ورده ورده تـا رادەى وردەكاريــەكانى پيكهاتــەى بينــاى كاروانسەراكان، هەروەها پاشـتر هـى مەدرەسـەكانى ئيسلاميشى گرتۆتـەوەو، هـەموو لـە سـيماى پـەرتكردنى ژوورەكـانى حەوانـەو حوجـرەى وانــەكان لــە دەورى حەوشــەيەكى نـاوەكى يـەكتر دەگرنـەوە. هـەروەها مزگەوتـەكانيش ئـەو سيمايەيان پاراســتووە. ئــەو شــيوازە ئــەوەمان پيشـاندەدات، كــە وەســتا بيناسـازەكانى رۆژهــەلاّتى، بــە تايبــەتى

عەرەبەستانی خۆشەویستییکی تایبەتیان لەگەڵ ئەو جۆرە حەوشە داخراوانە هەبووە، کە تییاندا ژیانیکی تایبەتی دیاریکراویان تیدا هەلسوراوەو بەرەو روی هەرای دەرەوەو چاوی هاتوچۆکەرانی سەرجادە داخراون، تا رادەی ئەوەی کە ئەو تەرزە بینایە ژیانی تایبەتی هاوولاتییانی گرتۆتەوە و خانووەکانی بەرەو دەرەوە داخراو دروستکراون و بە دەگمەن دیواری پەنجەرەیان بەرەو دەرەوە بۆ کراوەتەوەو، هەموو خۆیان لە دەوری حەوشەیەك یان پتر لەناو ژوورەکان لەبەر چاوان شاردۆتەوە.

# تەختەی وێنەکان

## ژمارە I



خانی ئەحمەد ئبن هاشم



گەشتی حەلەب لە ئەلعەسەل خانی (Freiherrn von Oppeneim) .



دەروازەی خانی ئەلعەسەل (هەمان چاوگ)

## تەختەی ژمارە II



دەروازەی خانی ژەنگارگەشتی (Freiherr von Oppenheim 1913)



خانی بارور لە تەقتەق (هەمان چاوگ)



خانی بارور لە تەقتەق (هەمان چاوگ)

## تەختەی ژمارە III



دەرواز



راڕەوی پشتێر

خانی ناسریە لەسەر جادەی بەغدا-حلە



دیمەنی حەوشەی خانی ئەسەد لە بەغدا



دەروازەی خانی بەنی سەعد لە بەغدا

# تەختەی ژمارە IV



خانی بیستوون لە ئێران (Fr.Sarre) وێنەی گرتووە



خانی ئۆبروك (Sarre:Reise in Klein-Asien,Berlin 1898, Dietrich Reimer)



خانەکەی گوندیار (هەمان چاوگ)

## تەختەی ژمارە V



خانی ئاسکی سەروژ(Serudj)



دیمەنی حەوشەی خانی ماردین



دیمەنی حەوشەیخانی حاجی قاسماغا لە موسل

## تەختەی ژمارە VI



دیمەنێك لە حەوشەوە بەرامبەر دەروازە لە خانی ئەلوەزیر لە حەلەب





دیمەنێك لە حەوشەوە كە هەیوانیشی تێدا دیارە لە خانی هۆپە لە حەلەب

## تەختەی ژمارە VII



خانی ئۆرتمەی بەغدا- شەپکەدیواری رۆژهەڵات و بنمیچە چەماوەکانی



دالآنی دەروازەی خانی حاجی قاسماغا لە موسل



خانی ئۆرتمەی بەغدا

## تەختەی ژمارە VIII



**وەکەلای (وەقف الله) قەیت لە قاهیرە**



میحرابەکەی خانی مەحاویل

## تەختەی ژمارە IX



بیری ئاو لە خانی بارود لە بەیروت



دیمەنێکی حەوشەی خانی گومروك لە ئورفە کە جۆگای ئاوەکەشی تێدا دیارە



قاوەخانەکەی خانی مەحموودیە

## تەختەی ژمارە X



خانی سابوون لە حەلەب



حەوشەو دەزگای ئاودەستخانە لە خانی حامات لە نەجەف

# زانیارییکی کەم لە بارەی چەند کاروانسەراییکی کوردستان

## خانەکانی ناو شاری هەولیر

لە کتیبی (هەولیر- لە یادی سەد سالەی دامەزراندنی شارەوانی هەولیردا- ١٨٨٥-١٩٨٥) سەرپەرشتی و ریکخستنی (تەحسین چیچۆ و شیرزاد قادر) کە لە ١٩٨٥ ئەمانەتی رۆشنبیری و لاوان یارمەتی لە چاپدانی داوە لە لاپەرە ١٤٦-١٤٧ ناوی چەند خانیکی هەولیر تۆمارکراوە، لیرە وەکو خۆی دەینووسینەوە:

خان بریتی بووە لە حەساریکی گەورە لە ناو شار (واتە بازار) بۆ وەستان و سانەوەی ولاخەکانی ریبواران و ئەوانەی کە لە گوندەکانا بەیانیان دەهاتن بۆ شار، جا "دار، رەژوو، بەفر، ماست، کەنگر، تولکە، پیفۆك، کاردی، کا، گەنم و جۆ، کاریتەو شەقرە"یان دەهینا -ولاخەکانیان لەم خانانەدا دەبەستایەوە و ئالیك و ئاویان دەرخوارد دەدان، خانەکان زۆربەیان دوو نهۆم بوون، گەر ریبوارەکان شەو لە هەولیر بمابانەوە لە نهۆمی سەرەوە دەخەوتن، ئەو خانانەی کە لە یادی تەمەندارەکان ماون، ئەمانەن:

١-خانی سپی: ئەم خانە شوینەکەی تەنیشت باتای ئیستا بووە، دیوارەکەی بە قوری سپی سواق درابوو، بۆیە (خانی سپی)یان پیّ دەوت، جگە لە ریبوارانی دەشتی هەولیر حوشترەوان بە بارە خویوە لەم خانەدا دادەبەزین بۆیە دەرگای قەنتەرەکەی زۆر بەزر بووە.

٢-خانی حەسەن بیبرام: ئەم خانە شوینەکەی جیگەی (فندمیرگەسۆر)ی ئیستا بوو، زۆر سەوزە و میوەی بە بارەوە لە لایەن خۆشناوەکان لی دەخراو لە گوندی (سوسێ)ی خۆشناوەتی لە هاوینان بەفریان لەناو باری کادا دەهینا بۆ ماستاوفرۆش و شەربەتفرۆشی شار بە تایبەتی.

٣-خانی عوسمان کەردز: ئەم خانە شوینەکەی پشت بانقی رافیدەینی سەرەکی بووە، بە تایبەتی رەژووفرۆشەکان لەوێ باریان دەخست.

٤-خانی سلیمان خدری گیچفرۆش: ئەم خانە شوینەکەی لە تەنیشت خانی عوسمان کەردز بووە، خەلکی ناوچەی کەندیناوە بە کەروبار گەچیان دەهینا بە تایبەتی بندیانەکان (بندیان عەشیرەتیکی دەشتی هەولیرە لە کەندیناوە بە تایبەتی لەم گوندانە ژیاون: خدرجە، ئازی کەند، لاوەر، دیمەکار.. و گوندەکانی تر، گوایە چەند بنەمالەیەکی دیان "گاور" بووینە، لە هەرمۆتەی کۆیە دابەزیوون و ئیسلام بووینە).

٥-خانی ئەحمەد: ئەم خانە شوینەکەی نزیك چیشتخانەی (تاجریان)ی ئیستا بووە، گەنم و جۆ و سەوزەی بەهارانی دەهاتێ.

٦-خانی قۆجە: ئەو خانە شوینەکەی بەرامبەر گۆرەپانی یانەی فەرمانبەرانی کۆنەو پیش دەرگاکەی بەرز بووە. ئەو خانانەی کە باسمان کردن، هەندیکیان خاوەنەکانیان بە کرییان دەدا، بەرامبەر بە کریی مانگانە، یاخود سالانە یان خاوەنەکانیان خۆیان بەریوەیان بردووە.

شارەوانی هەولیریش جاران خانیکی تایبەتی بەکرێ گرتبوو، (..) لە بەرامبەر بەنزینخانەی بازاری ئیستا، کە شارەوانیش لە بەرامبەر باخی شار بووە، نهۆمی خوارەوەی خانەکە تەرخان کرابوو بۆ راگرتنی گویدریژی خاوەنکەرەکانی شارەوانی. رەنگە وەك من بۆی دەچم، دەبی شوینی دووەم پیش شەری جیهانی یەکەم بووبێ و شوینی یەکەم لە بیستانەکان بووبێ.

لە خانەکان زۆر جار خمچی کاریان دەکرد بە تایبەتی جلی ئافرەتانیان لە خم دەنا، خمچیەکان جوولەکە بوون. هەروەها خانەکان چیشتخانەیان لەبەر دەرگەیان لە نزیکەوە هەبووە.

# خانەکانی ناو شاری سلیمانی

لە کتێبی (شاری سلیمانی- بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، نووسین و کۆکردنەوەی ئەکرەمی مەحموودی سالحی رەشە، کە لە لایەن وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن- دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە ساڵی ١٩٨٧ لە (دار الحریە) چاپکراوە. چەند خانێکی لە لاپەرە ١٥٠-١٥١ تێدا باسکراوە، لێرە وەکو خۆ دەینووسینەوە:

١-خانی غەفوور ئاغای حاجی ئەولای گەورە: بەناوبانگ بو بە خانی میوژەکە یان خورماکە. بەرامبەر گومرگە سووتاو، دوایی کەریمی فەرەجە فەنی کری و پێشی کرد بە دوکان و پشتی کرد بە گەراج. ئێستا بازاری شوانە.

٢-خانی حاجی سەعید ئاغا- ساعیاغا- و براکانی: بەرامبەر خانی غەفوور ئاغا. ئێستا بووە بە بازاری سەیوان.

٣-خانە سووتاو: خانی حاجی رەشیدی سەعیدی قادر ئاغاو حاجی ئیبراهیم ئاغا- شوێنی گەراجی شەعب.

٤-خانی غەفوور ئاغای حاجی ئەولای گەورە: تەنیشت خانی یەکەم (میوژەکە)، حاجی ئەحمەدی کەریم ئاغا کری و کردی بە بازاری مەحوی.

٥-خانی خوییەکە: تەنیشت گومرگە سووتاو، خاوەنی حاجی حەمەئاغای حاجی حسین ئاغا برای حاجی سەعیاغا لە دایکەوە.

٦-خانی ئاغا فتح الله، لەم دواییەدا تۆفیقە فەنی کوری روخاندی و تازەی کردەوە و بە بازاری تۆفیقە فەنیی ئاغا فتح الله.

٧-خانی غەفوور ئاغا: ئیستاکە خانی تازە بە تەنیشت قەیسەری نەقیبەوە، ئیستاکە خاوەنەکانی کاکە حەمەی ئەمینی عەتار و حاجی عەلی و حاجی ئەولای فەتاحی حاجی ئەولای حەمە کەرکووکی برای حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکلی زادە بووە. (میجەرسۆن) لەم خانەدا حوجرەیەکی گرتبوو بە کرێ تیایدا دەژیا.

٨-خانی عەجەم: خاوەنی حاجی سەعیاغاو براکانی بوون، ئەم خانە کەوتبووە سەروو خانی غەفوور ئاغا تا نزیك کۆپان درووەکان لە پشتەوە شەقامی کاوە تەنیشت مالی مارف بەگ، باوکی فایەق بەگ تا نزیك ئەسحابە سپی.. وڵاخ بە بارەوە دەهات لە دەرەوە لەم خانەدا گومرك دەکرا. زەمانی عوسمانلی پییان دەووت: گومرگی ریژی- زەمانی (میجەرسۆن) بە میوانخانەی میجەرسۆن، پشدەرییەکان و جافەکان لەویدا دادەبەزین، لەسەر حیسابی ئەو خزمەت دەکران..

## باسی هەندیك كاروانسەرای تر

هەروەها لە كتیبی (كورد لە میژووی دراوسیكانیدا- سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی- وەرگیرانی سەعید ناكام) ناوی هەندیك كاروانسەرای كوردستان بەم جۆرەی خوارەوە هاتووە:

١-لە لاپەرە ١٥ لە بارەی كاروانسەراكانی شاری مەلاتیە: لە هەمووان رازاوەتر خانی سیلاحدار مستەفا پاشایە، كە لە برواپیكراوەكانی سولتان مرادخان بووە، ئەم كاروانسەرایە سەد و حەفتا ژووری تیدایە كە سەرەكانیان بە گومبەز هاتۆتەوە. هەروەها دەروازەی ئاسنی تیخراوە و سالی دروستكردنی لەسەر دەروازەكە نووسراوە.

٢-لە لاپەرە ٤٨ لە بارەی كاروانسەراكانی دیاربەكر:

-كاروانسەرای بازاری ئەسپ: گومبەزەكانی بە مزی خۆلەمیشی رەنگ داپۆشراون و سەگوان و ساریجەی پاشای تیدایە، لە خۆیان بەولاوە هەر كەس ریی تیی بكەویّ سەگوانەكان وەكوو سەگ پری دەدەنێ و لەتوكوتی دەكەن و ساریجەكان وەك زەرگەتە پیوەی دەدەن.

-خانی حوسنی پاشا: دەلیی قەلآیەو نەمزانی كێ بنیاتی ناوە. لە نزیك دەروازەی ماردینیش خانی بازرگانان هەیە كە زۆر جوان و خۆشە. ژووری پیشەكارانیشی زۆرە.

٣-لە بارەی خانەكانی بتلیس لە لاپەرە ١١١: نۆ خانی هەیە: خانی مەتافان، خانی شا، خانی خاتۆنیە، خانی خسرەوپاشا، خانی شەرەفخان و خانی گەورە لە سەر پرد.

٤-لە بارەی خانەكانی شاری وان لە لاپەرە ٢١٦: خانی گومرگ، خانی ئەحەد پاشای كورد، خانی قەپان.

بە داخەوە لەو چاوگانەی كە لەبەردەستمدا بوون، تەنها ئەو كەمە زانیاریانەم دەستكەوت، دیارە ئەمەش سوودی خۆی هەیەو پیموایە ئەو وەرگیرانەی دەولەمەندتر كرد.

## هەندیك لە شیوەكانی كەوانە




١)كەوانەی پەرابلی

٢)كەوانەی نیوەبازنەیی

٣)كەوانەی خر

٤)كەوانەی نالی (بەناوی نالی سمی وڵاخ كراوە)

٥)كەوانەی سەبەتیی

٦)كەوانەی كراوە (یا كەوانەی ساجی نان وایە)

٧)كەوانەی تیژ (تیژكەوانە)

٨)كەوانەی تیژی داكشاو

٩)كەوانەی تیژی هەلكشاو

١٠)كەوانەی تیژی شاندار




١١)كەوانەی گەلایی

١٢)كەوانەی لۆچداری هەلكشاو

١٣)شانەكەوانەی داكشاو

١٤)شانەكەوانەی هەلكشاو

١٥)كەوانەی لۆچداری داكشاو

١٦)كەوانەی تاسەیی

١٧)كەوانەی تاجیی

١٨)كەوانەی ملەقازیی

# هەندیك لە شیوەكانی گومەز

١)گومەزی سادە ٢)گومەزی قوچەكی ٣)گومەزی تونیلی سادە ٤)گومەزی سێ تـیریژی ٥)گومەزی چوار تیریژی ٦)گومەزی ئەستیرەیی ٧)گومەزی تونیلی تـەویلدار ٨)گومـەزی تونیلی تەویلداری لوتكە قوت ٩)گومەزی خاچی.



# هەندیك لە بەشەكانی خانوو










بەشەکانی دەروازە



# پەراویزەکان

1-Sarre, Reise in Kleim asin 1895.

٢-پیوەرپەت: شريط القياس **Massband**

٣-شوش شاریکی کۆنینەیـە لـە خـوارووی ئـیران لـە هـەریمی خوزسـتان و لـە خـوارووی شاری دزفول، پایتەختی ئیلامیـەکان بـووەو لـە سـالی ٦٤٠ی بـەر لـە زایـن ئاشـورپانیپال ویرانی کردووە، لە سەردەمی داریوشی یەکەم پایتەختی ئەخمینیەکان بوە. ع. د.

٤-شاریکی کۆنینەی ئاسیای ناوەراستەو پایتەختی ولاتی کۆنی لیدیا بووە. لە سالی ٥٤٧ بەر لە زاین فارسەکان داگیریان کرد، دوای پاتشای لیدیا ناوی (کریزوس) بووە. ع. د.

٥-شاریکی کۆنی گریکی بووە، تا هاتنی ئیسلام مەیدانیکی بازرگانی باش بووە. ع. د.

٦-کۆروشی پاشای فارسەکان (دەبیت کۆرشی دووەم بیت؟؟). ع. د.

٧-وشەیەکی یۆنانیە بە مانای میوانخانە. ع. د.

٨-من وای بۆ دەچم، کـە ئـەو وشـە پـەیوەندییکی دوورو نزیکی لەگـەڵ وشـەی "ژەم"ی کوردی هەیە، واتە ئەو بنکانە شوینی هەسارنەوە و ژەمەکانی خواردن بوونەو ریبواران ژەمەکانیان تیـدا خـواردووە، بـە تایبـەت ئەگـەر ئـەوەش بینینـە بـیری خۆمـان کـە دوو جەژنی کوردی لـەناو کاکـەیی و ئیزدییـەکان بـەو نـاوە هـەن، کـی نالـێ وشـەی جـەمعی عەرەبیش لە وشەی کوردی (ژەم) و (جەم) سەری هەلنەداوە، بۆ ئـەو مافـە بـە خۆمـان

نەدەین، ئەدی نەتەوەی کورد یەکێك نیە لە نەتەوە هەرە کۆنەکانی ناوچەکە، ئەدی کوردستانی ئێمە لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی نەبووە بە پێی کتێبە پیرۆزەکان. ع. د.

**9-Saare und Heryfeld: Archaeologische Reise im Euphrat- und Tigrisgebiet. Band II. 6. S. 187 ff.**

١٠-دیارە کە لەگەڵ وشەی "خان" و "خانوو"ی خۆمانە دەچنەوە سەر هەمان بنەگەی زمانی مرۆڤ. ع. د.

**١١-C. Gurlitt. Die Baukunst Konstantinopels. Berlin 1912 S 48.**

**١٢-Bruennow u. Domasyewski: Die Provincia Arabia, II S 87 ff.**

١٣-ئەگەر نەتەوەیەك بێ دەولەت بوو، هەموو سامانی کەلتووری دەکەویتە بەر مەترسی، لێرەش دەبینین جۆری ئەو هەیوانە کە بە تایبەت لە خانووی کلاسیکی کوردی وەکو ئێلیمینتێك هەزارەها ساڵە هەیە، بەڵام بە هەیوانی عارەبی بە ئێرانی ناودەبرێت و باسی کورد لە کولەکەی تەریشا بە خەیاڵ نایەت. ئەو ساڵانەی کە دوای هەرەسی شۆرشی ئەیلوولی کوردستانی باشوور، حکومەتی رەگەزپەرستی بەعس هەزارەها ماڵە کوردی بۆ خوارووی عیراق گواستەوە، لەوێ کوردەکان هەموو بوون بە وەستای خانووبەرە و زۆر کوێرە دێی خوارووویان بە مۆرکی خانووی کوردی ئاواکردەوە، لە سایەی جوامێری عەشیرەتە عەرەبەکان و لە سایەی دەستڕەنگینی کوردە ئاوارەکان لە خانوو بەرە دروستکردن، کە بۆ خەلکی ئەوێ شتێکی سەرنجراکیش بوو، ریز و خۆشەویستی‌یەکی زۆریان نیشان دەدرا. ئەو باسەم لە گەلێك لەو کوردانە بیستووە کە بۆ عەرەبستانی عیراق دوورخرابوونەوە. ع.د.

**14-ebenda S. 81 ff.**

**15-Oppert, Expedition scientifiqe en Mesopotamie 1851- 1854, vol. 1.**

١٦-زاراسینەکان: ناوی تیرە گەلێکی کۆنینەی سەرووی عەرەبستان بووە، پاشتر لە سەردەمەکانی ناوەراست ئەو وشەیە بە هەموو گەلە موسلمانەکانی رۆژهەڵاتی نزیك گوتراوە. ع. د.

١٧-لەوانەیە بەدرەددین لوئلوئ بێت؟. ع. د.

١٨-راسته یان هیلی وەرگەران، بریتیە لەو هیلەی کە هەموو خالی وەرگەرانی برگە کەوانەکانی میچە توونیلەکانی دەکەویتە سەر.

١٩-E. Diez. Churasnische Baudenkmaeler S. 22.

٢٠-هەمان چاوگ ل: ٨٥/ ٨٦.

٢١-ئاسیای بچووك: زاراوەییکی سیاسیە نیوەدورگەی نیوان دەریای ناوەراست و دەریای رەش دەگریتەوە. ع. د.

22-Sarre, a. a. O- Lanckoronski. Stadte Pamphyliens u. Peisiens.

٢٣-Sarre, a. a. O., S. 10,11.

٢٤-گۆرگۆن، جانەوەریکی میینیە لە ئەفسانەکانی یۆنانی، کە لە جیاتی پرچ سەری بە کۆمەلیك ماری لە یەك ئالاو داپۆشراوە. ع. د.

٢٥-جۆرە کەوانەییکە کە لاسایی شیوەی گیای سیپەرە کراوەتەوە. ع. د.

٢٦-لە گوندەکانی دەشتی هەولیر و هەندێ شوینی تری کوردستان هەموو سەربانی خانووەکان بە شیوەی زین دروست دەکران و پییان دەگوت (خانووی جزیری)، تەنها بەشیك بە سەربان تەخت و کەمیك لیژ بۆ خەوتنی هاوینان دروستدەکران، پییان دەگوت سەربانی شارستانی، ئایا لەبەرچی ئەو شیوە سەربانە بۆ شار نەگواستراوەتەوە، لە کاتیکدا ئەم مۆدیلە (جزیری) لە هەموو گوند و شارەکانی ئەوروپا تا ئەمرۆش پیادەدەکرێ و لە رووی ئارشیتیکتۆرییەوە دیمەنیکی جوانی هەیە. ع. د.

27-Texier et Pullan. L architecture byzantine. De Beylie, L habitation byzantie.

٢٨-هاوینی ١٩٩٤ کە بۆ دووەمین جار، جاری یەکەم لە ١٩٩٢ تەنهاو ئەو جارەش لە دوای چواردە سال ئاوارەیی لەگەڵ خیزان و منالەکانم سەفەری کوردستانی باشوورم کردەوە، ئەوکاتە بە داخەوە بە هۆی شەری ناوخۆی نیوان پارتی دیمۆکراتی کوردستان و یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان بارەکە زۆر ناخۆش و ناجیگیر و دلتەنگ بوو، خزم و منالەکانم کە سەفەری یەکەمینیان بوو بۆ کوردستان و ئەو بەهەشتەیان نەدیت کە من سالەهای سال لە ئەندیشەی ئەوان بنیاتم نابوو، وەکوو هەموو کوردیك زۆر خەمبار بووین، بە ناچاری دە رۆژ زووتر لە نەخشەی سەفەرەکەمان ئەویمان جیهیشت،

گەڕاینەوە کوردستانی باکوور و هەفتەیـەك لـە شـاری ئامـەد لـە جوانـترین میوانخانـەی شارەکە ماینەوە، کە ئەو میوانخانـەش کاروانسـەرای دەلالی دلگیر و کۆنینەیـەو کراوەتـە هوتیل، بیناکە نزیکە وەك خۆی ماوەتـەوە و کـەم دەسـکاری کـراوە، دانیشـتنی ئیـوارەی حەوشـە دلفرینەکـەی و دیمـەنی تـاق و دیـوارە جوانـەکانی میـوان حـەیران دەکـەن، لـە ناوەندی حەوشە نافورەیەکی ئـاو هـەبوو، ئیـواران شـووتییکی ئامـەدیان بـە شـیوەیەکی هونەری کلۆردەکرد و دەیانخستە سەر ئاوی نافورەکە، دیمەنیکی زۆر دلکیشی هەبوو، بە داخەوە ئیمە دلمان تەنگبوو، یەك بە هۆی بەجیهیشـتنی هـەولیر بـەو جـۆرەو دوو بـە هۆی دیمـەنی جموجلی جەندرمـەی تـورك و سـەربازەکانی لـەناو ئـەو شـارە پایتەختـە دیرینەی کوردستانی لەتلەتکراومان. ع.د.

[2]9-Pascal Coste, a. a. O., S 27.

[3]0-Saare, a. a. O., S 23.

٣١-لە ئەلمانیەکەش ناوی ئەو خانە هەر بە کوردی هاتووە، دیارە لە بنەرەتەوە ناوەکەی کوردی بووە.

32-H. Saladin, a.a. O., ABB 116.

٣٣-سینان (١٤٨٩-١٥٧٨) بەناوبانگترین ئەندازیاری بیناسازی تورك بوە و خاوەنی قوتابخانەیەکی بیناسازی (ئارشیتیکتۆری) تایبەت بووە. مزگەوتی سلیمانیەی ئەستەنبول و مزگەوتی سەلیمییەی ئەدەرنە لە بەرهەمی ئەون. ع. د.

34-Sarre u. Herzfeld, a. a., O., II ff Grundriss Abb, 218

٣٥-بازیلیك لە کۆنە وشەی لاتینـی (Basilica)وە هـاتووە، کـە هـەمان مانـای کادیـترال، هۆل، یان ساختومانیکی قەشـەنگو بـە زریقوبـاق دەدات. هـەروەها ئـەو وشـە لـە زمـانی گریکی لە شیوەی (basilke) جیی خـۆی گرتـووە، کـە بـە مانـای هـۆل یـان دیوەخـانی پاشایی دیت. لە زانستی هونـەردا ئـەو مانایانـە دەدات: کلیسـاکانی سـەرەتایی گاوریـەت، یان کلیسایی‌ك کە هۆلیکی بەرزی لە شیوەی بازیلکا هەبیت. ئەو شیوازە دەگەریتەوە بـۆ بیناکانی چاخی رۆمی – گۆتیك. ع. د. (لە ئینسکلۆپیدیای بارۆك).

٣٦-لەوانەیە مانای موختار بدات.

37-H. Wilde, a.a. O. mit Abb.

38-Saare, a.a. O,

39-دەلاقە لە پـال تاقچکە یەکیکـە لـە توخمـە گرنگـەکانی هونـەری ئارشـیتیکتۆری لـە خانویی کوردەواری، کە دیمەنیکی جوان و سەرنجکیش دەدەنـە ئارشـیتیکتۆری نـاوەوەی ژوورەکان و بۆ بەکارهینان و سوودلیوەرگرتنیش زۆر گونجـاو و پراکتیکن. بـە داخـەوە ئەو رووەش وەك بانی زینی (جەزیری) بـە هـۆی چاولیکـەری لـە خـانووی رۆژئـاوایی و هەروەها بە هۆی پەیدابوونی کانتۆرو هەرزالـەی جۆراوجۆر بـە تـەواوی بـەرەو نـەمان چوون. خۆزگـە خـاوەن خـانوو ئـەندازیارانی لای خۆمـان ئـەو ئیلیمینتانـەیان زینـدوو دەکردەوە.

# ناوی چاوگەکان

1. G. L. Bell: Amurath to Amurath. London 1911.
2. Général L. d. Beylié: L'habitation byzantine. Paris 1903.
3. Brünnow und von Domaszewski: Die Provincia arabia. II. Straßburg 1905.
4. J. S. Buckingham: Reisen in Mesopotamien. Berlin 1828.
5. Cicero: Briefe an Attikus.
6. Pascal Coste: Monuments modernes de la Perse. Paris 1867.
7. A. Cunningham: Report of a tour in the Punjab in 1878—1879. Archaeological Survey of India. Volume XIV. Calcutta 1882.
8. E. Diez. Churasanische Baudenkmäler I. Berlin 1918.
9. Expédition scientifique en Mésopotamie 1851—1854 par Fresnel, Thomas, Jules Oppert. Paris.
10. Franz Pascha: Die Baukunst des Islam. Handbuch der Architektur. Darmstadt 1886.
11. Cornelius Gurlitt: Die Baukunst Konstantinopels. Lieferung V. Berlin 1912.
12. Geschichten des Herodotos (übersetzt von Fr. Lange). Leipzig.
13. Karl Graf Lanckoronski: Städte Pamphyliens und Pisidiens. Wien 1890.
14. Die Reisen des Venezianers Marco Polo im 13. Jahrhundert. Hamburg.
15. O. Reuther: Das Wohnhaus in Bagdad und anderen Städten des Irak. Beiträge zur Bauwissenschaft, herausgegeben von C. Gurlitt, Heft 16, Berlin 1910.
16. H. Saladin: Manuel d'art musulman. I. L'architecture. Paris 1907.
17. F. Sarre: Reise in Klein-Asien, Sommer 1895. Berlin 1896.
18. F. Sarre und E. Herzfeld: Archäologische Reise im Euphrat- und Tigrisgebiet. Berlin 1911 und 1919.
19. Ch. Texier et P. Pullan: L'architecture byzantine. London 1864.
20. H. Thiersch: Pharos, Antike, Islam und Occident. Leipzig 1909.
21. H. Wilde: Brussa. Beiträge zur Bauwissenschaft, herausgegeben von C. Gurlitt, Heft 13, Berlin 1909.